# له دنیای دانتێ و دەوروبەری

و

# چەند باسێکی تری کلیسا و ئەدەبیاتی ئیتالی

نووسینی : شێرکۆ هەژار

٢٠١٨

# ناوەرۆک


لە دنیای دانتێ و دەوروبەری ..................... ١٢-٥

زۆرانێی نێوان کلیسا و پادشایانی ئەوروپا : حەملەکانی خاچپەرستان ٢٠-١٣

سان فرانسیسکۆ ..................... ٢٤-٢١

ئەدەبیاتی زمانی ئیتالی دێتە سەر شانۆ : سەدەی سێزدە - چاردە ٣٠-٢٥

" کۆمێدیا"ی دانتێ ..................... ٥٣-٣١

" دێکامێرۆن"ی بۆکاچۆ ..................... ٧٦-٥٤

{ پاشکۆیەک :"جێفری چۆسەر"ی ئینگلیس چۆن لاسای بۆکاچۆ دەکاتەوە ٦٩-٧٦}

" پێترارکا " ..................... ٧٩-٧٧

" دەزگیرانەکان"ی مانزۆنی ..................... ٩١-٨٠

لە دنیای وشە ..................... ٩٤-٩٢

" دانتێ"ی ئیتالیایی، ساڵی ١٢٦٥ لە شاری" فیرێنزێ"( فلۆرانس، فلۆرەنسا)ی ئیتالیا لەدایکبووە . نووسەر و شاعیر بووە و، ماوەیەکی کورتیش دە سیاسەت و شەڕی چەکدار گلاوە . بەتایبەتی بە کتێبی" کۆمیدیا"ی بەناوبانگ بووە، کە خەڵک دوایی لەخۆیانەوە " ئیلاهی"یەکیشیان وە ناوەکەی خستووە و کردوویانە بە کۆمێدیای ئیلاهی La Divina Commedia .

بۆچی ناوی کۆمێدیا ؟ چونکە لەسەردەمی دانتێ وابوو، شاعیر و نووسەرانی ئیتالیا، بە لاساکرد-نەوەی هەموو شتێکی یونان، یا "کۆمێدیا"یان دەنووسی یا " تراجیدیا". یەکەمەکەیان ئەوەبوو کە بە " خۆشی، شادی" کۆتایی‌بهاتایە، دووەمەکەش ئەوەبوو کە بە "ناخۆشی، کارەسات" کۆتایی‌بهاتایە . وشەی" کۆمێدیا" بە یونانی، دەبێت ریشەکەی لە " کۆومۆس"ـەوە هاتبێت، واتا : شادییەکی زۆری قەرەباڵغ، دەربڕینی شادمانییەکی بەدەنگە دەنگ( بە ئینگلیسی : revel)، کە ئەویش لە " کۆمێ" و " ئۆیدێ" وە هاتبێت، یەکەمیان واتا "گوند" و دووەمیان واتا " گۆرانی‌گوتن" . دەبێت گۆرانیبێژان بە دێهاتدا گەڕابن و بە گۆرانی خەڵکیان شادکردبێت و، ئەوە دوایی بە ئەو شێوەیە بە ئەو زاراوە-یەی کۆمێدیای ئەدەبیات گەیشتبێت .

ئەوجا مەگەر کۆمێدیای دانتێ وەهایە ؟ بەڵێ مەبەستەکەی وەهایە، دانتێ لافی ئەوەی لێ داوە کە مادام بە خەیاڵ بە جەهەننەم و ئەعرافدا تێدەپەڕێت و لە بەهەشت بە رووحی دڵبەری‌کۆچکردووی دەگات، بە دیداری یەکتر شاد دەبن، دڵبەر لە بەهەشت شاد و، ئەویش بە دیتنی دڵبەر شاد، کەواتە بە شادی کۆتایی دێت و کۆمێدیایە... جا تۆخوا ئەوەش بوو شادی ؟ ئاخر مردووت نەمرێت دانتێ، کیژ تۆی نەویست و، جاری دووەم کە دیتەوە گەورە ببوو و تۆ شێت و شەیدای بوویت، ئەو هەر ئامادە نەبوو سڵاویشت لێ بکات، ئێستا دەچیت رووحەکەی لە بەهەشت دەبینیتەوە و بەوە دەڵێیت شادی ؟ ... خۆش شادی، دە سا وەڵڵا من لام وایە ئەوە جگە لە کارەسات هیچی تر نیە، بەڵام ئیدی ئەوە نیفاقی ئەدەبیاتی کلیسایە کە بابایەکی وەکو من هیچی لە گەڵدا بۆ ناکرێت .

کاتێک دانتێ کۆچیدوایی کردووە (١٣٢١)، " بۆکاچۆ" تەمەنی هەشت ساڵ بووە، ٣٩ ساڵ دوای ئەوە (١٣٦٠)، بۆکاچۆ بەو کتێبەی گوتووە " کۆمێدیای ئیلاهی"، بەڵام ئیدی هەر بۆخۆی گوتووە چونکە کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە، یەکەم چاپی کتێبەکەش هەر بە ناوی خۆی" کۆمێدیا" بووە، تا چاپکارێکی ڤینیسی ساڵی١٥٥٥ بە ناوی" کۆمێدیای ئیلاهی"چاپی کردووە و، ئیتر وا ڕۆیشتووە .
هەر وەک ناوی "دانتێ" کورتکراوەی"دورانتێ"یە ( لە لاتین)، کە بە ئینگلیسی دەبێتە enduring واتا : دەوامی هەیە یا دەمێنێتەوە، ناوی کتێبەکەش هەر وەها دەوامی کرد و مایەوە .

بەڕاستی ئەو خەڵکە سەیرن، ئێ بۆچی گلەیی لە مامۆستا گیو بکەین کە لە خۆیەوە شتی دەگۆڕی، "هێمن"ی دەکرد بە کەسێک کەعارەبیی باش دەزانی و،"کە تو قیبلەی... لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان"ی نالیی دەکرد بە " لەسەر ماچێک دڵم مەشکێنە قوربان" ؟ ئەوەتا لە ئیتالیاش چاپی یەکەمی کتێبێک لە کتێبخانەدا هەیە کە ناوەکەی " کۆمێدیا" یە، بەڵام لە چاپێکی دووسەدو ئەوەندە ساڵی دوای مردنی خاوەنیدا، یەک" ئیلاهی"یان وێخستووە . تەبیعی ئەگەر من لە هەر کاتێکدا لەوەتای کۆچیدوایی "دانتێ"وە دەسەڵاتم هەبوایە، حەتمەن ئەو "ئیلاهی"یەم لێ لادەدا، ئیلاهیی چی و شتی چی ؟ بەڵام ئیدی خۆ من ئەگەر دەسەڵاتی گۆڕینی دنیام هەبوایە،دنیا حەتمەن لە ئێجگار زۆر شتی تریشدا ئێجگار زۆر جیاواز دەبوو ... وەسیەتی ناشتنی هەژاریشم بۆ بە جێدەهێنا و، " چێشتی مجێور"ەکەشیم بە ئەمانەت وەکو خۆی بۆ چاپدەکرد و، نەشمدەهێشت کەس پێی بڵێت" فەیلەسووف"، چونکە هەژار زۆر ڕقی لە فەلسەفە و فەیلەسووفان بوو و بە فەلسەفەی دەگوت " فڵتە فڵت"، پارە پەیدا کردن و لە برسان نەمردنی پێ کارێکی باش بوو نەک فڵتە فڵت ... " هێمن"یشم لەسەر وەسیەتی خۆی لە خانەقا دەناشت، لای"حەسەنی سیف‌القضات"و چەند لە سەربازان و جەنەراڵانی بێناوی تری ئەدەبیاتی کورد کە دەبێت لەو گۆڕستانەی کەشتیی نووح، لەو شوێنە بەرز و پیرۆزە نێژرابن . حەتمەن زۆر شتیتریشم دەکرد . ماڵتە ئەو خەڵکە چەندە بێوەفان، شاعیرێک دەمرێت، تەنانەت منەتیان بە وەسیەتی ناشتنەکەشی نیە ... ئەدی چۆنە شتێک وە ناوی دیوانی" تاریک و

روون"ـەکەی نـاخەن، بیکەن بە تاریک و روونی ... نـازانمچی . مادام هـەر کـەسـە بە کـەیـفی خۆیەتی، کەس منەتی بە قسەی شاعیرەکە خۆی نیە و، بە کەیفیعەقڵی خۆی دەکات، ئێ خۆ ناوی ئەو دیوانانەش بگۆڕن و ئـەهـ ...

دەبێت هێشـتا عەقڵیان بەوە نـەشـکابێت ؟

لە سەدەی پێشئەوەی لەدایکبوونی"دانتێ"دا، کێشەیەکی دەسەڵاتی نێوان پادشایان و کلیسا، بە ناوی کێشەی نێوان گوێلفییەکان و گیبەلینییەکان پەیدا ببوو و، تا سێ سەدەش دوای دانتێ هەر نەبڕابۆوە. ئەوە لە سەردەمی ژیانی "دانتێ"دا زۆر بە خەستی شاری فیرێنزێی" دانتێ"یشی گرتەوە کە چەند جار لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا دەستاودەستی کرد و، نەدەکرا مەگەر هەر " دانتێ"یشی تێوە بگلایە ( لە"کۆمێدیا"کەشیدا باسیاندەکات). گوێلفییەکان لەگەڵ پاپادا بوون و گیبەلینییەکان سەر بە ئیمپرا- تۆر بوون . دانتێ، بە حوکمی بنەماڵە و خزمانی، رەگەڵ گوێلفییەکان کەوت، تا لە دواییدا شارەکە بۆ ئەوان ساغبۆوە، بەڵام ئەوجا لە شار دووبەرەکییان تێکەوت: گوێلفیی بە ئاڵای سپی(کە سەربە- خۆییەکیپتریان دەویست)و گوێلفیی بە ئاڵای رەش(کە بەتەواوی خۆیان بە قسەیپاپاوە دەبەستەوە). دانتێ، بۆ بەدبەختیی، کەوتە لای جەماعەتی " ئاڵای سپی" و، پاپا دیارە جەماعەتی ئاڵای رەشی بە راست دانا و، ئەوانی تری بە لەعنەت کرد . دە فەرموو دەی، ئاخر دانتێ گیان بۆچی وات کرد ؟ " خزمی خوێڕی و ئاشنای ئەحمەق " تووشیان کردیت ؟ یا هەر خۆت بێ عەقڵ بوویت و ئاوا لە خۆت تێکدا ؟ ئیدی دانتێ بۆ خۆ رزگارکردن لە کوژران و کرانە خۆراکیئاگر، کە تازە ئیدی لەو کافرانە دانرا کە بسووتێنرایە چونکە بێ مەیلیی حەزرەتی پاپای کردبوو، رایکرد و، ئیتر ببڕای- ببڕای بەلای زێدیدا نـەچۆوە . هەرچەندە لەدواییدا پاپا بەخشی و، دەشیتوانی بچێتەوە شاری زێدی، بەڵام بە شەرتێک پەشیمانیی لەو کفرکردنەی بەقسەنـەکردنی پاپای پێشان بدایە و داوای لێبوردنی بکردایە، بـەڵام نـەیکرد، شـوێنەکەی نـاخۆش نـەبوو و، لەو شـوێنە معاشێکی مفتیشیان بۆ بڕیبۆوە

ئیدی بۆچی لە خۆی تێکبدات ؟ تا مەرگ و گۆڕیشی هەر دوور لە شاری زێدی، لەو شارەی " راڤێننا " بوو(رێگای ١٨٤ کیلۆمیتری سەرزەوی لە فیرێنزێ ی شارەکەی خۆیەوە دوور، ١٠٤ کیلۆمیتر بە فڕۆکە) .

دانتێ، ئێسک و پرووسکیشی بێ کێشە نەبوو، کەشەی فیرێنزێ دواتر پیلانێکیان بۆ دزینی ئەو ئێسک و پرووسکە دانا ( ئەمجارەیان بۆ ناشتنی بە ڕێزەوە لە شارەکەی خۆیان، نەک بڵێیت بۆ سووتاندنی)، بەڵام ئیستیخباراتی کەشەی راڤێننا پێیانزانی و چوون ئێسک و پرووسکیان دەرهێنا و شاردیانەوە! ئیدی کاتێک فیرێنزییەکان چوون دیتیان گۆڕ هیچی تێدا نەبوو و، دەست لە گونان درێژتر گەڕانەوە ... جارێکی تریش ئەو ئێسک و پرووسکە دەرهێنرا و شاردرایەوە، ئەویش لە شەڕی جیهانی دووەمدا بوو، تا ئەوەکا بەر بوردومان بکەوێت . ئێستا لە فیرێنزێ گۆڕێکی بەتاڵ! بۆ دانتێ هەیە و، ئەوەی لە ئێسک و پرووسکی ماوەتەوە دەبێت هەر لەو گۆڕەی راڤێننا بێت ... وا دەڵێن .

### *ئەگەر من ئاگر بوومایە، دنیام دەسووتاند*

دانتێ، کاتێک لە شەڕیکدا لە دژی" گیبەلینییەکان"، لە ئابڵۆقەی شوێنێکدا دەبن، وا ڕێکدەکەوێت کەسێکی تریش لە هاوسەنگەرەکانی شاعیرێک دەبێت : " چێکۆ( یا وەک خوێندنەوە ئیتالییەکەی : چێککۆ Cecco) ئانجۆلیێری". ئەو دوو شاعیرە بۆ جاری یەکەم لە ژیانیاندا بەوجۆرە لەوێ یەکتر دەبینن و، دەبن بە دۆست . بەڵام زۆری پێ ناچێت کە تێکدەچن و هەجوی یەکتر دەکەن . ئەوانە دوو تیپی ئێجگار زۆر جیاواز بوون: دانتێ بە عەقڵێکی وشکیکلیساوە، زۆر جیددی و بە دیسپلین و - محەمەد تەوفیق وردی گوتەنی - دوور لە " شەهوەتپەرستی"! و، چێکۆ تیپی دنیایەکی بە تەواوی پێچەوانەی ئەوە بووە . بەڵێ ئەویش وەکو دانتێ بەهۆی بنەماڵە و خزم و مزمی تەڕەماش

ده شەرەکە گلاوە، بەڵام لەوە عاقڵتر بووە کە یەک شەویش بۆ پاپا لە سەنگەردا بمێنێتەوە، پارمیە-
کی داوە بە کەسێک شەوەکە لە جێگای بێت و، ئەو خۆی چووە، چاک - چاکی خواردووەتەوە، بە
سەرخۆشی، تەواوی شەوەکەی لەگەڵ ژنێکی یەکێک لەو موجاهیدانەی دینی حەزرەتی مەسیح لە
ناو جێگای گەرم و نەرمدا بەسەربردووە .

ئەمە شیعرێکی ئەو چێکۆیەیە :　　Cecco Angiolieri (c.1260-1312)

**S'i' fosse foco, arderei 'l mondo**

S'i' fosse foco, arderei 'l mondo;
S'i' fosse vento, lo tempesteri;
S'i' fosse acqua, io l'anneghereí;
S'i' fosse Dio, mandareil in profondo.
S'i' fosse papa, sare' allor iocondo,
Che tutt'i cristiani imbrigherei*;
S'i' fosse emperator, sa' che farei?
A tutti mozzarei lo capo a tondo.
S'i' fosse morte, andarei da mio padre;
S'i' fosse vita, fuggirei da lui;
Similemente faria da mi' madre.
S'i' fosse Cecco com'i' sono e fui,
Torre le donne piu belle e leggiadre,
E vecchie e laide lascerei altrui.

چێکۆ(چێککۆ) ئانجۆلیێری ١٢٦٠-١٣١٢

ئەگەر من ئاگر بوومایە، دنیام دەسووتاند

ئەگەر من ئاگر بوومایە، دنیام دەسووتاند

ئەگەر من با بوومایە، بە باهۆز هەڵمدەتەکاند

ئەگەر من ئاو بوومایە، دەمخنکاند

ئەگەر من خودا بوومایە، بە ناخی زەویمدا رۆ دەبرد

ئەگەر من پاپا بوومایە، ئای کەیفم بەوە دەکرد

کە چۆن هەموو مەسیحییەکانم تووشی کێشە دەکرد*

ئەی ئەگەر من ئیمپراتۆر بوومایە، دەزانیت چیم دەکرد ؟

سەری هەموو خەڵکم بە ڕێوشوێنی هونەرمەندانە دەپەڕاند

ئەگەر من مەرگ بوومایە، دەچوومە لای بابم

ئەگەر ژیان بوومایە، تێمدەتەقاند و لێی دووردەکەوتمەوە

لەگەڵ دایکیشمدا هەر وام دەکرد

بەڵام ئەگەر من چێکۆ بوومایە، وەک کە بووم و هەم

ژنە جوان و جەوانەکانم بۆخۆم دەبردن

و ناحەز و پیرەکانیش بۆ خەڵکی دی لێدەگەڕام

*من ئەوەم هەمووی وشە بە وشە لێرەدا وەک خۆی وەرگێڕاوە، بەڵام هێندێک وەرگێڕانیم دیتوون کە هیچ کامیان وا بە حەرفییان وەرنەگێڕاوە، بە تایبەتی ئەو دێڕەی " ئەگەر من پاپا بوومایە... "، هەموو ئەوانەی دیتوومن وەرگێرانی ئازادیان کردووە : ئەگەر من پاپا بوومایە... دوا دڵۆپە خوێنی مەسیحییەکانم دەمژی، مەسیحییەکانم تاڵاندەکردن و شارەکانم بەسەر تەپڵیسەریاندا وێراندەکردن و ... لەوبابەتە . ئەگەر وەرگێڕانە کوردییەکەش وا ئازاد بوایە، دەکرا ئەو بەیتەی بەمجۆرە بوایە :
ئەگەر پاپا بوومایە، ئای چ کەیفێکم بەوە دەکرد
کە هەرچی مەسیحی بوو سەرم بخستایەتە ( یا دەخستە) قەبری بابییەوە .

ئەوە چیرۆکێکی هەژارم وەبیر دەهێنێتەوە :

کوڕێک (ئەو ناوەکەی دەگوت) دەیویست ژن بهێنێ . هەر کچێکی دەدیتەوە، بابی قەبووڵی‌نەدەکرد و دەیگوت :

- نا، رۆڵە، کچێکی مسوڵمان ... مسوڵمان بێنە .

- ئێ مسوڵمان مسوڵمانی چی بابە گیان ؟ مەگەر هەموو ئەو کچانەی دێ جوولەکەن ؟

- نا، رۆڵە گیان، کچێکی مسوڵمان مسوڵمان!

کوڕی فەقیر دیقی کردبوو بە دەست بابییەوە، رۆژێک کوتی :

- بابە گیان دیتوومەتەوە، کچێکم دیتوومەتەوە بە دڵی تۆیە .

- مسوڵمانە رۆڵە گیان ؟

- بەڵێ ئەرێ وەڵڵا ئەوەندە مسوڵمانە، لەو مسوڵمانتر لە دنیادا نیە، ئەگەر لەو مسوڵمانتر هەبوو قەبووڵی مەکە .

- ئافەرم رۆڵە، ئافەرم، دەی کێیە ؟

- خدری زیندە .

- ئەوە تۆ دەڵێی چی هەتیو ؟

- دەڵێم خدری زیندە، دەی، ئەویشت پێ مسوڵمان نیە ؟ دە بۆم بێنە و ببرێتەوە .

من سەرەتا کە ئەو شیعرەی چێکۆم خوێندەوە، گوتم تۆ بڵێیت چێکۆش بەو عەیباشییەوە، بە دەست دانتێی کلیسایی حەزرەتی مەسیح و عەزرا و عیشقی ئەو دنیا و شتانەوە وا وەزاڵە هاتبێت کە لە داخانا ئەو شیعرەی گوتبێت ؟ تۆ بڵێیت ؟ کە لێمکۆڵییەوە دیتم ئەوانە هەم لە ژیانی شەخسیدا زۆر جیاواز بوون و هەم لە دنیای شیعریشیاندا، دانتێ لە سەر ڕێبازێک بە ناوی dolce stil nuovo (شێوەی‌نوێی‌شیرین) بووە، کە ئەوسا باو بووە، لە رووی شکڵەوە زمانی‌سادەی خەڵکی بەکار هێناوە، بە شێوەیەک کە دێهاتیی نەخوێندەواریش باش تێی‌بگەن و زمانی خۆیانی تێدا ببیننەوە، بەڵام بە فکر

تا بڵێیت رووحی و  بە خراپ دانانی شەهوەتی لەش و، پێویستیی بیرکردنەوە لە قیامەت و بەهەشت و دیتنەوەی ئەڤین بە رووح و ... هەمان بەزمی" کۆمێدیا "کەی. "چێکۆ"ش لە سەر رێبازێکی تری شادی و پێکەنین، گاڵتەوگەپ و زۆر جنس کردن لەم دنیا  لە جیاتی رووح و مووح و نازانمچی، خواردنەوە و کەیف و بەزم و عەییاشی . ئێ ئەوانە چۆن دەگونجێن ؟ هەڵەکە لە رێکەوتەکەدا بووە، کە ئەو دوو تیپەی سەدوهەشتا دەرمجە پێچەوانەی یەکترە تووشی یەکتربوون و  پێیان وابووە مادام هەرتک شاعیرن  دەتوانن ببن بە دۆست .  کەواتە، دەبێت هزرەکەم لە جەوهەردا هەڵە نەبووبێت، بەڵام کێشەکە لە جەغزێکی بەرینتردا بووبێت :  هەموو چێکۆییەکان لە داخی هەموو دانتێییەکان ( دوو رێبازی ئەڤینی لەش و رووح - کە رووبەرووی یەکتربوونەتەوە) ئەو جۆرە شیعرەی بەرهەم هێنابێت .

## زۆرانێی نێوان کلیسا و پادشایانی ئەوروپا : -١٣-

## حەملەکانی خاچپەرستان

ئیمپراتۆریی رۆما، سەدەی٣(زاینی)، بەدەست قەیرانیسیاسی و شەڕ و شۆری ناوخۆوە پەرێشان بوو . قانوونێکی ساڵی ٢٨٦ دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی بە دوو بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دابەش کرد، بەڵام کێشەی دەسەڵات هەر چارە نەکرا و هەرکامە چاوی لەوەبوو هەمووی بۆخۆی بکات بە یەک .

سەدەی چوارەم، کاتێک ئیمپراتۆر تێۆدیۆسیوسی یەکەم، دوای ١٦ساڵ فەرمانڕەوایی، ساڵی ٣٩٥ کۆچی دواییکرد، ئیمپراتۆری لە نێوان دوو کوڕیدا دابەشکرا، یەکیان لە رۆما و ئەوەکەی تر لە بیزەنتە فەرمانڕەوا بن، کە ئیتر مێژوونووسان دواتر یەکێکیان ناونا ئیمپراتۆریی رۆمانیی رۆژئاوا (رۆما) و ئەوەکەی تریان ئیمپراتۆریی رۆمانیی رۆژهەڵات(بیزەنتە).

سەدەی پێنجەم، ساڵی ٤٧٦، بە کردار و بە رەسمیش دەوڵەتی یەکەمیان(رۆما) کۆتایی هات و ئیتر هەر بیزەنتە مایەوە .

بۆ ئاین، مەسیحییەت پێش تێۆدیۆسیوسیش قەدەغەیی لەسەر هەڵگیرابوو، بەڵام تێۆدیۆسیوس ئاینی مەسیحیی هەرکردبوو بە تاقە ئاینی رەسمیی دەوڵەت و،هەر ئاینێکی تری قەدەغەکردبوو. کەواتە، دەکرێت بڵێین ئیمپراتۆرییبیزەنتی، بەشی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییە کۆنەکەی رۆمای - بەڵام دیارە ئەمجارە بە ئاینی مەسیحییەوە- هێشتەوە؛ لەکاتێکدا کە بەشی رۆژئاواکەی، بە زۆر کیانی بە کێشە و هەرا مایەوە .

ئا لێرەدا بوو کە ئیسلام هات،هاتنێکی وەک بوومەلەرزەیەکیسیاسی بۆ سەرتاسەری دنیا. دەوڵەتی ئیسلامی، هەر تەنیا سێ ساڵ دوای کۆچیدوایی پێغەمبەری، " دیمەشق "ی گرت، ساڵێک دوای دیمەشق"ئانتاکیە"و، دوو ساڵ دوایئەوە(٦٣٨)"قودس"یشی لە مەسیحییان سەند. دەوڵەتی ئیسلامی بە زوویی لە سنووری چینەوە تا بە سقلیە - ی ئێستا بەشێکی ئیتالیا - و سپانیا و پۆرتوگال دەگات،

قەڵەمڕەویی دەوری ١٣ملیۆن کیلۆمیتری دووجای گرتەوە . لەشکری دەوڵەتی ئیسلامی چوونە قووڵایی فەرەنساشەوە، بەڵام لە شاری" توورToursٍ " شکان و گەڕانەوە و، ئیتر هێڵی سنووریان لە سپانیا قەبووڵ کرد .

لە بەرانبەر ئەو هاتنە پێشەوەیەی دەوڵەتی ئیسلامی و، شکست و پاشەکشەیەی بیزەنتەی مەسیحی و بێ سەروبەریی وەزعی سیاسیی کیانەکانی ئەوروپای رۆژئاوادا، دەوڵەتی فرانکی ( فەرەنگ، الفرنجه،الإفرنج) لە کۆتایی سەدەی هەشتدا وا هاتە سەر شانۆ وەک بڵێیت کە ئیمپراتۆریی‌رۆمانیی رۆژئاوا ژیایەوە : قەڵەمڕەوییەکی نێجگار زۆری رۆژئاوا، لە بیزەنتەی رۆژهەڵات گەورەتری لە ژێرئاڵایدا کۆکردەوە و، پاپا، ساڵی٨٠٠، شارلمانی‌فرانکیی بە ناوی" ئیمپراتۆری رۆمانیی پیرۆز" پیرۆز کرد . ناوی" ئیمپراتۆریی رۆمانی"( نەک ئیمپراتۆریی پیرۆزی مەسیحی)، بە سیفەتی نا-ئاینی، لە " دەوڵەتی ئیسلامی"ی جیاواز، پێشکەش‌دەکات . ئەوە زیندووکردنەوەی سیاسیی ئیمپرا-تۆرییەکی دنیایی دەگەیەنێت، بەڵام ناوی" پیرۆز" بۆ ئەو ئیمپراتۆرییە چیە ؟ ئەی ئیمپراتۆری و پادشاییانی تری دنیا ؟ نوێنەری حەزرەتی مەسیح ئەوانە پیرۆز ناکات ؟ خۆ بیزەنتە پێشتر هەبووە و مەسیحییەتیشی کردووە بە ئاینی رەسمی . ئەوە پردێکە بۆ پەڕینەوەی دەسەڵاتی رووحیی کلیسا لە رۆژئاوا بۆ ناو دەسەڵاتی سیاسیی قەیسەر، پاپا خۆی قەیسەر نیە (وەک کە خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی سوڵتانیشە) بەڵام پاپا دەیەوێت بەوە بڵێت کە لەمەودوا ئیتر بوونە" ئیمپراتۆری رۆمانیی رۆژئاوا" بە بێ رەزامەندیی من نابێت .

بەڵام بە هەر حاڵ، ئەوە زۆری نەخایاند، ئەوروپا دوای شارلمان گەڕایەوە سەر هەمان حاڵی پێش شارلمانی . ( ئەو شتەی بە ناوی " ئیمپراتۆریی رۆمانیی پیرۆز" تا سەردەمی ناپلیۆن هەر هەبوو، شتێکی سەیر بوو، ڤۆلتێر- زۆر لە جێی‌خۆیدا- دەیگوت : ئەو لەشەی پێیان‌گوتووە و ئێستاش پێی-دەڵێن ئیمپراتۆریی رۆمانیی پیرۆز، بە هیچ جۆرێک نە ئیمپراتۆری بوو، نە رۆمانی بوو و، نە

پیرۆز بوو"!*) .

ئـەگـەر لە دەوری ساڵی١٠٠٠ بنوڕین، دەبینین لاسـەنگییەکی زۆر لە هێزەکانی دنیادا بە قازانجی دنیایئیسلامی لە بەرانبەر بیزەنتە و ئەورووپای رۆژئاوای دوای شارلمانیش هەبوو . لە رۆژئاوا، هەر پادشایە بەلای خۆیدا رادەکێشا . کلیسـاش ئێجگار زۆر گـەندەڵ ببوو . زۆر لە پیاوانی ئاینی دەستیان لەگەڵ نەجیبزاداندا تێکەڵکردبوو و، کەس پاپای بە هیچ نەدەزانی، تەنانەت بە نوکتەی لە بابەتی ئەوانەی ئێستا لە باسی سەرکۆماری عیراقیدا دەبیسین گاڵتەی پێ دەکرا .

ساڵی ١٠٠٩، بە فەرمانی" الحاکم بأمرالله" ی میسر، زۆر بێ منەت بە مەسیحییانی دنیا، کلیسـای "القیامە"ی فەلەستینی زۆر پیرۆزی مەسیحییان تاڵان و وێرانکرا، کە تەنانەت ئەو فەرمانڕەوایە-ی میسر و دەوروبەرەکەی پێیاندەگوت کلیسای" القمامە"! (زبڵ) .

( مەسـیحی دەڵێن لەو شـوێنەی کە ئەوان ئەو کلیسـایەیان لەسەر دروستکردووە، مەسیح لە خاچ دراوە و نێژراوە و هەستاوە و چووەتە ئاسمان) .

سـاڵی ١٠٧٤، پـاپـا ویستی وەزعی کلیسـا بگۆڕێت . ئـەو ساڵە، کۆنگرەیەکی ئاینی (کۆنچیلیێ)ی ساز دا، فەرمانێکی پێ دەرکرد( کە تا رۆژی ئەمڕۆش هەر کاری پێ دەکرێت) : هەڵبژاردنی پاپا لەمەودوا هەر تـەنیا لەلایەن دەستەیەکی دیارکراوی کاردینالانەوە دەبێت و کەسی تر مافی ئـەوەی نـابێت قسەی تێدا بکات و، کلیسای کاتۆلیک( بە کردار : پاپا)، جگە لە خودا، هیچ دەسەڵاتێکی لە سەرووی خۆیەوە قەبووڵ نیە .

بەڵام مەگەر پادشایانی رۆژئاوا ئەو قسانەیان بە جیددی وەردەگرت ؟

" هێندریک-ی چوارەم"ی پادشای ئەڵمانیا(و بەوە ئیمپراتۆری رۆمانییپیرۆزیش)، هەر گاڵتەی بە

---

*Voltaire: ce corps qui s'appelait et qui s'appelle encore le saint empire romain n'était en aucune manière ni saint, ni romain, ni empire.

پاپا دەهات، تەنانەت لە نامەیەکدا لەجیاتی" پاپا گریگۆریوسی حەوتەم" بە ناوی یەکەمی" هیلدەر-براند"ی ناودەبات و، پێی‌دەڵێت : ئەو " رەبەنە قەڵبە"! . پاپا لە وەڵامدا، پادشای بە کافر راگەیاند و پاکانەی کلیسای مەسیحییەتی لێ کرد . ئەوانەی ژێردەسەڵاتی پادشا، زۆر کەوتنە ژێر تەئسیری ئەو راگەیاندنەی کلیسا و، لە پادشایان کەوتنە تەقە . پادشا ترسا و، دیتی کە چۆن تا ئەوسا میللەتی ژێردستی خۆی نەناسیبوو و، ئێستا دەبوو فریای خۆی بکەوێت . پادشا پەشیمانیی خۆی راگەیاند، بەڵام بێ فایدە بوو، ئیتر هەستا و بەرەو پاپا رۆیشت تا بە شەخسی داوای بەخشینی لێ بکات . پاپا لە نیازی راستەقینەی پادشا دڵنیا نەبوو و، بۆ ئیحتیات لە رۆما دەرچوو و چوو خۆی لە قەڵایەک لە باکووری ئیتالیا (کانوسسا) قایم کرد . پادشا، یەکەم مانگی ئەو ساڵە (١٠٧٧)، بە بەفری چیای "ئالپ"دا پەڕییەوە ئیتالیا و، بە ئەو چلەی زستانە، بە تاقە یەک سوخمەی‌چەرم بە نیوەی سەرووی قەدییەوە، سێ رۆژ لەبەر دەرگای قەڵای پاپا وەستا، تا دەرگای لێ کرایەوە و، رێگا درا بچێتە ژوورەوە . پادشا لە سەر چۆک لە پێش پاپا کەوت و بۆ بەخشین پاڕایەوە . پاپا بەخشی و لەگەڵ خۆیدا بۆ نوێژ بردییە میحرابەوە .

ئەوروپای‌رۆژئاوای بێ‌سەروبەر، ئەمجارە لە کێشەیەکی وێرانکەر خەڵەست و ئاو بە ئاگردا کرا، پاپا هەنگاوی زیرەکانەی نابوو، و " تا ئێستا " سەرکەوتوو بوو، بەڵام مەگەر ئەوە چارەی کێشە-کانی کلیسای لەگەڵ دنیای سیاسەتدا دەکرد ؟ یا پاپا پێویستی بە شەڕێکی ئاینی لەگەڵ ئیسلامدا هەبوو، تا ئەو پادشا و میرانە لە ژێر سێبەری خۆیدا کۆبکاتەوە و، بە فەتوای ئەو بچنە شەڕەوە، لەجیاتی ئەوەی وەکو هێندریک وا بخەڵەتێن رووقایم ببن و، جارێک بە شێوەیەکی تر بشکێتەوە ؟ گریگۆریوسی حەوتەم، پاپای ژمارە ١٥٧ی کلیسا بوو و، کاتێک یەکێک لە خۆشەویستان و هاو-بیرانی سێ ساڵێک دوای ئەو بوو بە پاپای ژمارە ١٥٩ : ئۆربانوسی دووەم، هاتوهاواری زۆری زۆر ساڵانی مەسیحییانی دنیا لە کلیسا دەگەیشتە ئاسمان : کێشە لە سپانیا، کاتێک میرانی مسوڵمان کێشەیان لەگەڵ مەسیحییانێکی سپانیا لێ پەیدا ببوو و خۆیان بۆیان چارنەکرابوو و، داوای یارمە-

تیيان لە دەوڵەتی تـایفەی " المرابطیە" ی بـاکووری ئـەفریقا کردبوو، " المرابطون" کە تـایفەیەکی مسوڵمانی زۆر سـەختگری بەربەر بوون، هاتبوون و بە بەدکرداریی زۆر وەربوون : کوشـتن و برین و کتێب سووتاندن و ... ، زۆر پیس کەوتبوونە چەوساندنەوەی مەسیحییان (مەسیحی دەبوو بۆ جیاکردنەوەیان سەروپێچی زەردیان بەسەرەوە بوایە...)، کەچی هیچ هێزێکیمەسیحی لە دنیادا بە هاواری هاودینانییەوە نـەچووبوو . لەلایەکی ترەوە سـەلجووقیی تـورکی مسـوڵمان تەنگەیان بە بیزەنتە هەڵچنیبوو و، تـەنانەت هەوڵی گرتنی پایتەختەکەشیان دابوو . مەسـیحییانێک دەیانپرسـی : بۆچی لە ئاست ئەو غەدرەی مسوڵماناندا کەس هیچی بۆ تابیعانی حەزرەتی مەسیح پێ ناکرێت ؟ ئیتر شانۆ تا دەهات بۆ پێویسـتیی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لە سەردەمی گریگۆریوسەوە لەبارتر دەبوو . یـەک رووداو بۆ تـەقینەوە و هـەنگاونان پێویست بوو، کە ئەویش لە مانگی مارتی سـاڵی ١٠٩٥دا هات : نـامەی ئیمپراتۆری بیزەنتە " ئالێکسیۆس کۆمنێنۆس-ی یەکەم" کە تێدا دەپاڕێتەوە فریای بکەون . کاتێک نامە گەیشت، پاپا لە کۆبوونەوەیەکدا بوو و، وەڵامیدایەوە کە ئەو هەمیشە مەسیحییان هاندەدات یارمەتیی ئیمپراتۆری بیزەنتە بدەن و ... لەو قسـە رووتانەی کە نـاچنە ناو گیرفانەوە . بـەڵام دواتر، بیری لێ کردەوە و، بیری لە رێبازی گریگۆریوسی نموونەی خۆشـەو-یستی کردەوە (هەر بە بیری خۆی یا دەستەیەکی کلیسا لەپشتەوە)کە ئەوە هەلێکە هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی هێز و پێز بدەنە دەسـەڵاتی سیاسیی کلیسا، بەتـایبەتی لە بـەرانبەر پادشایانیئـەوروپا و دوای ئەوە لە هەموو دنیاشدا .

پاپای خەڵکی فەرەنسا، لە سەردانێکی زێدیدا بە یـەکەم خوتبەی زۆر بە تەئسیری ٢٧ی نـوامبری ١٠٩٥ دەستی پێکرد :

خـەڵکینە، ئێوە دەزانن مسـوڵمانان چی بە هـاودینانتان، بە تـابیعانی حـەزرەتـی مەسـیح دەکـەن ؟ چ تـەوهینێک تـەنانەت بە کلیسـای قیامەت دەکەن ؟ چۆن منداڵی سـاوا دەکوژن ؟ چۆن خانمانی مەسیحی هەتک دەکەن ؟ چۆن ... و چۆن و چۆن ...، ئیدی وەک شـاڵاوی هەڵبژاردنی پەرلـەمان

و سەرانی ئەمڕۆ، بەڵام نە حەفتەیەک و نە مانگێک و نە دوو، پاپا ١٠ مانگی رەبەق، هەموو رۆژێکی ئەو ١٠ مانگەی ئاوا بە چالاکی بە فەرەنسادا سووڕایەوە و، لەگەڵ تابیعانیدا بە هەرچی توانای خوتبە و هونەری ئاخوند ئاسای کاهینانی کە هەیانبوو، جۆرەها شانۆگەریی وورووژێنەری عاتیفە و غیرەتیان بۆ کێشانی وێنەی وەحشیگەریی مسوڵمانان لە ئاست تابیعانی حەزرەتی مەسیح رێکدەخست ( کە کەشەی شانۆگەر پێشەکی دەخزێندرانە ناو خەڵکەکەوە ...) . پاپا هاواری لە خەڵک دەکرد کە " بچنە شوێنی کلیسای قیامەت و ئەو نەژادە دواکەوتووە لە زێدی هەڤاڵانمان وەدەرنێن . کێ بێت تۆڵەی ئەو قوربانی و سووکایەتییانە بکاتەوە ئەگەر ئێوە نەیکەنەوە ؟ " ... ئیدی دۆم بێ و کڵاش بۆخۆی بکا!، لە هەموو ئەوانەش گرنتر رایگەیاند کە : هەرکەسێک بچێتە جیهاد، خودا لە هەموو گوناهێکی دنیای دەبەخشێت و، کە مرد حەتمەن دەچێتە بەهەشت .

بۆ شانسی پاپا، کشتوکاڵی ئەو وەرزەی فەرەنسا زۆر خراپ بوو، برسێتی و تەنانەت پەتاش بڵاو ببۆوە، ئیدی خەڵک خواخوایان بوو دەرەتانێکی وەهایان دەست بکەوێت و بچن بۆخۆیان شار و دێهاتی مسوڵمانان تاڵان بکەن و دواییش بچنە بەهەشت .

بە زوویی لە شێستهەزار تا سەدهەزار کەس بۆ جیهاد دەچنە پێشەوە و، خاچێکی سوور لە سەر جلوبەرگیان بۆ دەدروون و دەیاننێرنە شەڕ : یەکەم حەملەی خاچپەرستان دەستی پێکرد : ١٠٩٦-١٠٩٩.

پاپا، بەوجۆرە، خۆی راستەوخۆ، رووی کردە جەماوەر و بۆخۆی بردنەوە و، لە نەتیجەدا ئەوە پادشایان و میران بوون کە دەبوو رەگەڵ ئەو جەماوەرەی پاپا بکەون و، لە کاروان دوانەکەون . " بە کردار" ئەوە پاپا - ی کە تا ئەوسا هەر رابەری رووحی ببوو- ئێستا هێزی چەکداری پێک- دەهێنا و دەینارده وڵاتان و، دەوری ئیمپراتورێکی دەدیت . ئەوە کەمتر لە بیست ساڵ دوای ئەو گاڵتەپێکردنەی کەسانی وەکو هێندریک بوو کە گاڵتەیان بەو " هیلدەبراند"ەی ئەوسا دەهات . ئێستا خوتبەی پاپا بوو کە بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسیی جیهان دە کاردا بوو، نەک قسەی پادشا،

ئەوە پاپا بوو بە هاواری جیهادی مەسیحیی، وەکو هاواری جیهادی ئیسلامی دەچووە سەرشانۆی سیاسەتی دنیا .

ئەو لەشکرکێشییەی مەسیحییانیش، وەکو شەپۆلانی تری وەحشیگەریی مرۆڤیدڕندە لەسەر رووی زەوی، بە وەحشیگەریی،هیچ لەوانە کەمتر نەبوو کە لە کتێبەکاندا لەبارەی موغۆل و تاتار و زۆر پادشایان و ئیمپراتورانی خوێنڕێژی دنیا دەیانخوێنینەوە، ئەگەر پتریش نەبووبێت : دوای گرتنی " ئانتاکیا"(دوای ئابلۆقەی هەشت مانگ، ئەویش بەهۆی خیانەتێکی ناوخۆوە : فیروزی پاسەوانی شووره بۆ تۆڵەکردنەوەیەکی لە " باغسیان"ی حاکم و فەرماندە، یارمەتیی خاچپەرستەکانی دا . ئانتاکیا ئەوسا چاردە ساڵ بوو کە سەلجووقیی مسوڵمان لە بیزەنتەی مەسیحییان سەندبۆوە، کە پێشتر مەسیحی ساڵی ٩٦٩ بۆخۆیان گرتبۆوە و بە مەرکەزێکی زۆر گرنگی مەسیحی دادەنرا، تەنانەت پێیاندەگوت " تیۆپۆلیس"، واتا شاری خودا)، دوای ئەوە لەشکری خاچپەرستان رووی کردە شاری " مەعەررە"، زێدی یەکێک لە گەورەترین رۆشنبیرانی مێژووی مرۆڤ : " أبوالعلاء المعری" کە ٤١ ساڵ پێش هاتنی ئەو دڕندانە کۆچی دوایی کردبوو و هەر لەو شوێنە، لە زێدی لەدایکبوونی نێژرابوو . خاچپەرست بەڵێنیان بە خەڵکی شار دا کە ئەگەر بە بێ شەڕ خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەوا یەک تاڵە موو لە سەری یەکێکیان زیانی پێ ناگات . شار تەسلیم بوو(١٢ی دیسامبری ١٠٩٨) و، خاچپەرستان چوونە شار و کەوتنە کوشتن و برین، دەوری هەشت هەزار کەسیان لە دە هەزار کەسی شار کوشت ( سەرچاوەی ئیسلامی باسی سەدهەزار کەس دەکەن) .

ئەگەر شادڕەوان " أبوالعلاء المعری" زیندوو و لەوێ بوایە، دەکرا بیانخواردایە، چونکە وەک کە فەرماندەی لەشکر Radulf von Caen لە راپۆرتێدا بۆ پاپای نووسیوە، تێدا باسی خواردنی مسوڵمانان دەکات و، دەڵێت : ماوەیەک بوو گۆشتمان نەخواردبوو، ئیتر - بە دەقی وشەکانی خۆی لەو راپۆرتەدا :

" لە مەعەررە، سەربازەکانمان ژن و پیاوانی کافرەکانیان لە مەنجەڵدا کوڵاندن و، منداڵانیشیان بە شیشەوە کردن و برژاندیانن" .

حەملەی پێنجەمی خاچپەرستان، ساڵێک دوای کۆچی دوایی" العادل"ی پادشای میسر ( برای سەلاحەدینی ئەیووبی)، لە سەردەمی پادشایی" الکامل"ی کوڕی" العادل"دا، گەیشتە " دمیاط" ی میسر و گرتی (١٢١٩)، بەڵام نەچووە سەر و زۆری پێنەچوو کە شکستی هێنا و، پەیمانی دەرچوون لە " دمیاط" و ئاگربەسێک بۆ هەشت ساڵ ئیمزا کرا (١٢٢١) . ئا لەو کەینوبەینەدا کە خاچپەرست لە دمیاط بوون و مسوڵمان ئابڵۆقەیان دابوون، مەسیحییەکی ئیتالی، زۆر لەو خاچپەرستە شەڕکەرە دڕندانە جیاواز، بە ناوی " فرانسیسکوس" لەگەڵ کەشەیەکی تری هەڤاڵیدا، بە پەیامی ئاشتی چوونە دمیاط و ویستیان " الکامل" ببینن ." الکامل" بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازیی لێ کردن و گوێی لێ گرتن .

فرانسیسکوس، بە قسەی سەرچاوەکانی کلیسا، هەوڵی داوە کە " الکامل" بکات بە مەسیحی، " الکامل" تەبیعی بەقسەی نەکردووە، بەڵام ئەوە نێوانی ئەوانەی هیچ تێکنەداوە و،" الکامل" پێی‌گوتوون کە ئەگەر بیانەوێت یارمەتییان دەدات بچنە زیارەتی قودس و، لە هەرچی لە رووی شەخسییەوە بتوانێت بۆیان بکات درێغی ناکات .

ئەگەر رۆژێک تۆماری تەواوی دیالۆگی نێوان هەرتک لا، " الکامل" و " فرانسیسکوس"مان بدیتایە، رەنگە شتێکی زۆر خۆش و جێی‌سەرنج بوایە . مەگەر ئەوانە بە ئەوەندە دیپلۆماسیەت و ئاگاداریی ئاینییەوە لە یەکتریان نەپرسیوە کە ئاخر بەڕاستی ئێمە بۆچی شەڕدەکەین ؟ ئاخر جیاوازیی دروشمەکانی ئاینی هەرتک لامان چیە ؟

فرانسیسکوس، لە تەمەنی ٤٤ یا ٤٥ ساڵیدا، ئۆکتۆبری١٢٢٦ کۆچی دوایی کرد، لە بەهاری ساڵی پێش ئەوەدا، شیعرێکی داناوە کە بووەتە یەکێک لە گرنگترین پارچە ئەدەبیاتی تەریقەتی فرانسیسکانیی کاتۆلیکی مەسیحییەت . شیعرەکە بە ناوی " سروودی ستایشی مەخلوقات"ـە و لە دوعا و نوێژدا بە ناوی " ستایشی برا هەتاو "یش ناسراوە، بەمجۆرە دەستپێدەکات :

## Il Cantico delle creature

Altissimu, omnipotente bon Signore,
Tue so le laude, la gloria e l'honore et onne benedictione.

Ad Te solo, Altissimo, se konfano,
et nullu homo ène dignu te mentouare.

Laudato sie, mi Signore cum tucte le Tue creature,
spetialmente messor lo frate Sole,
lo qual è iorno, et allumini noi per lui.
(..)

**سروودیستایشی مەخلووقات**

تەعالا، خاوەنی هەموو قودرەت، گەورەی چاک

بۆ تۆیە ستایش و شانازی و رێز و هەموو بەرەکەت

تەنیا بە تۆ لایقە تەعالا، و هیچ مرۆڤێک شایانی ئەوە نیە ناوت بهێنێت

هەر ستایشکراو بیت گەورەم، لەگەڵ هەموو مەخلووقاتت

بەتایبەتی بەرێز برا هەتاو

کە رۆژە و، تۆ بەو دنیامان بۆ رووناک دەکەیتەوە .

(..)

لە هەمان ئەو سەروبەندەدا کە فرانسیسکوس بەوجۆرە ستایشی خودا و برا هەتاو و برا ئاو و برا با و برا ئاگر و خوشکە زەوی و خوشکە مانگ و ... هەموو مەخلووقاتی سەر زەویی کردووە، " فریدالدینعطار نیشابوری" بە"منطق الطیر"ی لەوەش پتر رۆیشتووە کە هەر بە ستایشیمرۆڤی ببڕێتەوە، باسی خوێندنی ستایشی خودای لەلایەن باڵندانیشەوە کردووە، ... ئیدی ئەوانە بۆچی

دوژمنی یەکتر بن ؟

" الکامل" ئـەگەر بە دڵ ئـەوەبووبێت کە بە رەسمی پیشـانی داوە، ئەوە لای وابووە کە " ئیسـلام " تـەواوکەری مەسـیحییەتە و قورئان دوا کتێبی هـەمان خودایە کە پێشـتر تـەورات و ئـینجیلیشـی نـاردووە، بـەڵام ئیتر چی بـکـەن کە خـودا خـۆی گـوتـوویە لە سـەر ئـەم دوا کتـێبـەی بڕۆن .

" فرانسیسکوس"یش، وەکو هـەموو رابەرانی کلیسـا ،لای وایە کە ئیسلام بە هیچ جۆرێک دینێکی تر نیە، هەمان دینی عەهدی کۆن( تەورات و زەبوور و...) و عەهدی نوێ ( ئینجیلەکان و ...) : هـەمان چیرۆکی خودا و مووسـا و مەسـیح و ئیسحاق و یەعقووب و ئەو قسانەیە، بـەڵام کێشـەی کلیسا ئا لەگەڵ ئەوەدا بووە کە : ئێوە بۆچی دەڵێن مەسیحی نین ؟ بۆچی بەشێک لە مەسیحییان وا بەوناوەی کە گوایا دینێکی نوێتان هێناوە لە هاوئاینانیان جیادەکەنەوە ؟ بۆچی جیابوونەوەخوازن و دینێک دەکەن بە دوو دین و دووبەرەکی دەنێنەوە ؟ هەر بەو تاوانەی دووبەرەکی‌نانەوەیەشە کە دانتێ پێغەمبەری ئیسلام و ئیمام عەلی و مزگەوتەکانی مسوڵمانان وەها فڕێدەداتە جەهەننەمەکە-یەوە ( بروانە لاپەڕە ٤٦ ی ئەم کتێبە).

حەتمەن فرانسیسکوس بەو تێزەی کلیسا ڕووی‌کردووەتە " الکامل"، بەڵام ئاخر ئەگەر وایە، دینی مەسیحی یانی چی لەکاتێکدا کە هـەمان کتێبی ئـاینی جوو بە رەسـمی کتێبی ئەویشە و پێی دەڵێت "عەهدی‌کۆنی بایبل" ؟ و"مەسیح"ی پێغەمبەریشی جوویەک بووە ؟ بۆچی مەسیحی بە هیستیریای خـوێنڕشـتن بە هـەمان شـێوە جووەکانیـش وەکـو مسـوڵمانان پـەلاماردەدەن، لەکـاتێکدا کە بە ئـەو مەنتیقەی زنجیرە زەمانییەی کلیسا دەبوو جووەکان بەوان بڵێن ئێوە بۆچی بە ناوی"مەسیح"ی جوو لافی ئاینێکی تر لێ دەدەن و خۆتان لە دینە جووەکەتان جیادەکەنەوە ؟

لە هـەموو بارێکدا، کێشەکە هەر لەسەر کتێبەکانی هەمان خودایە، یا- بەگوێرەی یەکێکیان- دەبێت هـەر لەسەردوا کتێب بڕۆن، یا - بەگوێرەی ئەوەکەی تر- قورئان شتێکی زیادە و، پێویست ناکات وە دوو کتێبەکانی تر و وەسەریان بخرێت .

دەبێت " الكامل" و" فرانسيسكوس" " بە دڵ" چ هەستێكیان لەبارەی ئەو وەحشیگەرییەی شەڕانی ئاینی هەبووبێت ؟ خۆ حەملەی شەشەمی خاچپەرستان دوای ئەوە پڕ بوو لە نامەی دەربڕینی ڕێز وخۆشەویستی لە نێوان الكامل و ئیمپراتوردا و، هەركامەیان دیاریی چەندە گرانی بۆ ئەوەكەی تر ناردووە . فریدریک-ی دووەم، ئیمپراتوری ڕۆمانیی پیرۆز و پادشای سقلیە، ساڵێک پتر خۆی لە شەڕ بوارد و، كە پاپا پتر لە جارێک پاكانەی مەسیحییەتی لێ كرد، بەڵام ئەو هیچ منەتی بە هاتوهاواری پاپا و كلیساكەی نەبوو، زۆر هۆگری دنیای ئیسلام و كتێبخانەی عارەبی بوو و، وا دوایی" الكامل "بە بێ شەڕ قودسی تەسلیم دەكات و فریدریک١٧ی مارتی١٢٢٩ دەچێتە قودسەوە و ئەوجا خۆی بە پادشای قودسیش ڕادەگەیەنێت .

"الكامل"یش، ناكرێت مەگەر هەر تەوژمێكی زۆری دنیای ئیسلامی بۆ تەسلیم نەكردنی قودس بە مەسیحییان لەسەر بووبێت و، ئەو گوێی پێ نەدابێت، سا لەبەر هەر شتێكیش بووبێت كە خۆی ناچار دیتبێت ئەو بڕیارە بدات، لە جەوهەری مەبەست ناگۆڕێت : دەسەڵاتدارانی سەربازی و سیاسی گوێ بە هاتوهاواری ئاینی نادەن و بە ڕێگای ئاشتیی دیپلۆماسیەت ڕێكدەكەون و ڕێگا لە ڕشتنی خوێنێكی زۆر دەگرن . كە مسوڵمان و مەسیحی بتوانن ئاوا كێشەیان چارە بكەن ئیتر بۆچی ئەو هەمووە خەڵكە وا بە كوشت دەدەن ؟ لەسەرچی ؟

ئەی پاپا و هەڤاڵانی دەبێت چەندە بڕوایان بە هیچ لەو دروشمانە هەبووبێت كە لافیان لێداون ؟ ئەگەر كێشەی مەركەزی پاپا لەبەرانبەر پادشایانی ئەوروپا لە ئارادا نەبوایە، ئایا پاپا دەچوو، دە مانگی ڕەبەق، بە حەملەی بە هیستیریایپڕوپاگەندە جەماوەری بۆ ئەو شەڕە خوێناوییانەی مێژوو دەست پێدەكرد ؟ ...

ئەو گەورە ڕابەرانە چۆن بە سەدانهەزار مرۆڤی سەرزەوییان بۆخۆیان وەكو ڕانەمەڕ بۆ كوشتارگەكان لێخوڕیون ؟ چ مێژوویەكی كارساتی هەیە ئەو حەیوانەی كە پێیدەڵێن مرۆڤ .

ئەو شیعرە ئیتالییەی فرانسیسکوس، سروودی ستایشی مەخلووقات، بە شێوازی مەڵبەندی خۆی، " ئومبریا "ی ناوەندی ئیتالیا ( کە ئەو خەڵکی " ئاسیزی"ی شارێکی ئومبریا بوو) و، دەڵێن تەئسیری شێوازی تۆسکانیای بەسەرەوەیە (تۆسکانیا و پایتەختەکەی : فیرێنزێ، گرنگترین زێدی ستانداری زمان و ئەدەبیاتیئیتالی، زێدی دانتێ و بۆکاچۆ و ئیدی) و تەئسیری‌لاتینیشی پێوە دیارە، یەکەم پارچەی ئەدەبیاتی بە زمانی ئیتالییە کە لە ئاستی نێو- نەتەوایەتیدا ناسرابێت . ئیتالییەکان ئەدەبیاتیان هێشتا زۆرتر هەر بە لاتین دەنووسی . ئایا ئەگەر فرانسیسکوس هەمان ئەو قسانەی بە زمانی‌لاتین بگوتایە، ئەو رێز و خۆشەویستییە و ئەو پیرۆزییەی کە لە چاوی ئیتالییەکاندا هەیبووە و هەیەتی، هەر دەیبوو ؟ ئایا ئەگەر" جزیری" هەمان قسەکانی دیوانی بە زمانێکی تری غەیری کوردی بوونایە، کورد و دنیا هەمان هەڵوێستی ئێستایان لێ دەبوو ؟ یا وەک " مارتن فان بروونەسن"ی هۆڵەندی لەبارەی "جزیری"یەوە نووسیویە : " ئەگەر لەجیاتی ئەوەی بە زمانی کوردیی خۆی نووسیوە، بە عارەبی بنووسیایە زۆر بەناوبانگ دەبوو"، منیش‌لام وایە حەتمەن مەرکەزێکی زۆر بەرزی لە ئاستی هەموو دنیایئیسلامدا دەبوو. ئەی ئەو هەمووە شیعرەی مەحوی و شاعیرانی تری کوردی کە زۆر ئایینین، ئەگەر بە کوردی نەبوونایە، کورد بە هەمان چاو سەیریدەکردن و هەمان هەستی لە ئاستیاندا دەبوو ؟ یا ئەگەر بە عارەبی یا فارسی بوونایە، شوێنیان لە دنیای ئایینیانی دنیادا هەر وەکو ئەمەی ئێستا دەبوو ؟ کەواتە " ناوەرۆکی ئاینی"یەکەیە بریار دەدات یا هەستی نەتەوایەتیی لەپشتەوەیە ؟

هەر یەک ساڵ دوای کۆچی دوایی فرانسیسکوس، پاپا کاری دادگاکانی لێکۆڵینەوە لە بیدعەت و کفر و رووحی جادووگەران و... ئەو قسانەی کە کلیسا خەڵکیان لەسەر دەسووتاند (کە لە سەدەی پێشترەوە بە رەسمی هەبوو) بە تایبەتی بە تابیعانی دوو تەریقەت سپارد : فرانسیسکانی ( تابیعانی فرانسیسکوس) و دۆمێنیکانی (تابیعانی "دۆمینیک"ی سپانیایی)، چونکە پێیوابوو کلیسا لە بەجێ-

هێنانی ئەو کارەیدا زۆر خاو و خلیچک بوو و، دەبوو کارەکە بدرێتە دەست ئیماندارانێکی زۆر جیددی و، فرانسیسکانی و دۆمینیکانی وا بوون، بە جیددی لێکۆڵینەوەیان بە شکەنجە و لەتوپەت‌کردن و لەدواییدا سووتاندن و ... هەموو ئەو هونەرانەی دەربڕینی مەحەببەتی حەزرەتی مەسیح و مەریەمی عەزرا بەجێدەهێنا* . وەزیفەی" سەرۆکی دادگای لێکۆڵینەوە "ی ئەو کوشتن و برین و سووتاندنە، تا ناوەندی سەدەی نۆزدەش لە کلیسای کاتۆلیکدا هەر مابوو . ساڵێک دوای ئەوە (١٢٢٨)، کلیسا " فرانسیسکوس"ی بە " پیرۆز، پیری تەریقەت"ی راگەیاندووە و ئیتر بە رەسمی بووە بە سان فرانسیسکوس ( سان، سانتۆس = پیرۆز) و پلەی زۆر بەرزی لە تەواوی دنیای کاتۆلیکدا پەیداکردووە، گومبەز لەسەر گۆڕی هەیە و زیارەتگایەکی ئاینیی زۆر گرنگە . پۆرتوگالییەکی سەدەی شازدە، کە ماوەیەک لە خزمەتی پادشای سپانیادا بووە، ناوی " سان فرا-نسیسکوس"ی - بە شێوە سپانیاییەکەی - لە شارێک ناوە کە ئێستا لە گرنگترین شارەکانی دنیایە : " سان فرانسیسکۆ"ی کالیفۆرنیای ئەمریکا . بۆ هەر کوێیەکی دنیای کاتۆلیک دەڕۆیت کلیسایانی سان‌فرانسیسکوس دەبینیت : مەرکەزی شاری‌هاڤانا، سانتیاگۆ و... زۆری‌دی . سان‌فرانسیسکوس ٣ی ئۆکتۆبر کۆچی‌دوایی کردووە، کلیسا ٤ی ئۆکتۆبری کردووە بە رۆژی سان فرانسیسکوس و، لە ساڵی ١٩٢٩ وە ئەو ٤ی ئۆکتۆبرە کراوە بە "رۆژی حەیوانانی جیهان"، دەڵێن چونکە سان فرانسیسکوس نێوانی لەگەڵ حەیواناندا هەبووە، وەعزی داون، حەیوان لێی‌تێگەیشتوون، بەقسەیان کردووە و وەدووی‌کەوتوون، باسی زۆر موعجیزەی لەگەڵ باڵندان و برا گورگ‌او...ئیدی‌دا هەن.

---

* ماوەیەک دێرێکی ئەو فرانسیسکانییانە لە هۆڵەندا نیزیکی ماڵەکەی من بوو، دوایی بە پارەیەکی زۆر فرۆشتیان، وێران کرا و بینایەتێکی ئاپارتمانانی لە شوێنەکەی دروستکرا؛ تا لەگەڵ هاوسێ هۆڵەندییەکەمدا بەلایدا تێپەڕیباین، هاوسێ هێندێک لەعنەتی بۆ دەناردن و دەیگوت: ئای کە ئەوانە خەڵکیان شکەنجە داوە و سووتاندووە .

ئەو عەفەویەتەی کە سانفرانسیسکوس شیعری ئیتالیی پێ دانا، دەربڕینی مەیلێکی گشتیی ئیتالییە-
کان و میللەتانیتری ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی ڕۆژئاوای پێشوو بوو، کە عەفەویەتی ژیان دوای تێپە-
ڕینی پتر لە حەوت سەدە بەسەر نەمانی ئیمپراتۆرییەکدا کە زمانەکەی ڕۆمانی ببوو پێی دەگوتن
ئیتر بەسە، تاکەی زمانی ڕەسمیی ئیمپراتۆرییەک بەکاربهێنین کە نەماوە ؟ بۆچی بەو زمانەی کە
قسەی پێدەکەین نەنووسین ؟ با بە شێوازە لاتینەکەی خۆمان، بە ئیتالی و فەرەنسی و پورتوگالی
و...ئیدی بنووسین، کە هەر ئەوش بووە عونسورێکیگرنگی نەتەوایەتیی کە دواتر لە فەرهەنگی
سیاسیی ئەوروپادا دێتە سەر شانۆ . ئەو عەفەویەتەی سەرەتا، بوو بە داوایەکی هۆشیاری : با
ئەدەبیاتمان بە زمانی " شوێنی خۆ، زێد verna " و ئەو زمانەی vulgariی زمانی خەڵك خۆی
vulgus بێت .

کە عارەب زمانی قورئانیان بە ستانداردێک قەبووڵ کرد کە لە هەرکوێ هەبن پێی بنووسن، ئەوجا
کاتێک مەرکەزی دەوڵەتی ئیسلامی ( مەدینە، کوفە و شام، بەغدا) چیتر وا نەمان و هەر مەڵبەندە
خۆی سەربەخۆ دیت، ئەگەر خۆبەستنەوە بە ئاین(قورئان) نەبوایە و، هەر وڵاتە بەرهەمیئەدەبیی
بە شێوازی خۆی بوایە و، لە نەتیجەدا بە ڕەسمی بووبان بە چەند نەتەوەی جیاوازیش : نەتەوەی
میسری بە زمانی میسری، نەتەوەی عیراقی بە زمانیعیراقی و... ئیدی، ئەوا ئەوسا ئەوە ڕووی-
دەدا کە لە وڵاتانی ئیمپراتۆریی ڕۆمادا دوای هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەکە ڕوویدا.

یونانییەکان کە هەر یەک نەتەوە و وڵاتیش پێکدەهێنن، تا ساڵی ١٩٧٦یش هەر زمانێکی یونانیی
کۆنیی وەهایان بە ڕەسمی بەکاردەهێنا کە لە زمانی قسەکردنی خەڵک (دێمۆتیکی) جیاواز بوو،
ئەوساڵە بڕیاریان دا کە ئەوە ئیتر ببڕێتەوە، لە جیاتی ئەو زمانە کۆنە با بە ئەم زمانە بنووسن کە
قسەی پێ دەکەن . دە لە حاڵەتی لاتینەکەدا، ئەوا چەندین قەوم و وڵات لە کاردابوون و، ئەوانە
- پێش هەست و هۆشی ناسیۆنالیزم- تابیع بە پادشایانی جیاواز بوون، ئیتر کە مەرکەزێکیسیاسی
بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی نەمێنێت، خۆ بەستنەوە بە هەمان ئەو یەک زمانەی ئەو مەرکەزە ( کە

چیتر نیە ) بۆچی ؟

ئێستا وای لێ هاتووە کە فەرەنسی و سپانیایی و ئەوانی تریش، هەر کامە خۆی بەوە هەڵبکێشێت کە : ئێمە بووین کە لە سەرەتادا یەکەم هەنگاومان نا و زمانی " زێد" و " خەڵك"ی خۆمان کرد بە زمانی ئەدەبیات و، دەستمان لە کلکی ئەو لاتینە کۆنە بەردا کە مەگەر هەر بە خوێندن فێری بووباینایە، چونکە زمانی زێد و خەڵکی ئێمە زۆر لەوە دوورکەوتبۆوە .

دانتێ، لە قۆناغێکدا بووە کە نووسینی شیعر و پەخشان بە لاتین هەر ماوە و، پرسیاری ئەوە کە بە چ زمانێک بنووسین، لاتین یا زمانی قسەکردنی خۆمان، هەر لە باسدا بووە . دانتێ پێش ئەوە کە " کۆمێدیا"کەی بەو زمانەی " زێد، خەڵك"ی خۆی تەواو بکات، هەر بە زمانی لاتین کتێبی بۆ داوای ئەوە نووسیوە : De vulgari eloquntia ( وێژەی بە زمانی خەڵك) .

دانتێ باسی ئەوەی تێدا دەکات کە زمان ئەوەیە کە بە منداڵی لەسەر کۆشی دایکمان فێری دەبین، نەک ئەوە کە ئەوەندە بە خوێندنی ڕێزمانی زمانێکی ناخۆش و زبر و- ئەگەر خوێندنەوەکەیم باش لە بیرمابێت تەنانەت دەڵێت - وەحشیی لاتین! و، بۆ سەلماندنی قسەکەی دیوانێک شیعری دڵداری بۆ " بیاتریچێ" خانمی دڵبەری و هێندێک ڕوونکردنەوەش وێرا بە زمانی زێدی خۆی، بە ناوی " Vita nuova "(ژیانی نوێ) بە نموونە بڵاودەکاتەوە .

یەکەم گرنگیی دانتێ لە مێژووی ئیتالیادا ئەوەیە کە گوتوویە : با لەجیاتی لاتین بە ئیتالی و بە ئەو شێوەیەی کە قسەی پێدەکەین بنووسین و، ئەوە دواتر بە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی ئیتالی دیارە تا دێت گرنگتر دەبێت. ئا لێرەدایە کە من دیسان بیرم بۆ ئەوە دەچێت کە لە باسی سانفرانسیسکو-سدا گوتم : ئەگەر دانتێ هەمان ئەو قسانەی " کۆمێدیا"کەی بە لاتین بنووسیایە، ئایا دانتێ لای ئیتالییەکان دەبوو بە ئەو دانتێیەی کە ئێستا هەیە ؟

پێش دانتێ، هەر لەسەردەمی " ئیمپراتۆر فریدریکی دووەم " ی پادشای سقلیەوە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی بە زمانی ئیتالی هەبووە کە لە مێژووی ئەدەبیاتدا بە ناوی" ڕێبازی سقلیە" باس دەکرێت .

شـاعیرێکی باکووری ئیتالیا (بۆلۆنیا) بە ناوی " گویدۆ گوئینیزێللی Guido Guinizzilli ١٢٣٠-١٢٧٦ دەکەوێتە ژێر تـەئسیری ئەو ڕێبازەی سـقلیە و، سـەرەتا لاسای دەکاتەوە . دوای ئەوە، ئەو ڕێبازە بە " سـارد" هـەست پێ دەکات و، خـۆی بناغەی ڕێبازێـک دادەنێت کە بە " شـێوەی نـوێی شـیرین dolce stil nuovo" دەناسـرێت . دانتێ بە شـاگردێکی ئەو ڕێبازەی گویدۆ دادەنـرێت و، دەبینین لە کۆمێدیاکەیدا چۆن باسی ئەو گویدۆیە دەکات، پێیدەڵێت :

quand' io odo nomar sé stesso il padre
mio e de li altri miei miglior che mai
rime d'amore usar dolci e leggiadre;
(*Purgatorio*, XXVI 97-99).

کە دەیبیسم خۆی ناو دەنێت باوک-
-ی من و ئەوانەی لە من باشتر کە قەت
قافیەی ئەڤینی شیرین و نازەنینیان بەکارهێنابن؛
(کۆمێدیا، بەشی دووەم، کانتۆی٢٦، دێڕی٩٧-٩٩)

لە دوای سانفرانسیسکوس، سێ کەسی‌ئەدەبیاتی ئیتالی لە ئاستی نێو- نەتەوایەتیدا زۆر بەناوبانگ دەبن، کە ئیتالی پێیان دەڵێن : ترێ کرۆنێ، واتا : سێ تاج . ئەوانە بە " بـاوکی ئـەدەبیاتی ئیتالـی" ناودەبرێن : "دانتێ"، کە ٣٩ ساڵ دوای کۆچی‌دوایی سانفرانسیسکوس لەدایکـدەبێت؛" پێترارکا" و"بۆکاچۆ"،کە لە ساڵی کۆچی‌دوایی دانتێدا یەکەمیان تەمەنی١٧ ساڵ و دووەمیان ٨ ساڵ دەبێت . دانتێ لە فیرێنزێ لەدایکبووە و ژیاوە، تا لە تەمەنی ٣٥ سـاڵیدا بەهۆی سیاسی لە شار ڕایکردووە

بـەڵام بە هەست و نست و زمانی بەرهەمی هەر فیرێنزێیی ماوەتەوە . بۆکاچۆ لە شاری فیرێنزێ یا لە گوندێکی نیزیکی لەدایکبووە . پێترارکا( ئینگلیس پێیدەڵێن" پێترارک") لە دایک و باوکێکی خەڵکی فیرێنزێ بووە کە ئەوانیش وەکو دانتێ بە هەمان کێشە دوور کەوتبوونەوە و، ئەو خۆی لە هەمان تۆسکانیادا بەڵام پەنجاوچەند کیلۆمیترێک دووری فیرێنزێی پایتەخت لەدایکبووە و، هەر-چەندە لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە لە ئاڤینیۆن Avignon (باشووری فەرەنسا) ژیاوە، بـەڵام خۆی هەر بە فیرێنزێیی زانیوە .

هاتنی ئەو سێیانە لە فیرێنزێ، دەوری سەرەکیی لەوەدا هەبووە کە شێوازەکەیان، شێوازیفیرێنزێ ( فلۆرانس، فلۆرەنسا)ی تۆسکانیا لەدواییدا ببێت بە تەختەی ستانداری زمان و ئەدەبیاتی ئیتالی .

# " کۆمێدیا"ی دانتێ

Dante Alighieri, La Commedia

بەناوبانگترین بەرهەمی دانتێ بریتیە لە کتێبی " کۆمێدیا " . کتێبی رۆمانێکە بە شیعر، گەشتێکی خەیاڵیی شاعیری دانەری دەگێرێتەوە ، کە لە روانگەی بیری کلیسای سەدەکانیناوەندی ئەوروپاوە دارێژراوە، ، سێ بەشە : یەکەم – inferno جەهەننەم؛ ئەوجا لەوێوە بۆ دووەم - purgatorio شوێنێکی نێوان جەهەننەم و بەهەشت کە بۆ پاکـکرانەوەیە تا لەدواییدا رووحەکان تێدا بە جۆرەها ئازار وا پاک بکرێنەوە کە رووی مەجلیسی بەهەشتیان هەبێت و بریاری رێگادانیان بۆ ئەوێ بۆ دەربچێت، کە من لێرەدا پێیدەڵێم ئەعراف؛ سێیەم- paradiso بەهەشت .

کتێبەکە سـەد فەسڵە، دانتێ هەر فەسڵەی ناوناوە " کانتۆ" ( لە " کانتوس"ی لاتین، واتا : گۆرانی) کە زۆرتر لە نێوان ١٣٠ و١٥٠ دێرێکی شیعر پێکـدێت (یەکێکیان ١٥٧دێرە). بەشی یەکەم ٣٤ کانتۆیە و، دووەکەی تر هەرکامەیان ٣٣ کانتۆ .

بیری " گەشـتێک بۆ جـەهەننەم و بەهەشـت"ی ئەو کتێبە، عـارەب هیچ گـومانیان لەوە نـیـە کە لە " رسـالة الغفران"ی " أبوالعلاء المعری" وەرگیراوە . زۆر رێی تێدەچێت وا بێت، خـاچپـەرستە دڕندەکان دوو سـەدەیەک پێش دانتێ چوونەتە شـاری شـادڕەوان " المعری"ی کە گۆڕیشـی هـەر لەوێیە و، ئـاگاداریيەک لە ناودارانی ئـەدەبیاتی عارەب بەتـایبەتی لە ئیتالیا بەهۆی" فـریدریـک"ی ئیمپراتور و پادشای سـقلیە و قودسـەوە - کە دەڵێن زمانیعارەبیی زانیوە- هـەبووە، بـەڵام کە بێتە سەر" بەڵگە"، ئەوا هیچ بەڵگەیەکی قەتعیمان بۆ ئەوە بەدەستەوە نیە کە دانتێ ئاگای لە " المعری" و ئەو کارەی هەبووبێت و، بیری رۆمانی گەشـتێکی وەهای لەو وەرگرتبێت . من دێر بە دێری هەموو ئەسڵە ئیتالییەکەم سەیرکردووە، ناوی چەند عارەب و مسـوڵمانی تری غەیریعارەبی تێدا هەن( تـەبیعی هـەموو هـەر لە جـەهـەننەمەکەیدا)، بـەڵام هیچ ئیشـارەتێک بە ناوی " المعری" یا تەنانەت شاری" المعره"لە شوێنێکیدا نیە( هەرچەندە بە عەقڵ نـاکرێت ئاگای لە مێژووی حەملەی خـاچپەرسـتان بۆ سەر "ئانتاکیا" و ئەوجا دوای ئەوە بۆ سەر ئەو شارە نەبووبێت، حەتمەن دەبێت

ئاگای لێ هەبووبێت) .

گەشتەکە چۆن دەست پێدەکات ؟ وا دەست پێ دەکات کە لەپڕێکدا خۆی دەبینێتەوە کە پشت لەم دنیایە دەکات، یەکەم پێنج دێڕ :

omai la navicella del mio ingegno,

che lascia dietro a sé mar sì crudele;

e canterò di quel secondo regno

dove l'umano spirito si purga

e di salire al ciel diventa degno.

کە ئیتر ئێستا کەشتیی عەقڵم،

دەریای دڵڕەقیی لە پشت خۆی جێ هێشت؛

و گۆرانی دەڵێم لەو دووەم مەملەکەتەوە

کە رووحی مرۆڤ تێدا پاک دەبێتەوە ( یا : خۆی پاک دەکاتەوە)

و سەرکەوتن بۆ ئاسمان دەبێتە شایستە .

من سەیری وەرگێڕانی ئینگلیسی و هۆڵەندییەکەیم کرد، کە دەڵێن وەرگێرانی حەرفیی تەواوی کتێبەکەن، دەبینم هەرتکیان بازیان بەسەر ئەم پێنج دێرەدا داوە کە نوسخەی ئەسڵە ئیتاڵییەکەی پێ دەست پێدەکات و وەریاننەگێڕاوە . من ئەوەم زۆر پێ سەیرە و نازانم بۆچی وایانکردووە .

یەکەم شتێکی کە لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا زۆر سەرنجی راکێشام : زمانەکەی بوو . من خۆم، بەوە کە هەمووی ساڵێک و کەمێکە شتێک لە زمانی ئیتالی فێربووم، دەتوانم - بە یارمەتیی قاموسێک- دانتێ وەربگێڕم، هاسانیی زمانی دانتێ زۆر سەرنجم رادەکێشێت . کە من ئەوەم پێ

بکرێت مانایئەومیە هەرئیتالییەک دەتوانێت تێیبگات، ئەمە نوختەیەکی زۆر بەهێزی ئەو کتێبەیە بۆ ئەوە کە لای ئیتالییان خۆشەویستی بکات. " أبوالعلاء المعری" شیعر و پەخشان و لێکۆلینەوەی لە دانتێ کەمتر نەنووسیوە، بەڵام چەند کەس لە دنیادا چەندەی زمانەکەی تێدەگەن ؟ دکتورە " بنت الشاطئ "(عائشە عبدالرحمن١٩١٣-١٩٩٨) دەیگوت : من دوای وەرگرتنی باکالۆرۆس لە زمان و ئەدەبیاتیعارەب لە زانکۆی قاهیرە، سەیری" رسالة الغفران"ی" المعری"یم کرد، هەر نەسڵەن نەمزانی باسی چی دەکات! ئیتر بە یارمەتیی " طە حسین" توانیم زۆری لێ ساغ بکەمەوە و، بە لێکۆڵینەوە تێگەیشتم کە بە دەگمەن کەسێک قەت هەر مناسەبەی ئەو کتێبەی ئاگا لێ ببوو، ئەوە کە لە وەڵامی نووسینێکدا نووسراوە، چ نووسینێک و، بۆچی دەست ناکەوێت ؟ خەڵک لە هەموو ئەوە بێئاگا بوون. ئێستاش، دوای ئەو کارەی دکتورەعائشە و مامۆستاکەشی، ئەگەر تۆ پرسیاری خوێندەوارانیعارەب بکەیت ئەوەی لە " المعری"ی دەزانن بینووسن، بەدەگمەن کەسێک ببینیتەوە کە پتر لە چەند دێرێکی کەم لەبارەی ئەو چەند هەزار لاپەڕەیە بڵێت کە "المعری"نووسیویە، هەر بەدەگمەن کەسێک دەست دەکەوێت هیچی لە لێکۆڵینەوەکانی و لە شیعر و پەخشانی خوێندبێتەوە، ئەگەر جارێک سەیری شتێکیشی کردبێت لێی تێگەیشتبێت. کتێبی"المعری" هەر قورسیی‌ناوەکەی دەکرێت خوێنەر بترسێنێت : " رسالة الصاهل و الشاحج"، یا تەنانەت دیوانی" ضوء السقط"یشی کە رەنگە زمانی هەرە زەحمەتی نەبێت . بەڵام دانتێ، خەڵکێکی ئێجگار زۆر خوێندوویەتەوە و، ئەگەر لێشیانبپرسیت دانتێ دەڵێت چی، ئەوا بە سەعات چیرۆکیت بۆ دەگێرنەوە. دەکرێت- بڵێین- خەڵکێک لە زۆر لە رەمزەکانی فەرهەنگی کلیسای تێدا بێئاگا بن، کە هەر کەشە و مەشەی کلیسا بیانزانن، یا ئەگەر بە باشی ئاگاداری ئەفسانەکانی یونان نەبن لە زۆر شتی نەگەن، بەڵام لەلایەکی ترەوە زۆریشیان لێ هەر وەک هەقایەتی رۆستەمی زاڵ و ئەو شتانە لەبیر بمێنن، بەڵام وێڕای ئەوانە و بەدەرلەوانە، هەرچۆنێک بێت، هەر زمانە سادەکە خۆی وایان لێ دەکات زۆری بۆ گێرانەوە لێهەڵێنجن. وشە و عیبارەت لای دانتێ وەهایە کە دیسان دەمانباتەوە سەر باسی" زمانی

زێد / خۆ" و " لەسەر کۆشی دایک فێربوونی" و رێبازی " شێوەی نوێی شیرین" و، بەوە باشتر لە نوختەیەکی هێزی کتێبی" کۆمێدیا "ی دانتێ دەگەین : کە ئەگەر بتوانرێت ئەدەبیات بە زمانی سادەیخەڵک بنووسرێت، چەندە دەچێتە دڵی خەڵکەوە، خەڵک خۆی تێدا دەبینێتەوە، دەبێتە خۆشەویستی و، بە هی خۆی دەزانێت .

عونسورێکی دینیش بۆ لێکجیاکردنەوەی مەعەرری و دانتێ زۆر ئاشکرا و لەبەرچاوە : حەتمەن رۆشنبیریی" المعری" کە دژی کاهینان و تەنانەت هەموو دینێک بووە، بەوەی گەیاندووە کە کتێبێکی وەکو قورئانی بۆ ئەوە نووسیوە تا پیشانی بدات کە قورئان نە موعجیزەیە و نە هیچ، ئەوەتا ئەویش دەتوانێت قورئانێک بنووسێت و ناویشی لێ بنێت : " فقرات و فترات " ( کە لێ-تێگەیشتنی ئێجگار زۆر لە تێگەیشتنی قورئان زەحمەتترە * ) لە کاتێکدا کە قورئان نەیتوانیوە ناوێک بۆخۆی بدۆزێتەوە و هەر ناوی " مقرا" (خوێندنەوە)یعیبریی تەوراتی بۆخۆی بە شێوەی عارەبی بەکارهێناوە، کردوویە بە " قرآن " . دیارە ئەوەش خوێنەرانی مسوڵمانی عارەبیی لێ دەتەکێنێتەوە،زۆر لە ناودارانی کە بە عولەما دانراون بە کافریدەناسێنن و خەڵک لە خوێندنەوەی بەرهەمی دوور دەخەنەوە، لەکاتێکدا کە هەرچی تورەهاتی ئەفیوونی وەعزی کەشەکانی کلیسایە بۆ خەڵک لە کۆمێدیاکەی دانتێدا هەن، دانتێ نوێنەری فکری سەدەکانی ناوەندیی ئەورووپایە .

دانتێ پشتی لە دنیا کرد و، رۆیشت، لەکوێوە و بۆکوێ ؟ نازانێت لە کوێیە، هەر ئەوەندە دەزانێت کە دەبینێت ون بووە، لە لێرێکی چڕی تاریکدایە . گردێک دەبینێت رووناکیی لێوە دێت. دەیەوێت

---

* چەند دێرێک لەو کتێبەی بەنموونە : سبیل السفر، والهاجمة على نقيع الجفرو يشهر خلقها بأمر للواحر ملك الدهر، خالق السنة والشهر، غبقت غيبة بقدر، ثم رجعت عن هجر، فما كنت أجد من شفر، بدل مسكن بقبر، كأم سقوا ماء الأباء. غاية.

بچێت لێ سەرکەوێت، دەبینێت وا بەورێکی ترسناک و شێرێکی تووڕە و دێڵە گورگێک کە لە بەور و شێرەکەش سامناکترە، غەزەبیان لێ دەبارێت و مۆڕە دەکەن، رێگاکەیان گرتووە . ( ئەوانە هەمووی هی تەفسیری رەمزن، دەبێت ئێمە خۆمان" طبری"ئاسا! بکەوینە تەفسیر : بەوری پەڵە- پەڵە رەمزی گوناهی ئارەزووی جنسییە و بە گشتی رەمزی جەوانییە، کە قانوونی جەوان - بە دارشتنی هەژار- وەهایە کە شتەکەی بەیانییانە پێش خۆی هەڵدەستێت، کە هەر پەڵەیەی بە پێستی هەستاوەوە گوناهێکە ... ئێ " چێکۆ"ی بەدبەخت شتی وا لە دانتێ ببیسێت چۆن بەدەستییەوە دیق ناکات ؟!؛ شێر رەمزی قۆڕەدەماغی و خۆبادان و تووڕەیی و فشە فش و ئەو شتانەیە؛ دێڵەگور- گیش رەمزی تەماح و رەزیلی و چاوچنۆکییە) .

دانتێ ئێجگار زۆر دەترسێت و، دەکشێتەوە تاریکستانەکەی خۆی . رووحی " ڤرجیلیۆ" فریای دەکەوێت تا لەگەڵ خۆیدا بە رێگایەکی تریدا ببات و رێگای پیشان بدات. ڤرجیلیۆ دەڵێت کە دوایی " تاژی"( تانجی) یەک دێت و ئەو دێڵەگورگە دەکوژێت و وەکو " کامیلا "( ی ژنە قارەمان لە " ئاینێنییس"ی ڤرجیلدا) زەوییە نزمەکانی ئیتالیا رزگار دەکات . وشەی" ئیتالیا " و رزگارکردنی لێرەدا، دەکرێت هەستی نەتەوەیی ئیتالییەکان ختووکە بدات، دانتێ لەو کتێبەیدا لە شوێنی تریشدا ناوی " ئیتالیا " دەهێنێت، بەڵام ئەو ختووکەیە دەبێتە بە زۆر تێترنجاندنێکی زاتیی کە کاری بە مەبەستی دانتێ نەداوە . دانتێ لە سەرەتای شەڕی نێوان لایەنگرانی ئیمپراتور و پاپادا شەڕی بۆ پاپا کردووە، دواتر کە ئەم کتێبەی دوور لە دەسەڵاتی پاپا نووسیوە ( کە ئیتر پاپا کافری کردووە) حەزیکردووە ئیمپراتورێک(هەر ئیمپراتورێک، زۆرتری چاوەروانی دەبێت ئەڵمانیک بێت) بێت و بە دەستی پۆڵاینی دیکتاتۆریی کۆتایی بە ئەو هەمووە کێشەو هەرایەی نێوان دەسەڵاتە جیاوازە- کانی دەوڵەتان و شارانی ئیتالیا بهێنێت کە پاشاگەردانییان لە ژیانی خەڵکدا ناوەتەوە .

ڤرجیلیۆ کێیە ؟

شاعیرێکە کە لای دانتێ هەرە گرنگ و بەرێزە، بەڵام بۆچی ئەو لەو شوێنە ؟ ڤرجیلیوس٧٠-

١٩ی پێش زاین، دانەری مەلحەمە epic ی مێژووی ئەفسانەیی رۆمایە : ئاینێیس (بە عارەبی : الإنیاذە)، کە بە لاساکردنەوەی " ئیلیاس" و " ئۆدیسێ"ی"هۆمێروس"ی یونان، بە شیعری لەسەر هەمان وەزن (هێکسامیتری داکتیلی) دانراوە . هەرچەندە ڤرجیل وەسیەتی کردووە ئەگەر پێش تەواوکردنی نووسینی بمرێت کتێبە ناتەواوەکەی لەناوبەرن، بەڵام بە فەرمانی " ئاوگوستوس"ی قەیسەری رۆما، بە ناتەواوییەکەشییەوە پارێزراوە . لێرەدا دیسان- وەکو ناوی ئیمپراتوریی رۆما- نیی پیرۆز- هەستی شانازیی ئیمپراتورییەکی رۆژئاوا بە مێژووی ئەفسانەیی خۆی دەبینین کە لە رۆمانی دانتێدا تێکەڵ بە دنیای ئاینی مەسیحی دەکرێت . رۆما، بەهەرحاڵ، لای کاتۆلیکانیش پیرۆزە و، هەر بەگوێرەی ئەو مەلحەمەیەی ڤرجیل، ناوەکەی لە ناوی یەکەم پادشای ئەو شارەوە دێت، کە دەڵێت نەسلی - وا دەزانم- پازدەیەمی ئاینێیاس بووە . ئەوە دیسان هەستی ئیتالییەکان بە رابردوویان ختووکە دەدات : شانازیی کۆنی ئەفسانەیی پێش مەسیحییەتی ئیتالیا و شانازیی کاتۆ- لیکی و، تێکهەڵشێلانی هەرتک لا بۆ خوێنەرانی ئیتالیا .

ئەوجا چۆن کەسێک کە نەبووە بە مەسیحی ( پێش زاین ژیاوە) دەبێت بە رێپیشاندەری دانتێی مەسیحی، ئامۆژگاری و ناساندن و روونکردنەوە و هەموو کارێکی رێنوێنیی تەواوی رێگای دەگرێتە ئەستۆ، ڤرجیل (ڤرجیلیۆ) بۆچی ئەوە دەکات ؟

ڤرجیل خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت کە : ئەوە بە فەرمانی مەریەمی عەزرا بووە، مەریەم بە سانتا لوچیا (قدیسە لوسی- سقلیە - ٢٨٣-٣٠٤)ی گوتووە بچێت فریای دانتێ بکەوێت، سانتا لوچیا بۆ ئەوە چووەتە لای بیاتریچێ، بیاتریچێیش بە ڤرجیلی گوتووە بچێت یارمەتیی دانتێ بدات ( ناڵێت بیاتریچێ خانم لە بەهەشتەوە چۆن ئەوەی بە " ڤرجیل"ی نامەسیحی گوتووە، کە نامەسیحی مافی چوونە بەهەشتی نەبووە) . ڤرجیل بە دانتێ دەڵێت کە من تا سەر سنووری بەهەشت لەگەڵت دەبم و، ئیدی رێگای چوونە بەهەشتم نادرێت، چونکە نەبووم بە مەسیحی و هەر بە نامەسیحی مردووم، لە سنووری بەهەشتەوە رێشاندەرێترت دەبێت (دوایی دەردەکەوێت کە

ئەو ڕێشاندەرەی تر بیاترێچی خانم خۆی دەبێت) .

## جەهەننەم

جەهەننەم تێدا وڵاتێکە شکڵی ڕەحەتییەکیئاوی هەیە، سەری پان و بەرین و هەراوە و، تا بەرەو-خوار دێت تەسک دەبێتەوە . ڕووحەکان دیارە لە سەرەوە تێدەکرێن و، تا ڕۆبچن وەحشەتناکتر دەبێت، بەڵام چەندین پلەیە و شەرت نیە هەمووی کە تێکرا ئیدی وەکو ئاوی ناو ڕەحەتی تا بنی ڕۆبچێت، نا، هەر ڕووحە بە گوێرەی گوناهەکەی دەنێردرێتە پلەیەک یا تۆ بڵێ چینێک لەوانە و، لەوێ دەمێنێتەوە . کەواتە تا گوناهەکە گەورەتر بێت گوناهبار خوارتر ڕۆدەبرێت . پلەی یەکەمی سەروو لە هەمووی سووکترە و، تا دێت قورستر دەبێت و، دوا پلە ( چینی نۆیەم) سەهۆڵە و سزادراو تێدا دەیبەستن، دەبنە سەهۆڵ . هەر چینەش یەک بەش نیە، ئەوانیش سنفبەند-بیان تێدا هەیە .

کەرەستەی کۆمێدیا ئێجگار زۆرە، ئەو مردوونەمراوە هیچی لە یونان و ڕۆمان و هەر کەسانێ-کی تریش کە ناوێکی بیستبن نەماوە کە دە پێستەی کتێبەکەی نەپەستێوێت . ئیدی تۆ بڵێ قیامەتە و خۆ ناکرێت کەس لە دنیادا مردبێت و ڕووحی لەو دنیا حوکمێک وەرنەگرێت و دانتێ حوکمی دادگاکەی خودامان لەو کتێبەیدا بۆ تۆمار نەکات، تەنانەت ناوی کوردێکیشی تێدا هەیە ( سەلاحە-دینی ئەیووبی) . جوغرافیای جەهەننەمیش تێدا بەگوێرەی خەیاڵی مەسیحییەکانی ئەوسایە، ئەویش زۆرتر هەر لە ئەفسانەکانی یونان وەرگیراوە ( چونکە خۆ ئەو شتانە لە تەورات و ئینجیلدا نین) : چەند ڕووبار و ناویان چییە و کێ بە بەلەم ڕووحەکان دەپەڕێنێتەوە ... ئیدی . هەمان حەیوانە دڕندەکان ( بەنموونە سەگی بە چەند سەر و کلکی مار کە گوناهباران دەدڕێت و کەوڵ دەکات - کەربەرۆس) و ئەو هەمووە خەرافاتەی کە لە باسی سزادانیکافراندا گوتراون، لە بابەتی " أبواب جهنم السبعه "ی مسوڵمانان، هەمووی تێدا دەبینینەوە : هێندێک ڕووح لە ناوی کوڵیودا دەکوڵێن،

ئەوانەی لە دەریاچەی خوێندا دەکوڵێن، ئەوانەی لە چاڵی" گوو"دا شلپەشلپییانە و چۆن بۆگەنی ئەوە بڵاودەبێتەوە ( بڵێ ئەو کارمەندە بەدبەختانەی کە ئەو گووخانەیەی خودا لەوێ ئیدارە دەکەن چ گوناهێکیان کردووە ؟) ... دەک بەزیادم نەکرد چ زەوقێکت هەیە دانتێ ... ئەو هەمووە خەڵکەی کە فریا نەکەوتوون ببنە مەسیحی، ئەو هەمووە خانمە شاژنە ناسراوانەی مێژوو کە لە سەر نێوانی جنسی وا سزا دراون ... هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە . من پێم ناخۆشترین کتێبێکە کە لە ژیانمدا خوێندوومەتەوە ... ئەو هەمووە تورەهات و خەرافاتە .

تۆ بیهێنە بەرچاوت کە هەرچی لە هەموو کتێبەکانی ئاین و مێژوو و ئەفسانە و هەقایەتەکانمان بیستبن، بێین هەمووی سنفبەندی بکەین، هەموو ئەوانەی لەسەر دینەکەی ئێمە نەبن بیاننێرینە جەهەننەم یا ئەعراف، ئەوجا هەر سنفە بەگوێرەی چ گوناهێکی دەبێت فڕێبدرێتە چ شوێنێکی ئەو سنفبەندییە و، چ جۆرە شکەنجەیەک بدرێت : لە گوودا شڵپەشڵپی بێت یا لە خوێندا بکوڵێت ؟ بەپێخواسی بە سەر لمی سووربووەدا رابکات و ئاگری بەسەردا ببارێت یا لە کونیداشەبەردانەوە سەرەوبن هەڵباوەسرێت و هەر لاقی دیاربێت و ئاگری لەژێر هەڵبکرێت؟ هەر بە ئاگر بیسووتێنن ( وەکو ئەو مامۆستایەی سەردەمی دانتێ، زانای زۆر گەورەی نووسەر و خاوەنی ئەنسیکلۆپێدی " برونێتۆ لاتینی") یا بیکەن بە تۆز و بیپرژێنن تا وەکو تۆو بڕوێت و هەڤاڵەکانی گەڵای ئەو رووەکە بخۆن و تووشی زگێشە ببن ؟ بیخەنە قوڕاوەوە و گازی لێبگرن و گاز بگرێت و دەمی پڕ بێت لە قوڕ یا ... گەوودەکان بکەونە کوێ و فێڵبازەکان و جادووگەران و ... مزگەوتەکانی مسوڵمانان و چی و چییان . خۆ گوناهەکانیش هەمیشە روون نین، زۆری لەوەی دادگاکانی رۆژ-هەڵاتی ناوەڕاست دەکەن : بە نموونە ئەو " برونێتۆ لاتینی"یە(١٢٢٠-١٢٩٤) چیی کردووە ؟ مەسیحی نەبووە ؟ بەڵێ بووە؛ کتێبی گرنگی بە ئیتالی و فەرەنسی نەنووسیون ؟ بەڵێ نووسیویە؛ ئەی گوناهەکەی چی بووە کە وا هەموو بەیانییەک بە ئاگر دەیبرژێنن ؟ نەزمی تەبیعەتی تێکداوە، نەزمی چی ؟ هاوجنسگەرا بووە! کێ وا دەڵێت ؟ بە گوێرەی تەفسیری تۆژەرێک لەو هەمووە

تۆژەرانەی کە تەمەنێکی زۆریان لە تەفسیری " دانتێ "دا بەسەربردووە ( وەکو تفسیر الجلالین و تفسیر الطبری و ... ئیدیی مسولمانان)، سەردەمێک خەڵکێك هەبوون پێیان وابووە هەموو مامۆستایانی خوێندگەکان هاوجنسگەرابوون و خوێندکارەکانی بەردەستیان کردوون، تۆ بڵێ وەکو سەردەمێکی کۆنی یونان کە دەبوو مامۆستاکان لەجیاتی دیپلۆم جنس لەگەڵ خوێندکارانیان بکەن، بەڵام تۆژەرێکی تر دەڵێت کە نەخێر دانتێ وێرای ئەو هەمووە نیفاقەی جۆرێک رێزلێگرتنی ئەو مامۆستایە( کە مامۆستاکە لە کۆمێدیادا پێیدەڵێت چی بکەم کە لە ژیاندا نەماوم تا بۆ نووسین رێنوێنیت بکەم)، زۆر رقی لە مامۆستاکە بووە چونکە مامۆستا لە گەڵ رێبازی " زمانی زێد/ خۆ"دا نەبووە و ئاوا فڕێیداوەتە ئەو بەشەی جەهەننەمەوە ... ئیدی خودا دەزانێت چەند تەفسیری مەسیحییان دەبێت چیمان لە بارەی ئەوەوە بۆ بڵێن .

جەهەننەم نۆ چینە :

یەکەم- لیمبۆ( لێوار) : خەڵکی بەرێزی بێگوناه، هەر چونکە نەبوونە مەسیحی، فرێدراونە ئێرە، ڤرجیل دەڵێت دوورنیە لە دواییدا رێگایان بدرێت بچنە بەهەشت . ئەوانە لە قەڵایەکدان کە حەوت دەروازەی هەیە و خەندەکی ئاو دەوری داوە( هەر وەک مسوڵمان مەلای دوازدە عیلمیان هەن، وا ئەمەش بە تەفسیری ئەهلی عیلمی کلیسا! واتا زانایانی حەوت عیلم : رێزمان، بەلاغە، مەنتیق، حیساب، مووسیقا، جوغرافیا، ئەستێرەناسی)؛ شاعیرانی رۆمای پێش زاین : هۆرەس و ئۆڤید و لوکان ( بەخێرهاتنیان دەکەن)؛ سیسێرۆ( شیشرون)، یولیوس قەیسەری رۆما؛ لە یونان : سوقرات، ئاریستۆ، هۆمێروس، هیپۆکراتیس (باوکی دەرمان و دکتۆرانی یونانی کۆن)؛ سەلاحەدینیئەیوبی، إبن سینا، إبن رشد و ...



شکڵی جەهەننەم لە کۆمێدیای دانتێدا

دووەم- ئەهلی گوناهی ئارەزووی جنسی : کلیۆپاترا، تریستان (ی ئینگلیس کە چوو خانمێک بۆ پادشا بهێنێت و لە رێگا دیتی بۆخۆی باشترە!)، " هێلین"خانمی ترۆی ( کە رەدووکەوت و بووە هۆی رووخانی دەوڵەتێك)، سەمیرامیس (سیمورامات = کۆتر) خانمی پادشای ئاشوری ( لەسەر نێوانی جنسیی لەگەڵ کوڕی خۆیدا) و ...

سێیەم- ئەوانەی نەوسن، چڵێس و زۆرخۆرن! ناوی "چاکۆ"یەکیش لێرە دەهێنیت کە پێیدەڵێت : گوێلفییەکان لە شەڕدا دەیبەنەوە و گیبەلینییەکان لە فیرێنزێ وەدەردەنێن(گوتم تو بڵێیت ئەوەهەمان چێکۆ بێت کە لەگەڵ دانتێدا هەجوی یەکتریان کردووە، دەبینم عولەمای تەفسیری دانتێ دەڵێن نا، ناکرێت ئەو بێت) و ... بەراستی ئەوە زۆر سەرنجی من رادەکێشێت چۆن مەسیحییەکیسەدەکانی ناوەندی، مرۆڤ لەسەر زۆرخۆری فڕێدەداتە پلەیەکیخراپتر لەوەی ئەو ژنەی کە لەگەڵ کوڕە-کەی خۆیدا جنسی کردووە .

چوارەم- بۆ خەڵکی بە تەماح و چاوچنۆک، دوو دەستە : ئەوانەی رەزیل و کۆکەرەوەی سامانن و ئەوانەش کە بە دەستبڵاوی تەخشان پەخشانی دەکەن، زۆر کەشە و کاردینال، " پلوتو"یەکیش ( رەنگە مەبەستی خوداوەندی ژێرزەویی ئەفسانە بێت) ...

پێنجەم- جێگای گوناهبارانی تووڕەیی، دانتێ لێرەدا تۆڵەی لە فیرێنزییەکیش کردووەتەوە، فیلیپۆ ئارجێنتی، کە رەنگە ئەو فیلیپۆیە جارێک زللەیەکی لە دانتێ دابێت، یا دژی لێخۆشبوون و رێگەدانی گەڕانەوەی دانتێ بۆ فیرێنزە بووبێت ( یا برای ئەو فیلیپۆیە دەستی بە سەر مڵك و ماڵی دانتێدا گرتبێت – عولەمای تەفسیر وا دەڵێن)، دە فەرموو دەی، تۆ لەم دنیایەدا وا بەرانبەر دانتێ بکەیت، خۆ ئەویش لەو دنیادا بە پێنجەم چینی جەهەننەمتدا رۆدەبات و ئەهە، بۆخۆت لەو رووبارەی قوڕی"ستیکس"دا، دانتێ و ڤرجیل لەگەڵدا بە بەلەم بەلاتدا تێدەپەڕن و تۆش بەگریانەوە دەتەوێت دەستت بە بەلەم بگات، ڤرجیل پاڵێکت پێوە دەنێت و فڕێت دەداتەوە قوڕەکەوە و، هەموو رووحە قوڕاوییەکانی دەوروبەریشت پەلامارت دەدەن : بیگرن! ئەوە فیلیپۆ ئارجێنتییە،... دە بخۆ دەی!

شەشەم- شوێنی ئەهلی بیدعەت و لادان لە سەوابتی دین(وەک کە نەوشیروان مستەفای سلێمانیش قەبووڵی نەدەکرد قانوونی پەرلەمانی دەوڵەتیعیلمانی لە سەوابتی ئیسلام لابدات، وا لێرەش دانتێ وەکو ئەو کاکە نەوەیە لادەران لە سەوابتی دین فڕێدەداتە جەهەننەمەوە). دانتێ ناوی چەند کەسێک دەهێنێت، لەوانە " ئیمپراتۆر فریدریک-ی دووەم "، کە دۆستی " الكامل"ی ئەیووبی و زانایانی ئاکادیمیی مسوڵمانان بووە، چونکە مەسیحی نابێت مسوڵمانی خۆشبوێت، ئەوە دەبێتە لادان لە سەوابتیمەسیحییەتی کلیسا!...فریدریک قودسی بە دیپلۆماسیەت لە مسوڵمانان سەندووەتەوە و نەچووە سەریان ببڕێت یا بە چێشت و کەباب بیانخوات، پاپا لەسەر ئەوە بە کافری ڕاگەیاندووە،"دانتێ"یش لە سەر شۆپی پاپای دەڕوات و دەیخاتە جەهەننەمەوە ... قوربەسەر مەسیح کە گوتوویە دوژمنەکانی خۆت خۆش بوێن . ئەو هەڵوێستەی دانتێ بە پێچەوانەی ئەو هیوایەی بە ئیمپراتۆرێکی بەهێزیشە( کە بە ڕەمزی تاژی باسکرا) . دانتێ - وادیارە بە هەڵە- ناوی " پاپا ئاناستاسیوس"یش لێرەدا دەهێنێت، کە دەبێت مەبەستی لە " ئیمپراتور ئاناستاسیوس" بووبێت، بەڵام ئیتر فریانەکەوتووە پێدا بێتەوە و ڕاستی بکاتەوە... ئەهـ ئاوا پاپایەکیشی بەهەڵە فڕێداوەتە جەهەننەمەوە .

حەوتەم- ( سێ بەش) بۆ توندوتیژی و خوێنڕێژی، ناوی" ئالیکساندر"ێک دەبات(دەبێت مەبەستی ئیسکەندەری مەکەدۆنی بێت ؟ دەبێت عولەمایئەفازلی تەفسیر چی لەوەدا بفەرموون؟)،دیۆنیسیۆسی یەکەم ( تاغووتی یونانیی سیراکوزەی سقلیە) و ... سێنتاوروس( نیوە مرۆڤ و نیوە ئەسپ-ئەفسانەی یونان)... لێرە گوناهبار لە ڕووباری ئاگر و خوێنێکدایە کە دەکوڵێت! ئەوانەی گوناهی خۆکوشتنیانکردووە لێرە بوون بە دارودرەختیلێرەوار وهارپییەکان(باڵندەیئەفسانەیی کە سەری ژنی مرۆڤیان هەیە) دەیانخۆن و، سەگەلیش خەریکن گەڵاکانیان دەدڕن . کافر و هاوجنسگەرای نێر(هۆمۆ) لە بیاباندا بەسەر لمی سووربۆوەدا دەڕۆن و لەسەرەوە بارانی ئاگریان بەسەردا دەبارێت . مزگەوتەکانی مسوڵمانانیش لێرەن، چونکە هەرچەندە مەسیحییانی ئەورووپا زۆر

رێزیان لە سەلاحەدین گرتووە، قەت یەکێکیان وشەیەکی بێڕێزی لەبارەیەوە نەنووسیوە، وا لەم کتێبەشدا هەر لە بەشی لێواری جەهەننەمدایە و باسی هیچ شکەنجەدانی ناکرێت و، تەنانەت ئیشارەتێک بەوە هەیە کە رەنگە لەدواییدا ئەو و" إبن رشد " و" إبن‌سینا " بچنە بەهەشت، کەچی وا مزگەوتەکانی مسولمانانی ئەوەندە بە جەهەننەمدا رۆبردووە ، دوو چین پێش سەهۆڵبەندانی کۆتایی . پێغەمبەری ئیسلام و ئیمام عەلی تەنانەت بۆ پلەیەکی خوارتریش رۆبراون .

هەشتەم- شوێنی فریودەر و قۆڵبڕ، ساختەچی و ئەوانەی کڵاویان ناوەتەسەری خەڵک و تەفرەیان داون، لە دە چاڵی بەردا دابەش‌کراون و پردیان لە نێواندا هەن، یەکێکیان چاڵی " گوو"ە : گەوواد،زمان‌لووسی‌درۆزن، ئەوانەی روتبەی کلیساییان بە پارە فرۆشتووە و بازرگانییان بە دین کردووە، جادووگەر و پێغەمبەری بە درۆ، سیاسیی گەندەڵ، منافق، دز، شۆفار، ئەوانەی بە فێڵی کیمیاوە خەریک‌بوون، سوێندی بە درۆیان خواردووە، شتی قەڵب( پارەی ساختە ...) یان دروست کردووە ... محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام و ئیمام عەلی‌یش فڕێدراونەتە ئێرە .

(ئەوە چۆنە دەوڵەتانی‌عارەبی و ئیسلامی ئەم کتێبەیان لەسەرئەوە لای‌خۆیان قەدەغە نەکردووە؟).

نۆیەم- ( چوار بەش) بۆ گوناهی خیانەت، هەموو لە سەهۆڵدا بەستوویانە، تا گوناه گەورەتر بێت دیارە گوناهکار دەکەوێتە ژێرترەوە : قابیل(کە هابیلی کوشتووە)، ناوی"ئانتێنۆر"ی"ئیلیاس"-ی "هۆمێروس"یشی لێرەدا بە " ئانتێنۆرا" کردووە بە ناوی بەشی دووەمی ئەم چینە، پتۆلێمی (کوڕی ئابوبوس - لە کتێبی ئایینی جوو، یا برای کلیۆپاترا ؟ جەنابی شێخ و مەشایخی تەفسیری کتێبی پیرۆزی دانتێ " قدس‌الله سرهم " لەوەدا چی دەفەرموون ؟)، " یەهودا "ی کە بە ماچەکەی مەسیحی بە گرت دا ... هەموو بەستوویانە ... سەرماتانە ؟ دە بخۆن دەی .

چەند دێڕێک لە "بەشی یەکەم – جەهەننەم"ی ئەسڵە ئیتالییەکەی دانتێ

لە سەرەتای کانتۆی سێیەم :

لەسەر دەروازەی چوونە ناو جەهەنندەم نووسراوە :

"Per me si va ne la città dolente,

per me si va ne l'etterno dolore,

per me si va tra la perduta gente.

Giustizia mosse il mio alto fattore;

fecemi la divina podestate,

la somma sapïenza e 'l primo amore.

Dinanzi a me non fuor cose create

se non etterne, e io etterno duro.

Lasciate ogne speranza, voi ch'intrate.'

بە مندا دەچنە ناو شاری ئێش

بە مندا دەچنە ناو ژانی ئەبەدی

بە مندا دەچنە ناو خەڵکی ونبوو (یا : دۆڕاو)

داد خالقی تەعالای منی بزواند

خاوەنی پیرۆزی قودرەتی موتڵەق دروستیکردم .

بەرزترین حیکمەت و یەکەم ئەڤین

پێش من هیچ شت دروست نەکراوە

جگە لە (یا مەگەر) بوونی ئەبەدی و، من ئەبەد دەمێنم

هەموو هیوایەک وەلابنێن، ئێوەی کە لێرە وەژووردەکەون .

لەوانەی کە لە لیمبۆ (یەکەم چینی لێواری جەهەننەم) بوون :

دێری ١٢٩ی کانتۆی چوارەم، سەلاحەدینی ئەیووبی :

E solo in parte vidi il Saladino

سەلاحەدینم دیت، تەنیا و، بەجیا (بوو) .

دێری ١٤٣ و ١٤٤ی کانتۆی چوارەم :

Ippocrate, Avicenna e Galiano

Averrois, che il gran comento feo

هیپۆکراتیس و إبن سینا و گالیانۆ

إبن رشد ی کە تەعلیقی بەرزی نووسیوە ( لە بارەی ئاریستۆ)

دێری ٧٠-٧٥ی کانتۆی هەشتەم - چینی حەوتەمی جەهەننەم :

E io: «Maestro, già le sue meschite
là entro certe ne la valle cerno,
vermiglie come se di foco uscite
fossero». Ed ei mi disse: «Il foco etterno
ch'entro l'affoca le dimostra rosse,
come tu vedi in questo basso inferno».

و من گوتم : گەورەم، وا مزگەوتەکانی

لەو شیوەدا دەیانبینم،

سووری تاریک دەبنەوە هەروەک لە ئاگر دەرهێنرابن

و ئەو پێیگوتم : ئاگری تا ئەبەد

تێدا نێڵەی دێت سووریان دەردەخات

وەک کە دەبینیت لەم پەستییەی جەهەننەمدا .

دێری ٣١-٣٦ی کانتۆی بیستوهەشتەم - چینی هەشتەمی جەهەننەم

باسی پێغەمبەری ئیسلام و ئیمام عەلی :

vedi come storpiato è Mäometto

Dinanzi a me sen va piangendo Alì,

fesso nel volto dal mento al ciuffetto.

E tutti li altri che tu vedi qui,

seminator di scandalo e di scisma

fuor vivi, e però son fessi così.

دەبینیت محەمەد چۆن فەلەج بووە

لەپێشمە عەلی بە گریانەوە دەڕوات،

دەموچاوی داقەڵشاوە لە چەناگەیەوە تا بە لیسپەموو(ی تەپڵی سەری) دەگات .

هەموو ئەمانەی تریش کە لێرە دەیانبینیت

تووی فەزیحەت و جیابوونەوەیان چاندووە

کاتێک کە لە ژیاندا بوون، بۆیێ وا داقەڵشێندراون .

## ئەعراف

ڤرجیل، دوای ئەوە کە دانتێ بە هەر نۆ چینی جەهەننەمدا دەگێڕێت، دەگەنە بنی بنی کۆتایی، لێیدەردەچن و دەچنە ئەعراف . ئەعراف چیایەکە، چیای چیا ئاسا، لە خوارەوە بەرین و تا پێی-هەڵگەڕێیت تەسکتر دەبێتەوە، حەوت قۆناغە، هەر قۆناغەی بۆ پاکبوونەوە لە گوناهێک و، لە کۆتایی چیا، سەری لوتکەی چیاکە بەهەشتە .

لێرەش، وەکو زۆر قەڵای میرانی ئەوروپا، ئاوێک بە دەوری چیاوەیە، چاوەڕێدەکەن بەلەمێک بیانپەڕێنێتەوە . ئەژدیهایەک پەیدا دەبێت بەڵام دوو فریشتە راوی دەنێن ...

دانتێ خەوی لێدەکەوێت، لە خەویدا سیسارگێک هەڵیدەگرێت، کە وەخەبەردێت دەبینێت لە بەردەم چیاکەیە، ڤرجیل پێیدەڵێت کە ئەوە " سانتا لوچیا" تۆی هێنا ئێرە ...

دوای کاوێژکردنی هێندێک ئەفسانەی یونان (نۆ مووزەکان... ئیدی)، دیتنی زۆر ئەستێرە،لەوانە: چوار ئەستێرەی کە مرۆڤی زەوی نەیاندیتوون( تەفسیر : ١- رەمزی بە لەسەرەخۆیی و پارێزەوە بۆ شت چوون - پێچەوانەی هەڵەشەیی، ٢- داد، ٣- سەبات، ٤- نەرمی - وەسەتیەت، دووری لە سەختگیری و توندڕەوی) ...

دانتێ و ڤرجیل لە سێ پلە سەردەکەون (وەسفی هەر پلەیە) و، دەگەنە دەروازە، لەوێ فریشتەیەک بە سەری نووکی شمشیر حەوت جار پیتی P(پ) لە ناوچەوانی دانتێ هەڵدەکەنێت ( یەکەم پیتی وشەی پێککاتوم peccatum ی لاتین، واتا : گوناه، خەتا . تۆمەز زمانی فریشتەی مەسیحییان لاتینە، لەکاتێکدا ئەوەی مسوڵمانان بە عارەبی دەڵێن : من ربک ؟) .

فریشتە بە دوو کلیل دەروازە دەکاتەوە ( تۆمەز چیاش دەروازەی هەیە و بە دوو کلیل دەکرێتەوە) ... ئیدی دەبێت بە چیا هەڵگەڕێن و، لە هەر قۆناغە تێپەڕن ئەوا یەک " P" لە دەموچاوی دانتێ دەسڕدرێتەوە .




شکلێ پورگاتۆریۆ (ئەعراف) لە کۆمێدیای دانتێدا

حەوت قۆناغەکان بۆ پاکبوونەوە لەم حەوت گوناهانەن :

١- غروور( و فیز و شانازی بە خۆ کردن) .

٢- ئیرەیی بردن ( حەسوودی) .

٣- تووڕەیی .

٤- تـەنبـەڵی .

٥- رەزیـلی( سـەقیلی و تـەماح و چـاوچنۆکی) .

٦- چـڵێسـی و زۆرخـۆری .

٧- ئارەزووی جنسی .

پـاکـکـردنەوە لە هـەر گـونـاهە، دیارە میکانیزمی خۆی هـەیـە : لە یـەکـەم قۆناغدا بـاری گـەورە دەخەنە سـەر پشـتی رووحەکان تا بیگوازنـەوە، بەوە نـاچارن رابێن بچەمێنەوە، ئیدی فیزیان بەوە دەشـکێت، "دانتێ"یش بۆ قسـەکردن لەگەڵیان دەبێت بچـەمێتەوە و بەگوێـرەی ئـەو میکانیزمـە لەو قۆنـاغە دەردەچێت، ئیدی یـەک " P" (پ) لە نـاوچـەوانی دەسڕدرێتەوە . لە قۆناغی دووەمدا : حەسوودان پێڵوی چاویان بە تەلی‌ئاسن لە خوار چاویان دووراوە، ئیدی هیچ نابینن تا حەسوودی بە کەس ببەن ( دانتێ شـانسی هەیە کە وای بەسـەرنـاهێنن!) ... شـاعیرانی نـاودار و پادشایانێک، ئیتالی، یونانی، رۆمانی، ئـەوروپایی تر، تەوراتی و ئینجیلی ... هـەمووی لەو چیایەن، کە دانتێ و ڤرجیل قسە لەگەڵ زۆریان دەکەن، باسی شیعر و ئـەدەبیات و شـەڕ و حوکم و ئـەخلاق و زۆر شتیان لەگەڵدا دەکەن ( دیارە هـەمووی لە روانگەی ئـەخلاقیی کلیساوە) : گـویدۆ، ئـارنۆ دانێل، پیتەری ئـاراگۆن، کوروش و ... ئـەگەر هەموویان ناوبەرین ئەوا دەبێت لیستێکی دوورودرێژ بە چـەند لاپـەڕەیەک ناوی ناوداران بنووسین، کە ئەوە کتێبەکە ئەوەندەی دی لەلای من رەزاقورس دەکات، من تێناگەم بۆچی یەک یا چەند کەسێکی کەمی لە هەر سنفە بۆ حوکمی‌کلیسایی لەسەریان هەڵنەبژاردووە، ئەو هەموو ناوەی کە قەت بیسترابن بۆچی ؟ تا پێمان بڵێت چەندە خوێندەوارە و

ئەو هەمووە کتێبەی خوێندوونەوە و، هەموو ئەوانە دەزانێت ؟

دانتێ، إبن رشد و إبن سينا و سەلاحەدین و پێغەمبەری ئیسلام و ئیمام عەلی ی خستنە جەهەننەمەوە، مسوڵمان لە غەیری جەهەننەمدا نیە، بەڵام نـاڵێت ئەو موجاهیدانەی خاچپەرستان کە لە مەعەررە منداڵیان کردن بە کەباب لە کوێن ؟ کە نـاکرێت موجاهیدی مەسیحی وەکو " ئیمام عەلی" بچێتە جەهەننەم، ئێ خۆ هـەر نەبێت با لێرە لە ئەعراف " P"یـەکی زێدەڕۆیی لە نـاوچەوانی خۆی پاک بکاتەوە ... بـەڵام نا، نیە ... ئای لەو ئینسافەی خۆت و کلیساکەت دانتێ، وای لەو ئینسافەتان .

## بەهەشت

دانتێ، سـەرەتا بیاتریچێ لە ئەو بەهەشتە دەبینێتەوە کە ئـادەم و حـەوای لێبوون . بیاترێچی زۆر گلەیی ئەو بێوەفاییەی لێ دەکات کە لە دوای بیاتریچێ دڵی داوە بە کەسی تر . ئەوجا، بەگوێرەی دوا ئـەستێرەناسیی" کـلاودیوس پتۆلیمی"( بطلیموس)ی کە دووسـەد سـاڵێک پێش دانتێ لە ڕۆما ژیاوە ( کە تێدا ئـەم زەوییەی ئێمە مەرکەزی هـەموو گـەردوونە) . بـەهەشت بە چەند " سفیر"ی ئاسمان دابەش دەکات( " سفایرا"ی یونانی، کە بە عەقیدەی ئەوسا چینێکە بە دەوری زەوییەوە) :

١- مانگ ( ی ناسەباتان) .

٢- عطارد (ی نیازمەند و ئارەزوومەندان) .

٣- ڤینوس(زهرە، ناهید ی ئەوانەی سەر بە ئالیهەی ئەڤینن) .

٤- هەتاو( ی حیکمەت، تۆماس ئاکیناس و سـان فرانسیسکوس و ... یـەک دنیا سـان فڵان و سـان فیسار تێدا و حەزرەتی سولەیمان ... کەواتا کەسانێکی پێش مەسیحییەتیش ... ) .

٥- مریخ ( بارام، مارس - بە ناوی خودای شـەڕ لە ئـەفسانەکانی یـونان، دانتێ لە کـانتۆی ١٥یدا ناوی بابی باپیری خۆیشی دەبات کە دەڵێت لە حەملەی خاچپەرستەکاندا بەشدار بووە) .

٦- مشتەری ( بۆ فەرمانڕەوایانی دادپەروەر : حەزرەتی داود، ترایان، قسطنطین ...) .



دانتێ و دڵبەرەکەی لە " بەهەشت"ی کۆمێدیایدا

٧- زحل (کیوان- ی ئەندیشە، بیرکاران) .

٨- ئەستێرە جێگیرەکان کە نابزوێن : عەقیدە و هیوا و ئەڤین ( فڵانە سان و فڵانە و فڵانە پاپا) .

٩- سفیری لە بزووتنەوەدا، فریشتەکان .

لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە رووناکیی عەرشی خودا، کە بە دوعای سانت " بێرناردوس"ی کلێرڤۆی فەرەنسی( ١٠٩٠-١١٥٣) بە نسیبی دانتێ دەبێت، دانتێ بەو رووناکی و هەستە بە ئەو مەقامە دەگات کە - بە زاراوەی ئیسلامی- دەبێتە فەنا فیللا .

ناوی ئەو هەمووە پیر و ئەولیایە... سان فڵان و سان فیسار و چی دەڵێن و چی ناڵێن، کە دەکرێت زۆرترینی دێرەکانی وەهابن کە هەر دێرە و کتێبێکی عولەمای تەفسیری تەبەری و مەبەریی کلیساییان هەڵبگرێت، بۆچی فڵانە ئەولیا لە فڵانە شوێنە و، چی بە کێ دەڵێت و وەڵامەکەی چیە .
بۆ تێگەیشتنی دنیای کتێبەکە، وا باشە لە خەیاڵی خۆماندا ناوەکانی ئەو فڵان و فیسارانە بەوانەی دنیای ئیسلام بگۆڕین، بیانکەین بە : إبن کثیر و ابن تیمیە و ابن سیرین و ابن عباس و حەوت هەزار ئیینی تر و، ئەوجا حەوت هەزار ئەبو فڵان و فیساری تریشی بخەینەسەر ... تا بزانین بۆچی کامەیان دەکەوێتە کوێی ئەو بەشانەی خوار عەرشی موعەللاوە ... باشە من ئەو تورەهاتەم بۆچیە ؟ من لە لێکۆڵینەوەی ئەو هەمووە کتێبانەی ئیبن فڵان و ئەبو فڵان، جگە لە کوشتنی بە خۆڕایی کاتی خۆم چیی ترم دەست دەکەوێت ؟ سان تەرەماش و سان تەرەنیسک، سان چیی بە برا گورگ گوت و کەرویشکەکەی چیلێکرد و لەئەنجامدا کامە سفیری بە دەوری زەویی مەرکەزی گەردووندا پێبرا ... ئەمە چ قۆڕیاتێکە ؟

ئەوەی من لە شیعری عیرفانیی حافز، مەنسووری حەللاج، مەحوی ...؛ یا ناسکیی دەربڕینی مەولەویی تاوەگۆزی، نالی ...؛ یا هێزی وەسفی أبو نواس یا المتنبي یا شێخ رەزایدا دەبینم، لێرەیدا نایبینم . ئەگەر بمەوێت ئەو هەمووە هەقایەتانەی ئەفسانەکانی یونان یا رۆما بزانم، خۆ دەچم کتێبی

تایبەتی ئەو باسانە سەیردەکەم؛ ئەگەر بمەوێت ئاگاداری دنیای پاپا و کلیسا و ئەو شتانەش ببم، خۆ دەچم لە کتێبی مێژووی ئەوانە دەگەڕێم .

لە رووی زمانەوە، گرنگیی دیوانە شیعرە عارەبییەکان بۆ عارەبییەکەیان و دیوانە شیعرە یونانییە-کان بۆ یونانییەکەیان و دیوانە شیعرە ئیتالییەکان بۆ ئیتالییەکەیان ...ئەوە شتێکە بەڵێ من تێیدەگەم، بەڵام ئاخر دانتێ لە دنیادا هەر بۆ زمانە ئیتالییەکەی نیە کە ئەو مەرکەزە گرنگەی هەیە و، منیش بۆ ئەوە سەیرم نەکردووە . من لام وایە " ئەوروپاییەتی" و " کلیسایەتی" وا بەرزیانکردووەتەوە، ئەینا هەر ئەوەندە ئەگەر ناوە ئەوروپاییەکانی تێدا عارەبی بوونایە و ناونیشانە کلیساییەکانیشی ئیسلامی بوونایە، بە بێ هیچ گۆڕانێکی تر تێدا، پێم وا نیە ئەم مەرکەزەی لە دنیادا هەبوایە .

# " دێکامێرۆن"ی بۆکاچۆ 

Giovanni Boccaccio, Il Decameron

جۆڤانی بۆکاچۆ١٣١٣-١٣٧٥، شاعیر و نووسەر بە هەرتک زمانی لاتین و ئیتالی، لە سەرەتای شیعردانانی زۆر لە ژێر تەئسیری"دانتێ"دا بووە ( شیعری" راوی دیانا")، دواتر زۆر لە پێترارکا نیزیک دەبێتەوە و دێتە ناو ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی رۆژئاوادا بە "رێنێسانس" و"هومانیزم " ناو-دەبرێت . " فیلۆکولۆ"یەک دەنووسێت، کە پەخشانە، کەسێک بە ناوی " فیلۆکولۆ" وێرای چەند دۆستێکی ژن و پیاوی تێدا چەند چیرۆکان دەگێرنەوە، کە دەکرێت بڵێین جۆرە بەرکولێک بووە بۆ " دێکامیرۆن" ی زۆر بەناوبانگی .

ئەوجا شیعرێک بە ناوی " فیلۆستراتۆ"(وشەیەکی نیوە یونانی و نیوە لاتین، واتا : ئەڤین لێدراو، تووشبووی ئەڤین) دەنووسێت کە باسی دڵبەر و دڵدارێکە لە مێژووی " ترۆی"ی یونان(ترۆیلوس و کرێسیدا)، کە هەم چۆسەر و هەم شکسپیر بە تەواوی لە ژێر تەئسیریدا شیعریخۆیان بۆ هەمان دڵبەر و دڵدار دەنووسن . بۆکاچۆ چەندین بەرهەمی شیعر و پەخشانی تریشی دەبن، بەڵام ئەوەی کە هەرە بەناوبانگی دەکات بریتیە لە " دێکامێرۆن"ـەکەی .

بۆکاچۆ، ژیننامەی"دانتێ"ی نووسیوە، زانیاریی بۆ ئەوە لە کچ و خزم و ئاشنایانی دانتێ وەدەست-هێناوە . ژیننامەی خۆی نەنووسیوە، بەڵام لەوەندەی لێیدەزانین، تێدەگەین کە بە کاری رەسمیی ئیدارەی فیرێنزێ چووەتە لای کچی" دانتێ" کە ناوی" بیاتریچێ" و لە " راڤێننا " دێرنشین بووە و ١٠ فلۆرینی زێری داوەتێ بۆ قەرەبووی ئەو غەدرەی کە " فیرێنزێ " لە باوکی کردبوو . بە هەمان شێوە دەچێتە لای " پێترارکا "ش، دەیەوێت ئەویش وەها قەرەبوو بکاتەوە( چونکە باوکی ئەویش وەکو دانتێ و بە هەمان خەتا لە فیرێنزێ راونرابوو) بەڵام بە مەرجێک بچێت لە فیرێنزێ بژیت، پێترارکا نە پارەکە قەبووڵدەکات و نە دەشچێت لەوێ بژیت، بەڵام هەرتک شاعیر نێوانیان تا سەر هەر باشدەمێنێتەوە،هەرچەندە " پێترارکا" تا دێت پتر پشت لە زمانی " ڤێرنا - خۆ، زێد " دەکات و لە لاتین هەڵدەچێتەوە و، بۆکاچۆش هەر لەسەر رێبازی زمانی"زێد- خۆ"ی ئیتالیی خۆی

دەمێنێتەوە .

من کە پێشـەکییەکەی بۆکاچۆ خۆی بۆ " کامێرۆن"ی دەخوێنمەوە، وای دەبینم کە ئـەو کتێبەی هەر بە تایبەتی بۆ خاتری خانمان نووسـیبێت، چـونکە دەڵێت کە خانمان لە نێوان چواردیواری ژووری ماڵدا بێتاقەت دەبن، ئەو ئیمتیازانەی پیاوانیان بۆ دەرچـوون و گەڕان و جۆرەها سـەرگەرمی نیە، دەتوانن کتێبی وەها بخوێننەوە . یەکەم رستەی کتێبەکەش - لەدوای پێشەکییەکەی- بریتیە لە : (هەرچەندە هێندێک جار ئەی نازەنینترین خـانمان، Quantunque volte, graziosissime donne,... ...) ئـەی پیاوەکان ؟ ئـەوە چیرۆکەکەی " چێخۆف" وەبیردەهێنێتەوە کە تێدا باسی زیـانی سیغارکێشـان بۆ خەڵکێک دەکات : "خانمان و ... با وەک بڵێین پیاوانی بەڕێزیش! " بەڵام خۆ بۆکاچۆ لێرەدا لەدوایی رستەکەشیدا"با وەک بڵێین پیاوان"ێکی بە دووەوە بە بیردا نایەت . بە شێوەی کە باسی هـەسـتی ژنان دەکات، هەر لە پێشەکییەکەوە، من لە نێوان دێرەکانیدا هەست بە جۆرێک"بالزاک"ی فـەرەنسی، بە هەستی زۆر ژنـانە دەکەم، هـەرچەندە دواتر لە رێخۆشکـردنی بۆ چیرۆکەکان، شـتانێک لە سەر زمانـی ژنێک دەڵێت کە بە دژایەتیی ژنی لێوەرگیراوە و بۆ ئەوە رەخنەی لێ گیراوە : " ئەگەر چەند ژن پێکەوە بن، بە بێ ئەوە کە هیچ پیاوێکیان لا بێت، ئەوا نـاگونجێن و بەگژیەکتردا دەچـن، زەعیفەن ... ئیدی" لەو قسانە، بـەڵام من لام وایە هـەستی ژنانە لە کتێبەکە هیچ بەوە کەم نـابێتەوە، تـەنانەت - لام وایە- لە رووی هـەستەوە، بۆ زۆر ژنان و پیاوانیش " شـەهوانیتر"یشـی لێ دەکات . رەنـگە " فێمێنیست " نەبێت(باسی مافی یەکسانی ژن و پیاو نەکات)، بـەڵام زۆر" فێمێنینە "(پڕ لە هەستی ژنانەیە) . بۆکاچۆ واقیعی بیرێکی گێڕاوەتەوە کە ئێستاش دوای ئەوەندە سەدەیەش بەتەواوی لەناو- نەچووە، بەڵام نەیگوتووە کە ئەو ئەوەی پێ راست بووە، ئەوەشی هەر بۆ گونجاندنی چیرۆکەکەی کـردووە تا سێ پیاو بترنـجێنێتە ناو ئـەو حـەوت ژنـە . بۆ فێمێنیست نـەبوونـەکەش، خۆ ئـەوەتا لە دە رۆژان، حـەوتیان ژن تێدا " پـادشـا "ی دەسـتەکەن ( کە سێ پیاو و خزمەتکارەکانیشیان تێدان)،

تەنیا سێ رۆژ پیاو پادشان . ژنیش چ ژن ؟ تێدا بە چیرۆکەکانیان ئەو هەمووە جنێوانە بە پیاوانی کلیسا دەدەن، هەر لە گەورەترینەکەیانەوە کە پاپایە تا بە بچووکترین کەشەیان دەگات و، ژنان تێدا لە دێریشدا پیاو دەگرن، بە ریز ریزی لێدەگرن و بەهەمووان لە رووی جنسییەوە بەکاریدەهێنن . ئێ وا بە زۆر شکاندنەوەی تەفسیرەکان، بە دوور لە سیاقی ئەسڵ، دەکرێت بە شێوەیەکی تریش تەفسیربکرێن .

بۆکاچۆ، سەرەتا زۆر شەیدای " دانتێ"ی ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەندی بووە، دەبێت شەیدای زمانە ئیتاڵییەکەی و سەنعەتی شیعری بووبێت، ئەینا ئەگەر دانتێ ئەوەندە بژیایە کە فریای دیتنی" دێکامێرۆن" بکەوتایە، دەبوو چیی بە بۆکاچۆ بگوتایە ؟

دانتێ، خەڵکێکی لەسەرئەوە فڕێداوەتە جەهەننەمەوە چونکە چیرۆکە رۆمانسییەکانی عیشقبازیی یاوەرانی" ئارثەر"ی پادشای ئەفسانەیی ئینگلیسیان خوێندووەتەوە ( شتی وەک " سێر گاواین و سوارەی سەوز " و ... ئیدی)؛ هەر تەنیا لە سەر گوناهی خوێندنەوەکە، دە ئەوەندەی من لەوانەی دەزانم، هیچ وەها نین کە گوناهیان تێدا بێت . ئەسڵەن ئەوانە هیچ سووکایەتییەکیان بە کلیسا تێدا نیە، لە کاتێکدا کە دێکامێرۆن هەر لە سەرەتاکەیەوە تا کۆتاییدێت هەر جنێودانە بە چینی کاهینانی مەسیحیی رۆما : بە بێناموس و سۆدۆمیت ( قەومی لووط) و قۆڵبڕ و درۆزن و حیز و دز و جەردەیان پیشان دەدات .

خۆزیا ئێستا رووحی دانتێ " لە هەرکوێیەکی کۆمێدیاکەیەیە" فیلمی " دێکامێرۆن"ی دەرهێنانی " پازۆلینی Pasolini " ١٩٢٢-١٩٧٥( لە رۆما کوژرا)ی دەدیت، کە تێدا هەر لە چەند دەقیقەی یەکەمەوە، ئەو هەمووە خانمە دێرنشینانە لە دێرەکەیان ریزدەگرن تا بە نۆرە شتەکەی ئەو پیاوە بمژن کە وەدەستیان هێناوە تا بۆی رەقبکەن و دوای ئەوە بەسەر خۆیانیدا بکێشن ... یا خۆیان بە سەر ئەودا بکێشن، ئەوەش بۆ کێ ؟ بۆ خوێندنەوەی ئەو خانمانەی کە لە نێوان چوار دیواری ژووری ماڵدا بێتاقەتن! ... دانتێ ئەوەی بدیتایە تا بمانزانیبا چۆن هەرتک بۆکاچۆ و پازۆلینیی

دەناردنە جەهەننەمەکەیەوە .

بۆکاچۆ، بەتایبەتی لەوەتای نێوانی لەگەڵ پێترارکا پەیدا کرد، تادەهات پتر لە دنیایئەدەبیاتی سەدە-کانی ناوەندی دانتێ و مانتێ دووردەکەوتەوە و، دەچووە دنیای رێنێسانسیهومانیستیی پێترارکەوە .

چەندین پەتای تاعوون لە مێژووی ئیتالیادا تۆمارکراون و، باسی هێندێک لەوانە، وەک دەبێت چاوەڕوان بکرێت، لە کەرستەی ئەدەبیاتی ئەو وڵاتەدا دەبینینەوە . یەکێک لەوانە تاعوونی ساڵی ١٣٤٨ـە کە بۆکاچۆ ئەوسا تەمەنی٣٥ ساڵ بووە، باوک و باوەژن و کۆڵێک هەڤاڵ و قەوموقیلەی بە ئەو پەتایە مردوون، ئیتر وا ئەو خۆی لێی خەلەستووە . دەڵێن رەنگە ئەو ساڵە لە " ناپۆلی" بووبێت، بەڵام دوای ئەوە دێتەوە فیرێنزێ و، لە نێوان ١٣٤٩و١٣٥٣دا لە فیرێنزێ " دێکامێرۆن" دەنووسێت .

" دێکامێرۆن " گێرانەوەی سەد چیرۆکە بە پەخشان ( و وادەبێت چەند دێری شیعریش دەکەوێتە گێرانەوەی چیرۆکێک) . کە من لێرەو لەوێ دەخوێنمەوە " بۆکاچۆ" فڵانە چیرۆکی ئەم کتێبەی لە فڵانە نووسەری فەرەنسی وەرگرتووە و فیسارە چیرۆکی لە فیسارە نووسەریئیتالی و، ئەو چیرۆ-کەی تری لە فۆلکلۆری مەڵبەندەکەی خۆی وەرگرتووە و، ئەوەندەش لەوانە(لەبارەی بێناموسیی پیاوانی کلیسا بەنموونە) هەر لە ناو خەڵکدا باوبوون و، ئەو بە ئەو پەخشانە جوانەی دایرشتوونە-تەوە، ئەوە هەمووی وام لێ دەکات بڵێم ویستوویەتی وەکو "هەزارویەک شەو"مکەی کە شەهرەزاد گێراویەتەوە، ئەویش سەد چیرۆک بە" دە رۆژ" بە " دە کەس"بگێرێتەوە .

" دێکامێرۆن " (هۆڵەندی و وادەبێت ئەڵمانیش دەیکەن بە دێکامێرۆنە) بە یونانی واتا " دە رۆژ" ( دێکا= دە، هێمێرا = رۆژ، بەسەریەکەوە وای لێدێت) .

ئەگەر بهاتایەو "هێمن" سەد چیرۆکی لەوانەی خۆی و هەژار و خانەقا و، هێندێک لەو بابەتانەی کە لە "رشتەی مرواری"ی سەجادیدا دەیانبینین، بەو پەخشانە سیحراوییەیخۆی دابرشتنایە، بڵێین

بە دەرهێنانێکی وەها کە بڵێت ئـەوەندە کەس چـۆن کۆدەبنەوە و دەیگێرنەوە، ئەوا ئـەو کـارەی - بە بیری من - رێک دەبوو بە شـتێکی وەک " دیکامێرۆن" ی ئیتالی لە ئـەدەبیاتی کورددا، چونکە خۆ نووسینی پەخشانی ئەدەبیی کوردیش لە سـەردەمی هێمندا تەمەنی هەر ئـەوەندەی ئەوەی پەخشانی ئـەدەبیی ئیتالی بوو لە سـەردەمی بۆکاچۆدا (ئیتالی پێشتر هـەر بە لاتینیان نووسـیوە) و، بە هـەمان شێوە دەبوو بە سەرمەشقێکی گرنگیش بۆ خوێندەواریی کوردیمان .

دیکامیرۆن، سـەرەتا، سـاڵ و شـوێنی تاعوون دیاردەکات : ١٣٤٨ فیرێنزێ و، هەشت لاپەرەیەک بۆ وەسـفێکی ئێجگار زۆر بەهێز و زیندووی ژیانی فیرێنزێ و دەوروبـەری لە کاتی تـاعوونەکەدا تەرخاندەکات، من کە دەیخوێنمەوە مووچرک بە لەشمدا دێت،هەر دەڵێیت خۆم تێدام، وەکو ئەوەی کە هێمن باسی ژنهێنانەکەی خۆی لە پێشـەکیی"تاریک و روون"دا دەکات، کە من بە خوێندنەوەی وا دەزانم خۆم لەلای خۆی و دایکی بووم کە باسی هێنانی ئەو ژنە "چکۆڵە"یەیان کردووە .
من باسی تـریشـم لە بارەی تـاعوونەکانی ئیتالیا خـوێندوونەوە، بە نموونە لە رۆمانـی بـەنـاوبانگـی " دەزگیرانەکان"ی سەدەی نۆزدەی"مانزۆنێ"دا کە باسی تاعوونێکی سەدەی حەڤدەی میلانۆ دەکات.
لە هەر کام لەو باسانەدا شـتی وەهام دیتوون کە لەوەکانی ترمدا نـەدیتوون . بۆکاچۆ لێرەدا لە باسی تاعوونەکەی " فیرێنزێ "دا دەڵێت : دوو بەراز لەسەر رێگا لمۆز دەژەننە پەرۆوپاڵێکی فڕێدراوی کە دیارە لە مردوویەکی تـاعوون بەجێماوە، هـەرتک بەراز چێیان بە سـەر دێت و هـەر لە چـەند دەقیقەیەکدا چۆن بە سـەر ئـەو پـەرۆوپاڵەدا دەکەون و دەتۆپن؛ چۆن مـرۆڤ مەرگی مرۆڤی تر، تـەنانەت مـەرگی نیزیکترین کەسـی، هـەر ئەوەندەی مـەرگی بزنێک و تـەرمەکەی وەک کـەلاکی بزنێک حیساب بۆ دەکات نە پتر. من هەرلەوەندە سەرەتایەوە دەڵێم : توخوا پێترارکا حەیفت نەکرد بە بۆکاچۆت گوت دەست لەو پەخشانە ئیتالییە بەهێز و رەنگین و جـوانە هـەڵبگرێت و بـکەوێتەوە سەر نووسینی بە لاتین ؟

ئەوجا دەڵێت : كەسێكی جێبڕوام بۆی گێڕامەوە كە ئا لەو هەلومەرجەدا، حەوت خانم، بۆ مەرا-سیمی دوعا و نوێژ، بە رێكەوت، سەرلەبەیانیی سێشەممەیەک، لە كلیسای" سانتا ماریا نۆڤێللا "دا كە كەسێكی تری ئەوتۆی لێنەبوو، یەكتریان گرتەوە، هەموو كەس و خزم و ئاشنای یەكتر بوون، پۆشاكی بە رەنگی كە بۆ ئەو رۆژانە دەگونجا، رەش و ئیدی دەبەردا، تەمەنیان لە نێوان ١٨ و ٢٧ ساڵدا، هەموو هەست ناسک، نەجیبزادە، بە دیمەن تەرز، بە ئاكار جوان و لەبەردڵان بوون. ناوی راستەقینەیان ناڵێم، تا رێگا بە شۆفاران نەدەم شتی خراپ لەبارەیانەوە بڵێن، ئەوسا هەلومەرجەكە لە كۆتایی دنیای دەكرد و- وەک روونم كردەوە- سنوور بۆ گوتن و كردنی هێچ نەمابوو، ناوی دیكەیان لێرەدا بۆ دادەتاشم . یەكەمی ئەو خانمانە، بەتەمەنترینەكەیان ناودەنێم" پامپینیا "، ئەوجا : فیامێتا، فیلۆمێنا، ئێمیلیا، لاورێتا، نێیفیلێ، ئێلیسا .

"پامپینیا" پێشنیار بە دەستەخوشكەكانی دەكات كە لە شار دەرچن و ماوەیەک لە دێهاتیدەوروبەر، لە كۆشی تەبیعەتی جواندا( وەسفێكی ئەو تەبیعەتە جوانە) بە خۆشی بەسەربەرن . هەموو زۆریان پێ باش دەبێت، بەڵام " فیلۆمێنا" دەڵێت كە ئێمە زەعیفەین و پیاومان لەگەڵ نەبن ناگونجێین . باس گەرم دەبێت، بەڵام پیاو لە كوێ بێنین ؟ خۆ هەموو وا دەمرن .

لەوكاتەدا سێ جەوان وەژووردەكەون، جەوانترەكەیان وێدەچێت بەلای كەم ٢٥ ساڵێک تەمەنی بێت؛ ناویان : پانفیلۆ، فیلۆستراتۆ، دیۆنیۆ . هەر سێكیان قۆز و نەجیبزادە و دەموچاویان پڕ لە ژیان و ئارەزوو و ... خانمەكان باسی پێشنیارەكەیان لەگەڵدا دەكەن و داوایان لێ دەكەن ئەگەر بیانەوێت لەگەڵیان بچن . پیاوەكان سەرەتا باوەڕ بەوە ناكەن كە دەیبیسن، وادەزانن گاڵتەیان پێ دەكەن، بەڵام كە دەبینن نەخێر بەڕاستیانە، تەبیعی بە ئەوپەڕی كەیفەوە قەبووڵی دەكەن .

رۆژی دوای ئەوە، تاریک و ڕوونی چوارشەممە، هەر دەیان وێڕای چوار قەرواشی خانمان و خزمەتكارێكی هەر پیاوە، وەڕێدەكەون .

سێ كیلۆمیتر و شتێک لە دەرەوەی شار، دەگەنە كۆشكێكی گەورەی بە شكۆ و باخچە و گوڵ و

گوڵزار، کە لە سەر گردێکە. بڕیار دەدەن هەر ڕۆژە یەکێکیان پادشاییان بکات و، فەرمانی بەجێ بهێنن، لە کۆتایی هەر ڕۆژەدا بڕیاربدات کێ سبەی جێگای‌بگرێتەوە. ئەوە یەکەم ڕۆژ " پامێنێیا " دەبێت . پێشنیاری ئەوەی قەبووڵدەکرێت کە هەر کەسە چیرۆکێک بگێڕێتەوە ." پامێنێیا " فەرمان دەکات کە : پانفیلۆ، تۆ، بە کەیفی خۆت، چی چیرۆکێکت دەوێت، بگێڕەوە، ئێمە هەموو گوێ دەگرین ... بەوجۆرە لە لاپەڕە ٣٧ی ئەو چاپە ئیتالییەی کە من لە ئینتەرنێتدا دەیبینم یەکەمی سەد چیرۆک دەست پێ دەکات . هێندێک چیرۆک کورت و هێندێک درێژ، تا کۆتایی دەیەم چیرۆکی دەیەم ڕۆژی چیرۆکگێڕانەوە دەکەوێتە لاپەڕە ١١١٥. دوا وەرگێڕانیئینگلیسیی کە من پێ بزانم، وەرگێڕانی J.N. Nichols ، کە Everyman's Library ساڵی ٢٠٠٩ زۆر جوانی چاپ کردووە، ٦٥٥ لاپەڕەی گرتووەتەوە .

١ : ١

پوختەیەکی یەکەم چیرۆکی یەکەم ڕۆژ :

(..) "چێپارێللۆ"ی تۆمارکاری قانوونی سەنەدان، کە هەر بە"چاپێلێتۆ" ناودەبرا چونکە بچکۆلە- یەک بوو و زۆر ئاگای لە پۆشاکی بوو، زۆر شەرمی بەوە بوو کە کارێک لە کارە کەمەکانی تۆماری قانوونیی دەرچووبا کە ڕاست و ڕەوایە و، گزی و فزی تێدا نیە . بە بێ ئەوەش کە بڵێیت ساختەچێتییەکەی بۆ پارە کردبێت، هەر بۆ مەیلی دڵیخۆی ساختەی وای دەکرد وەک کە پارەیەکی زۆریان بۆ ئەوە دابێتێ . لەو سەردەمەدا کە "سوێندخواردن" لە دادگاکانی فەرەنسا زۆر گرنگ و کارا بوو و، ئەویش هەمیشە ئامادە بوو سوێندی بە درۆ بخوات، بە بێ‌ئەوەش کە داوای لێ‌کرابێت، هەر لە خۆیەوە دەچوو شاهیدیی بە درۆی لە دادگا دەدا؛ ئیدی بەو سوێندە درۆیانەی زۆر حاڵەتی بۆ زۆر کەس بردەوە و، ناوبانگی زۆری سەرکەوتنی لە دادگاندا پەیداکرد . شۆفارێک بوو و، کەیفی بەوە دەهات نێوانی هەڤاڵان و خزمان تێکبدات، تا بەدکاریی پتری بکردایە شادتر دەبوو .



یەکێک لە رەسمەکانی کە بۆ دێکامێرۆن کێشراون

هەمیشە ئامادەبوو لە کوشتنی مرۆڤێکدا بەشدار بێت، تەنانەت بە دەستیخۆی خەڵکێک بخنکێنێت . کافرێک بوو،قەت سەری بە کلیسادا نەدەکرد و، بە شادییەوە رووی هەر لەمەیخانەکان و شوێنانی بەدناو دەکرد . قومارچی بوو و لەوێشدا فێڵی دەکرد . دز بوو، جەردە بوو ... هەمووشتی خراپ . رۆژێک،کە لەماڵی دوو برای سوودخۆر بوو لە فیرێنزێ، زۆر نەخۆش کەوت، دوو سوودخۆرە- کە لەنێوان خۆیاندا باسی ئەومیان کرد : ئێستا ئەگەر ئەو بەدکارە بمرێت چی لێ بکەین ؟ مەگەر ئەوە هی کلیسایە ؟ مەگەر هەر وەکو سەگ فڕێبدرێتە قوولکەیەکەوە ... بەڕاست ئەوە چیبوو لێرە لێمان نەخۆش کەوت ؟

چاپێللێتتو گوێی لە قسەکانیان بوو، بانگی کردن و گوتی : خۆتان نارەحەت مەکەن، کەشەیەکی چاکم بۆ بهێنن - ئەگەر هەبێت! من خۆم ئەو کێشەیە بۆ ئێوە و بۆخۆشم چارە دەکەم .

کەشە هات، لێی پرسی : تۆ کەی دواجار بۆ ئیعتیراف لە کلیسا بوویت ؟ ( کە ئەوە رۆتینێکی کاتۆلیکانە) . ئەو کە قەت لە ژیانیدا سەری بە کلیسادا نەکردووە، گوتی : من هەموو حەفتەیەک جارێک و هێندێک حەفتەش پتر لە جارێک بۆ ئیعتیراف چوومەتە کلیسا، بەڵام هەر ئەم دوا هەشت رۆژەی کە نەخۆشکەوتووم نەمتوانیوە بچم .

ـ ئەی گوناهی ئارەزووی جنسی ؟

ـ قەت لە ژیانمدا نەمکردووە، بوخچەینەکراوم، چۆن لە زگیدایکم بووم تا ئێستا هەر وا ماوم .

ـ بارەکەڵلا کوڕم، دەی ئەدی گوناهی چڵێسی و زۆرخۆری ؟

ـ ئەومیان بەڵێ، ئەرێ وەڵلا، من کە جگە لە رۆژانی رۆژووی ئاسایی، هەر حەفتەیەش سێ رۆژ بەڕۆژوو بووم، ئەوجا کە پارچە نانێکی رووتم بە هێندێک ئاوەوە خواردووە، زۆر بە ئیشتیا ئاوەکەم خواردووەتەوە ... زۆر بە چڵێسی... ئەو گوناهەم کردووە، بەتایبەتی کە بە نوێژی زۆر و حەجی شوێنی پیرۆز ماندوو دەبووم وام دەخواردەوە وەک کە شەرابخۆران دەکەونە سەر شەراب ... بەوجۆرە، چەند لاپەڕە پرسیار و وەڵام : ئەدی بۆ سامان و پارە ؟ ئەمانەت و دەستپاکی ؟

سوێند و شاهیدی ؟ لە خەڵک تووڕەبوون ؟ ... یەک بە یەک وەڵامەکان وەکو ئاوخواردنەوەکەی بە جۆرێک بە ئاکاری ئەولیایان دەگێڕێتەوە، کە یەک لە یەک پتر مرۆڤ وە پێکەنین دەخەن .

کەشە پێی دەڵێت : ئەگەر کۆچی دوایت کرد، دەتەوێت لای خۆمان بتنێژین ؟

ـ جا کوا منی وا گوناهبار ( کە وا بە چڵێسی ئاوم خواردووەتەوە) ئەوەم بە نسیب دەبێت ؟ ئەرێ وەڵڵا زۆر حەزدەکەم .

چاپیێللێتتو دەمرێت و، تەرمی دەبرێتە کلیسا، ئەو کەشە چاکەی ئیعتیرافەکانی لێ بیستبوو، پیرۆز- یی ئەو ئەولیا کۆچکردووە بۆ خەڵکەکە دەگێڕێتەوە، خەڵک دەکەونە ماچکردنی دەست و لاقی کۆچکردوو و، هەرکەسە هەوڵ دەدات کوتە پەڕۆیەک لە جلەکانی بۆخۆی دابدڕێت و بە متفەرک ببات و ... بەوجۆرە چاپیێللێتتو بوو بە ئەولیایەک لە ئەولیای کلیسای حەزرەتی مەسیح .

١ : ٢

پوختەی چیرۆکی دووەمی رۆژی یەکەم، لە نێیفیلێ خانمەوە :

بازرگانێکی مەسیحیی زۆر ئیماندار لە پاریس، ناوی " ژان ی شۆڤینی" بوو، دۆستایەتییەکی زۆر گەرمی لەگەڵ پیاوێکی جوودا هەبوو کە ناوی ئابراهام بوو . ژان هەوڵی دەدا کە ئابراهام بکات بە مەسیحی و ئابراهام نەیدەکرد . ژان هەر کۆڵی نەدا و لە یەخەی نەبۆوە، تا بەوە گەیشت کە ئابراهام گوتی : گیانەکەم ژان، زۆر باشە، بۆ خاتری تۆ، بڕیارم داوە بچمە رۆما، کە شوێنی ئەو هەمووە رابەرانەی کلیسایە، بزانم ئەوانە چۆنن و چیدەکەن، ئەوجا دێمەوە و بڕیاری خۆم دەدەم .

ئەوەش رێک ئەوەبوو کە ژان زۆری لێ دەترسا . ئاخر بۆچی ئەو هەمووە رێگایە دەڕۆیت و خۆت ماندوو دەکەیت ؟ و ... لەوقسانەی زۆر بۆ گوت بەڵکو پەشیمانی بکاتەوە و، نەچێت، چونکە دەیزانی ئەگەر بچێت و ئەوانە ببینێت، قەت نابێت بە مەسیحی . بەڵام بێ فایدە بوو، تازە ئابراهام بڕیاری خۆی دابوو و، رۆیشت . ژان ئیدی دەستی لێ شۆری و، تێگەیشت کە ئیدی هەموو هەوڵ

و کۆششی بۆ کردنی ئابراهام بە مەسیحی بە ئاودا چوو .

ئابراهام چوو و زۆر بە وردی سەرنجی رەوشتی پاپا و کاردینالەکان و گەورەپیاوانی کلیسای لە رۆما دا، چی ببینێت باشە ؟ لە گەورەترینیان ( کە پاپایە) تا بچووکترینیان، هەموو سەرسەری، سۆدۆمیت ( قەومی لووط)، ئارەقخۆری بەدمەست، بێ نامووس، دز، بازرگانی کە بازرگانییان بە مرۆڤ دەکرد و ... ( وەسفێکی دوور و درێژی بێ شەرافەتییان) .

ئابراهام هاتەوە و، چووە لای ژان و پێی گوت : ژان گیان، تەواو، بریارم دا کە ببم بە مەسیحی . لەگەڵم وەرە بچینە کلیسا تا بە رەسمی بێمە سەر دینت . ئابراهام ئەوەی زۆر لا سەیر بوو . ئاخر چۆن بوو ئەو بریارەت دا ؟ ئاکاری ئەو گەورانەت دیت ؟ بەڵێ ئەرێ وەڵلا دیتم، چاکم دیت، هەموو بێنامووسی دەرەجە یەک، بەڵام بەوە کە ئەو مەسیحییەتە تا دێت پتر بڵاو دەبێتەوە، مانای ئەوەیە کە خودا ئەوەی دەوێت، ئەینا بە بێ مەشیئەتی خودا شتی وا چۆن بڵاو دەبێتەوە، ئەوە خودا و حیکمەتی خۆیەتی و، منیش دەمەوێت بێمە سەر ئەو دینەی کە خودا دەیەوێت .

ئیدی بەوجۆرە ئابراهام بوو بە مەسیحییەکی زۆر مەسیحی .

١ : ٣

فیلۆمێنا خانم سێیەم چیرۆکی رۆژی یەکەم دەگێرێتەوە، پوختەکەی بەمجۆرەیە :

Saladino II(سەلاحەدینی ئەیووبی) ناوبانگی نەک تەنیا هەر بەوە پەیداکرد کە بە دلێریی زۆری خۆی، لە سەرەتای کەسێکی سادەوە بوو بە سوڵتانی " بابل"، بەڵام بەوە کە بە سەر پادشایانێکی مسوڵمان و مەسیحیشدا سەرکەوت . دیارە ئەو هەمووە شەڕانە و دەربارى بە شکۆ و رازاوە ئەرکیان هەبوو، ئیتر وابوو کاتێک سەلاحەدین دیتی کە پێویستیی بە پارەیەکی زۆر هەبوو و، نەیدەزانی لەکوێی وەدەست بهێنێت . تا وەبیری هاتەوە کە جوویەکی دەوڵەمەند، بە ناوی مەلکەزـ دەق، لە ئیسکەندەریە هەیە کە پارە بە قەرز دەدات . بەڵام پێیوابوو کە جوومکە پارەی ناداتێت و،

ئەویش نـەیدەویست زۆری لێ بکات . بەڵام پێویستیی تا دەهات پتر دەبوو و، لەدواییدا خۆی ناچار دیت لە دووی مەلکەزدەق بنێرێت، تا بێت و بـەڵکو بە قسە تووشــی بکات و، بەوە بـەهانەیەکی بۆ پەیدا بێت بتوانێت بە فێڵێکی شەرعی پارەی لێ بستێنێت .

جـوو هات، ســەلاحەدین بە گـەرمی بەخێرهاتنی کرد، ئـەوجا پێی گوت : مەلکەزدەق، تۆ پیاوێکی بەڕێز و ژیریت، پێم بڵێ کامە لە سێ ئاینی جوو و مەسیحی و ئیسلام ئاینە راستەکەیە .

جوومکە گوتی : گـەورەم، پرسیارەکەتان زۆر بەجێیە . چیرۆکێک هەیە ئەگەر باشم لە یاد مابێت، بەمجۆرەیە : دەڵێن گـەورەپیاوێکی دەوڵەمەند هـەبوو، پیر و زورهان، لە کۆتایی نیزیک دەبـۆوە . سێ کوڕی هەبوون . ئـەنگوستیلەیەکی زۆر گران و تـایبەتیشی هەبوو . وای دانا ئـەنگوستیلەکەی بۆ هـەر کامیان لە دوو خـۆی بەجێ بهێڵێت، ئـەو کـوڕە میراتـگری یـەکـەم و جێگرەوەی بێـت . ئیدی ئەو قانوونە لە نەژادیدا هەر وا رۆیشت و، ئەنگوستیلە پشتاوپشت بەوجۆرە بە میرات هات . تا بە باوکێک گەیشت کە سێ کوڕی هەبوون و، هەرسێکی وەکو یەک خۆش دەویستن . بە نهێنی، بـێ ئەوە کـوڕەکانی پێ بـزانن، چوو لای زێڕینگەرێکی گـەورە، دوو ئـەنگوستیلەی دیکەی رێک وەکو ئەوەی هەیبوو بە دروستکردن دا . بە رادەیەک وەکو یەک دەچوون کە تەنانەت زێڕینگەرە-کەش چیدی بۆی لێک جیانەدەکرانەوە . باوک بە هەمان شێوە بە نهێنی، هەر ئەنگوستیلەیەی دا بە یەکێک لە کوڕەکانی . ئیدی کەس نەیزانی، ئەنگوستیلە ئەسڵەکە کامە بوو و، دووەکەی کە دوایی دروست کرابوون کامە بوون . ئەوسا نەیانزانی و، ئێستا و ئێستاش نەزانرا . وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەش وەکو ئەو چیرۆکەیە،خودا سێ ئاینی داوە بە مرۆڤ، هەرکامەیان ئەوەکەیخۆی بە راستە-قینەکە دەبینێت و، ئەوە کە کامەیان راستەکەی لەلایە وەڵام نـەدراوەتەوە .

سەلاحەدین دیتی مەلکەزدەق چ ژیرێک بوو و، نەدەکەوتە قووڵکەیئەزانییەوە. ئیدی بە راشکاوی پێیگوت کە پارەی پێویستە . مەلکەزدەق پارەی پێویستی بە قەرز دایێ. سەلاحەدین دوایی قەرزە-

کەی دایەوە و، دیاریی گرانیشی وێڕا پێشکەش کرد، لە خۆی نیزیک کردەوە و ئەوپەڕی ڕێزی لێگرت .

( کتێبەکە لە چیرۆکی تریشدا باسی سەلاحەدینی ئەیووبی دەکات) .

٧ : ٨

هەشتەم چیرۆکی حەوتەم ڕۆژ، نێیفیلێ خانم دەیگێڕێتەوە، چیرۆکێکە لە بابەتی ئەوانەی کە لە ڕشتەی مرواریی "سەجادی"یشدا هەن :

ژنێک شەو لە پەنا مێردەکەیەوە دەخەوێت، بەنێک لە قامکی پێی دەبەستێت کە دڵدارەکەی شەو بێت و لە تاریکیدا بەو بەنە بیناسێتەوە و بکەوێتە سەری . مێرد، بەنەکە دەبینێت و کە ژنەکەی خەوی لێ دەکەوێت، بەنەکە لە قامکی پێی ژنەکەی دەکاتەوە و لە قامکی پێی خۆی دەبەستێت .

شەو دڵدار دێت و بە بەنەکەوە دەچێتە سەر مێردی ژنە و ... دەبێت بە هەرا . دڵدار ڕادەکات و مێرد وەدووی دەکەوێت بیگرێت . لەوبەینەدا، ژنەکەی ژنێکی تر دەخاتە شوێنی خۆی . مێرد دێتەوە و لەو تاریکییەدا قژی ژنی نوێی بێگوناهـ دەبڕێت و لێیدەدات و دەچێت براکانی ژنەکەی دەهێنێت تا ببینن خوشکەکەیان چ فەزیحەتێکی کردووە، کە دێن ژنێکی دیکە دەبینن کە قژی بڕدراوە و دیارە زۆر لێدراوە، نە خوشکیانە و نە هیچ، ئیدی پێیدەڵێن : سەگباب ئەگەر جارێکی دی وا بوختان بە خوشکمان بکەیت دەزانیت چیت پێ دەکەین .

٨ : ٢

لە دووەم چیرۆکی هەشتەم ڕۆژ، پانفیلۆ بە فەرمانی لاورێتا خانم کە ئەو ڕۆژە پادشایی دەکردن، گوتی :

خانمانی ئازیز : کەشەی گوندی" ڤارلونگۆ"ی نیزیکمان، زۆر بەتوانا و لە خزمەتی خانماندا بوو .

لە کلیسا وەعزی‌جوانی دەدا و، هەر کە بیزانیبا پیاوێک بەلایەکدا رۆیشتووە، گورج دەچوو سەری بە ماڵیدا دەکرد و، ژنەکەی بەسەردەکردەوە . پارچە خشڵێک شتێک و هێندێک ئاوی پیرۆز و پاشماوەی هێندێک شەمی بۆ دەبرد و، دوعای بۆ دەکرد و، خەریکی دەبوو .

کاتێک، لە ناو خانمەکاندا، ئارەزووی زۆری بە تایبەتی لە "مۆننا بێلکۆلۆریّ" خانمێک بوو، کە ژنی " بێنتیڤێنیا"ی جووتیار بوو . مۆننا خانم، جوان و گەرم و گۆشتنێک بوو و دەنگی خۆش بوو و تامبورینیشی لێ دەدا (جۆرە دەفێکی بچووک) و سەمای دەکرد و بایەدەدا و ... ئیدی زۆر پڕ لە ژیان بوو و، هەر ئەوەش بوو ئاگری دە کەشە بەردەدا . کەشە زۆر هەوڵی دەدا، یەکشەممە گۆرانییەکی ئاینیی بۆ دەگوت، کە واتەدەزانی کەرە و دەزەرێت، سیر و سەوزی و پاقلە و شتی وەهای باخچەکەی خۆی بۆ دەبرد، ئیدی بە هەموو توانای هەوڵی خۆی دەدا بە ژنەکە بگات و، هیچی وای لە ژن نەدەدیت کە پێی وابێت ژن هیچ ئاگایەکی لە مەبەستی هەیە .

رۆژێک تووشی مێردی ژنەکە دەبێت کە وا بە رێگاوەیە، بە کارێک دەچێتە شار، هێندێک چاک و چۆنی و دوعای‌ئاینیی بۆ دەکات . دیارە زۆر شاد دەبێت کە وا ئاخری هەلی بۆ هات . دەچێتە لای ژنەکەی لە ماڵەوە تا قوڵی( یا شتێکی دیکەی!) خۆی لێ هەڵکات ... ئیدی پێی دەڵێت کە : ئاخر مۆننا خانم گیان تۆ بۆچی وا دەمکوژیت ؟

ـ کوشتن ؟ کوشتنی چی ؟ کوا من چیم لێ کردوویت ؟

ـ مەسەلە ئەوە نیە تۆ چیت لێ کردبم، مەسەلە ئەوەیە کە ناهێڵیت من ئەوەی دەمەوێت لێت‌بکەم!

خانم لە قاقای پێکەنین دەدات و دەڵێت :

ـ هەی بابان وێران، بۆچی کەشەش شتی وا دەکەن ؟

ـ بەڵێ ئەریٚوەڵلا دەیکەین و لە خەڵکی دیکەشی باشتر دەکەین، بۆچی نەیکەین ؟ ئێمە زۆر باشتری لێ دەزانین .

دوای سەودایەکی زۆر، کە چیی بۆ ئەوە دەداتێت، هەرچی کەشە گوتی، ژن گوتی هەمە. لەدواییدا

گوتی : پێنج پاوەنم پارە بدەیە و منیش دەتدەمێ .

ـ ئێستا نیمە، بەڵام بەڵێن بێت هەر بۆت پەیدا دەکەم .

ـ بەڵێنی چی ؟ نا، من بارمتەیەکم دەوێت لام بێت تا بەڵێنەکەت بە جێ دەهێنیت .

ـ بەسەرچاو، ئەمەتا کەواکەم، لە پێنج پاوەن پتر دەهێنێت، با لات بێت تا پارەکەت بۆ دەهێنم .

رێککەوتن، چوونە ژووری زەخیرە و، کەشە زۆری کرد .

بەڵام کە بە بێ کەوا لە ماڵی مۆننا خانم دەرچوو، شکڵی خۆی زۆر پەرپووت دیت، دەشیزانی پارەکەی بۆ پێکنایەت، ئیدی دەبوو بە هەر فێڵێک بوایە کەواکەی بسەندایەتەوە .

کەشە، کوڕێکی نارده لای مۆننا خانم، پێی بڵێت کە میوانی هاتوون و، بۆ ئامادەکردنی خۆراکیان پێویستی بە ئاونگێک هەیە، بەڵکو بە یارمەتیی خۆی بۆی بنێرێت . ژن ئاونگی بۆ نارد. ئەوجا لە کاتێکدا کە مۆننا خانم و مێردی لە سەر سفرە دانیشتبوون نانیان دەخوارد، کەشە ئاونگەکەی بە کوڕێکدا ناردەوە و، گوتی : رۆڵە گیان ئەوە بۆ مۆننا خانم ببە و پێی بڵێ : فەرموو ئەوە ئاونگەکەت و، کەشە دەڵێت تۆش کەواکەم بۆ بنێرەوە کە بە بارمتەی ئەو ئاونگە لەلام داناویت .

کوڕ چوو، ئاونگی بردەوە و، ئەوەی گوت کە پێیگوترابوو . مێردی مۆننا خانم کە ئەوەی بیست زۆر تووڕە بوو : کچێ ئەوە تۆ بۆ ئاونگێک بڕوات بە کەشەی پیاوی پیرۆزی کلیسا نیە کە بیداتەوە و دەچیت کەواکەی بە بارمتە لێ دەستێنیت... دەک بەزیادمنەکرد بۆ ئەو ئابڕوویە، هەستە کچێ دەست بەجێ بۆیبنێرەوە . ژن زانی کەشە خستوویەتە ومزعێکەوە دەرچوونی لێ نیە، ناچار کەوای دایەوە بە کوڕەکە و پێیگوت: رۆڵە گیان بە کەشە بڵێ تازە ئیدی دەسکی ئەو ئاونگە ناچێتە ئەو ئاونگەوە!

نێوانی ژن و کەشە تێکچوو، تا کاتی دروێنە هات . کەشە دیسان ئارەزووی زۆری بۆ هێنا. ژن سەرەتا نەیدەویست، بەڵام کەشەی پیرۆز ئەمجارە ژنی بە شەیتان ترساند : ئەگەر نەمدەیەیت فڕێت دەدەمە دەمی شەیتانەوە! ژن زۆر ترسا! و ملی بۆ دا . ئیدی کەشەی پیرۆز زۆر جاری

تریش کردی .

( ئەگەر هەزار ئەمەی بدیتایە و بیکردبا بە شیعر، لام وایە دەیگوت : ئیدی هەر دینگە دینگی دەسک بوو کە دەخرایە ئاونگەوە! ... ئای کە شیعرێکی خۆشی لێ دروست دەکرد) .

{ پاشکۆیەک : جێفری چۆسەر Geoffrey Chauser ی ئینگلیس چۆن لاسای بۆکاچۆ دەکاتەوە }

هەرچەندە ئەم کتێبە لەبارەی ئیتالیاوەیە نەک ئینگلیس،بەڵام هەر کە ناوی"دێکامێرۆن"ی بۆکاچۆی ئیتالی بێت، گورج " چیرۆکەکانی کانتەربەری The Canterbury Tales"ی چۆسەریش بە بیردا دێت؛ ئەوە تەئسیری بۆکاچۆ بەسەر مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیسدا پیشان دەدات .

چۆسەر١٣٤٣-١٤٠٠ ی ئینگلیس، بە " باوکی ئەدەبیاتی ئینگلیس" ناسراوە، تۆ بڵێ هەمان شوێنی لە ئەدەبیاتی ئینگلیسدا هەبووە کە "سێ تاج"ـەکەی ئیتالیا لە ئەدەبیاتی ئیتالیدا هەیانبووە .

چۆسەر، کەسێکی نیزیک لە هەموو جۆرە ژیانێک بووە، سەرباز بووە و بە دیل گیراوە، خزمەتکاریی پادشایانی کردووە، کارمەندی دەوڵەت بووە، تێکەڵ بە بازاڕییەکانی لەندەن بووە، لەماڵێکی بازرگان بووە ( ناوی باوانی Chaucer لە Chausseur ی فەرەنسییەوە هاتووە، واتا دروستکەری کەوش)، لەسەر پەلاماردانی ژن دادگایی کراوە، دیپلۆماتبووە، وەرگێر و شاعیریش بووە... ئیدی نازانم بڵێم چی نەبووە . یەکێک لەو زمانانەی کە باشی زانیون ئیتالی بووە، بە کاری دیپلۆماسی چووەتە فیرێنزێ و جێنۆڤا(جێنەوا) ی ئیتالیا و، بەرهەمی دانتێ و بۆکاچۆ و پێترارکای چاک خوێندوونەوە و، چاک تەئسیریان تێکردووە .

چۆسەر، سەرەتا، وەکو شاعیرانیتری ئینگلیسی سەردەمی، بە لاتین و فەرەنسییەوە خەریک بووە ( لە دەرباری پادشا فەرەنسییان گوتووە)، ئەوجا قۆناغی خەریکبوونی بە ئیتالی هاتووە و، لە نەتیجەدا هەر بە " شاعیری گەورەی ئینگلیس" دەرچووە ( لەوبەینەدا زمانی دەرباریش بووە بە ئینگلیسی و شیعری ئینگلیسیی خۆی لە دەرباری پادشادا خوێندووەتەوە) .

چیرۆکەکانی کانتەربەری، کە لاساکردنەوەی" دێکامێرۆن"ـە، بـەڵام بە شیعر، بەمجۆرە شانۆکەی رادەخات کە :

یـەکـەم رۆژی مانگی ئـاپریل، کە لە سـەذەرک Southwark ( شـوێنێکە لە دەوروبەری لـەنـدەن) دەمامەوە،لە خانی" تابارد"، خۆم ئامادەکردبوو وەرێبکەوم بچمە زیارەتی مەرقەدی پیرانی پیرۆز لە کانتەربەری، دیتم ٢٩ کەسی تریش کە لەو خانە دەمانەوە، هەمان ئەو مەبەستەی منیان هەبوو . ئیتر بڕیارمان دا هەمووومان پێکەوە بڕۆین .

چۆسـەر ، سـەرەتا ئەو کەسانەمان پێ دەناسێنیت، چ جۆرە کەسـانێکن ، بەلای کەم لاپـەڕەیەک بۆ هـەر کـامەیان، شکڵی و پۆشاکی و چەند شتی گرنگ لە ژیننامەی . بە پێچەوانەی دێکامێرۆن کە ئەوانەی تێدا چیرۆکەکان دەگێرنەوە کەسانی ناسک و نەجیب و نازدارن بـەڵام هەقایەتی باسی ئەو هـەمووە خـەڵکە سـەیر و سـەمەرەیەی تـری دنیا دەکەن، لێرەدا هـەر ئەوانەی هـەقایەتەکان دەکەن خۆیان ئەو کەسە سەیر و سەمەرانەن . دەبێت "چارلز دیکنز" بۆ قەڵەمی کاریکاتۆریی زۆری لێ فێربووبێت، تەنانەت پێش ئەویش"سویفت "ی ساتیرنووس- بەلای کەم - زۆری کەیف پێ هاتبێت.

کەسەکان : شۆڕە سواری خاوەن رابردووی درەخشان کە لە نـە کەمتر لە ١٥ شـەڕی لە پێناوی مەسـیحدا لە دنیای ئیسـلام بەشـدار بووە، لێرەدا کوڕەکەی و خزمەتکارێکیشی وێران؛ کـەیبانووی خەڵکی شاری" باث" کە پێنج مێردی کردوون و سێ حەجی ئورشالیم ( قودس)؛ خانمی سـەرۆکی دێری رەبەنان کە ئەوەندە دڵی ناسـک بوو هەر کە مشـکێکی بدیتایە بە تەڵەوە بووە دەگریا و، خۆ ئـەگەر مشکەکە خوێنی لێ بهاتایە، ئەوا خانم شین و رۆڕۆی نـەدەبڕایەوە، سـەگیشی پێ بوون کە گۆشـتی برژاو و شیر و نانی سـپیی چاکی دەدانێ و قـەت نـەیدەهێشت لێی دووربکەونەوە، چونکە ئەوا دووركەوتنەوە و وەبەر پێچکی عارەبانەیەک کەوتن ؟ خۆ ئـەوسا هەر قوری بەسەر دەبوو، فەڕەنسییەکی ئینگلیسـانە دەگوت، خۆی ئارایش دەکرد و بازنەیەکی دە دەستدا بوو کە پیتی " ئا "ی بەگەورەیی تێدا بوو و لە ژێریدا عیبارەتی لاتین : " ئامۆر ڤینکیت ئۆمنیا" ( ئەڤین بە سەر هـەموو

شتێکدا سەردەکەوێت)؛ پیاوی رەبەنی دێر، کە لە دێرەکەی بە میزاجی خۆی مەسیحییەتی دەکرد، ئەسپی چاکی هەبوون و، راوی دەکرد و، حەزی دەکرد گۆشتی قاز لەسەر سفرەی بوایە، لە کڕین و فرۆشتن و گزی و فزیی سەودای بازاڕدا زۆر زانا بوو و پارەی چاکی پەیدا دەکرد ...

ئەوانی تریش : خانمی پارەکۆکەرەوە بۆ ئەوقافی کلیسا و ئەوەندە کادیری تری کلیسا؛ بازرگان؛ پارێزەر(وەکیلیقانوونی)؛ پیاوێک لە چینی خاوەن زەوی؛ ئاشەوان؛ دەریاوان؛ جووتیار؛ بژیشک؛ خوێندکار؛ چێشتلێنەر ...

ئەوانە بەوجۆرە بە یەکتر دەگەن و، بۆ بەسەربردنی کاتی سەفەرەکەیان بڕیاردەدەن بە رێگاوە چیرۆکان بگێرنەوە . چییش لەوە خۆشتر کە بە گێرانەوەی چیرۆکێک پلار لە یەکتر بدەن و- خالید ئاغا گوتەنی - با بە یەکتر بکەن ؟

( من ردێنی خۆم دەتاشم دێم بە ناو دێدا دەڕۆم – مێردی ئامانێ لە دەرکێ رادەوەستێ و با دەکا).

بە هەموویان ٢٢چیرۆک دەگێرنەوە .

با - بەنموونە- چیرۆکی دووەم ببینین بزانین ژنە جوانەکەی دارتاشێک چۆن لەگەڵ کێدا چییدەکرد ( تا دارتاش گوێی لێ بێت و با بکات)، ئەمە پوختەکەیەتی :

چیرۆکی ئاشەوان

هەبوو نەبوو، دارتاشێک هەبوو، ناوی " جۆن" بوو . پیرێکی چاوچنۆکی دەڵەمەند بوو، کە هەر- چەندە کاری زۆرچاکیشی هەبوو بەڵام هەر بە پارە خەڵکیشی لە ماڵ دەحاواندەوە. ئیدی بەوجۆرە، " نیکۆلاس"ی جەوانی خوێندکار، کە خوێندنی تەواو کردبوو و دەیویست بۆ شارەزایی پتر لە فەلەکناسی ماوەیەک لێکۆڵینەوە بکات، کەوتە ماڵییەوە و، ژووری نهۆمیسەرووی بە کرێدرایێ . جەوان زۆر زیرەک و نەرم و بە رواڵەت شەرمن و، لە ژێرەوەش ئاگریدەکردەوە، دەیزانی چۆن ژنان بکات،زانایەک بوو، جۆرەها گیای دە هەموو لەشی خۆی هەڵدەسوو تا بە بۆنی خۆشی خۆی ئارەزووی ژنان ببزوێنێت. زۆر ئامێریفەلەکناسیی لەسەر تاقەکەی بوون، بەڵام خانمان سەرنجی

ئەوشیان دابوو کە شوێنی جلوبەرگی بە قوماشێکیکۆنی ئەرخەوانی داپۆشیبوو. چەنگێک(ئامێری مووسیقا)ی لە پەنا تەختی نوستنی دانابوو، شەوانە چەنگی لێ دەدا و گۆرانیی دەگوت، بەڵام بە چ دەنگێک ؟ دەنگی فریشتە . ئیدی کە کیژ لێی نیزیک بوونایە، تەبیعی زۆر بە باکرەیی نەدەمانەوە .

ئێستا، خاوەن ماڵ ژنێکی نوێی هێنا، ئالیسۆن خانم ... هەر خۆی ئالیسۆن خانم، کیژێکی هەژدە ساڵانە، تەڕ و بڕ و بە ئیشتیا، چاوی وا و برۆی وا و پشتێندەکەی وا، دەتگوت بەرخە و بەدووی دایکییەوە، دەتگوت جوانووە، دەتگوت ... ( لاپەڕەیەک بۆ وەسفی) .

ئەوە کەی بۆ ئەو پیرەمێردە دەبوو ؟ پیرەمێرد گوێی لە قسەی " کاتۆ"ی ژیر ( ی پێش زاین) نەگرتبوو کە گوتوویە پیاو دەبێت ژنی هاوتەمەنی خۆی بهێنێت .

This carpenter had wedded new a wife,
Which that he loved more than his life:
Of eighteen year, I guess, she was of age.
Jealous he was, and held her narr'w in cage,
For she was wild and young, and he was old,
And deemed himself belike a cuckold.

(belike = perhaps)

ئەو دارتاشە ژنێکی نوێی هێنا

کە لە ژیانی خۆی خۆشتر دەویست

هەژدەساڵ، وادەزانم، تەمەنی بوو

غیرەی دەکرد، ئیتر لە قەفەسێکیدا گیر کرد

چونکە ئەو جەوان بوو و ئەمیش پیر

ئەینا واتا دەکرا بووبا بە شاخدار ( cuckold : پیاوێک کە ژنەکەی نێوانی جنسیی لەگەڵ پیاوی تردا هەبێت،

وشـەیەکی بە ئـەسڵ فەرەنسیی سەدەی ١٦یە، ئیشارەتە بە باڵندەی کوکوو cuckoo) .

نیکۆلاسی جەوان چۆن دەتوانێت ئەوە لە دەست خۆی بدات ؟

بـەڵام دارتاش هەر دەبێت لە ماڵ دەرچێت، دەڕوات لە دێرێک کار دەکات . نیکۆلاسیش دەست بە کاری خۆی دەکات : دوای هێندێک قسـەی زیرەکانە و، تـەکنیکی دەست بـردن بۆ قـوون و ران و ئەوجا نێوانی ران و ئەو شـتانە و، ئـەیەڕۆ من چۆن وا بکەم و، ئـەرێ وەڵڵا بیکە ... نیکۆلاس بە تەواوی خانم بۆخۆی دەورووژێنێت .

خـانم دەڵێت : جا چ لەو مێردە دڵپیسـە بکەم ؟ نیـکۆلاس دەڵێت : من خـوێـندوومـە و مێـردەکەت نـەخوێندەوارە، ئـەگەر خـوێندەوارییەکەم ئێسـتا بە کەڵکم نەیەت ئـەی خوێندن و خوێندگە بەکەڵکی چی دێت ؟

کـاتێک ئـالیسۆن خـانم لە جێژنێکی ئـاینیدا دەچێتە کلیسا، لەوێش، " ئابسۆلۆن"ی کەشەی ژنباز کە ژنی نـەهێشتبوون، چاوی پێ دەکەوێت و شێت و شەیدای دەبێت و، هەر ئـەوی دەوێت و، تەواو . وەدووی دەکـەوێت، شـەوانـە لەبەر پـەنجەرەکەی گـۆرانیی بۆ دەڵێت و چیدەکات و... چیدەکات ( چەند لاپەڕەیەک بۆ چیرۆکی ئەویش) . بەڵام بێ فایدە، ئالیسۆن خانم تازە دڵی بە تەواوی و سەد لە سەد داوە بە نیکۆلاس و کەسی تر قەبووڵ ناکات .

ئێستا دەبوو، نیکۆلاسی خوێندەوار شتێک رێکـبخات کە ئالیسۆن خانم هـەموو شەوەکە لە باوەشیدا بێت .

نیکۆلاس، شەممە و یـەکشەممەیەک لە ژوورەکەی خۆی دەرنەچوو . دارتاش ترسا نەوەکا شتێکی بەسەر هـاتبێت، پەتای گرتبێت، مردبێت ... ئیدی . " رۆبین" ی کوڕە خـزمەتکارەکەی نارد بچێت سـەیرێک بکات بزانن چ باسە .

رۆبین چوو، لە دەرگای دا، وەڵام نەبوو، خودایا ئەوە دەبێت چیی بەسـەر هاتبێت ؟ لە کونی کلیلی دەرگاوە سـەیرێکی ناوەوەی کرد، چیی ببینێت ؟ وا نیکۆلاس لەسـەر تەختی خەوەکەی وەستاوە و

زاری بە تەواوی داپچڕیوە، لە شوێنی خۆی وشک بووە و، سەیری بن میچی ژوورەکەی دەکات .
رۆبین رادەکات و دارتاش ئاگاداردەکاتەوە . دەرگا دەشکێنن و، دەبینن نیکۆلاس رێک وەک رۆبین گوتی هەر وابوو، وەستاوە، وشک بووە و بە دەم داپچڕاوی سەیری بن میچ دەکات .
دارتاش، شتێکی ئاینی ( لەبابەتی دوعای عەبوجانە) دەڵێت و : نیکۆلاس دەکەوێتە جووڵە ، ئەوجا لەبەرخۆیەوە قسە دەکات :

ـ راستە وایە ؟ دنیا خەریکە کۆتایی دێت ؟

ـ ناوی خودای لێ بێنە نیکۆلاس، خودا نەکات، کۆتایی چی و شتی چی ؟

ـ جارێ قومێک شتێکم بدەیە بخۆمەوە، ئەوجا نهێنییەکی زۆر خەتەرت لا دەدرکێنم، لە نێوان ئەم دوومان بمێنێتەوە و، کەس پێی نەزانێت .

دارتاش دەچێت خواردنەوەیەک دەهێنێت و، پێکەوە چاک دەخۆنەوە . ئەوجا نیکۆلاس، قامکی ئیشارەتی لەسەر لێو ( بە ئیشارەتی وس)، دەرگا دادەخات . دەم دەباتە بەر گوێی جۆن و، دەڵێت : ئەم خەبەرە نهێنییە نابێت بە هیچکەسێک بڵێیت، ئەینا بەلەعنەتدەبیت و شێت دەبیت: دووشەممەی دێت، دەوری سەعات نۆی شەو بارانێک دەبارێت کە وەستانی بۆ نابێت تا هەموو دنیا دە تۆفاندا نقوم دەبێت، هەمان تۆفانی نووح روودەداتەوە . سێ کووپەی دار یا شتێکی لەوبابەتەی کە وەسەر ئاو بکەوێت، ئامادە بکە، بۆ خۆت و ژنەکەت و بۆ من، خۆراک و خواردنەوەی پێویستی رۆژ-ێکیان تێدا دابنێ، چونکە تۆفانەکە هەر تا سێشەممە دەخایەنێت . کووپە بە پەتک بە بەری میچەوە هەڵباوسە و، کونێکی وەهاش لە دیوارەکە بکە کە کووپەکان لێ‌دەربچن . ئیدی هەرکاممان دەچینە کووپەیەکەوە . تۆ و ژنت دەبێت لە یەکتر دوور بن، قەت سەیری ژنەکەت نەکەیت، چونکە لەو کاتەدا نابێت بیرت بۆ گوناهـ بچێت ... هەر کووپەیە تەورێکیشی تێدا بێت، کە تۆفان هات پەتکە-کان بە تەور دەپچڕین و کووپەکان وەسەر ئاو دەکەون و دەردەچین . ئیدی برۆ، زوو، بکەوە سەر کار . تا سێشەممە، ئیتر ئەوسا هەموو دنیا هەر بۆ خۆت و ژنەکەت و خۆم دەمێنێتەوە، هەر وەکو

بۆ حەزرەتی نووح مایەوە .

جۆن هـەموو ئەو کارانەی کرد، کووپەی دار هەڵواسـران و، هەر کام چـووە کـووپەیەکەوە بە بنی میچەوە . کە جۆن خـەوی لێکـەوت، نیکۆلاس و ئالیسۆن خانم، بە نـەردیوانێک هـاتنە خـوارەوە . ئیدی وێـڕای دەنگی پـرخە پـرخی جۆن کە دەگەیشـتە ژووری نوسـتن، دەنگی بـەزمی نیکۆلاس و ئالیسۆن خانمیش لەو ژوورەدا بەرزتر و خۆشتر دەبوو ... تا بەری بەیان لە کردن نەوەستان .

ئـەوجا با بێینەوە سەر باسی عاشقەکەی تر،" ئابسۆلۆن"ی کەشـەی عەییاشتان لە یادە ؟ ئا ئەوەش، کە دەیویست ئالیسۆن خانم بکات، لەو شەوەدا پەیدا بوو، بیستبووی کە جۆن لە ماڵ نیە، چووە بەر پەنجەرەی ژووری نوسـتنی ماڵی جۆن و، بانگی ئالیسۆن خانمی کرد و، داوای ماچێکی لێ کرد . هەرچەندە ئالیسۆن خانم پێی‌گوت"بڕۆ ملت بشکێنە، من پیاوێکی ترم خۆش دەوێت"، بێ فایدە بوو. ئابسۆلۆن هەر دەپاڕایەوە . ئالیسۆن خانم گوتی : ئەگەر ماچێکت بدەمێ دەڕۆیت و رزگارم دەبێت لێت و، ئیدی ناتبینمەوە ؟ ئەگەر بەڵێنی ئەوە بدەیت، باشە . ئابسۆلۆن بە درۆ بەڵێنی دا کە هەر بە ماچێک واز دەهێنێت و دەڕوات . ژن گوتی باشە، لە تـاریکیدا گوتی ها ماچ بکە و، کونی قوونی رووتی خۆی بۆ برد . ئابسۆلۆن ماچێکی فەرەنسیی کرد، ئـەوجا هـەستی پێکرد کە ئەوەی ماچی کرد دەم نـەبوو، شتێکی تر بوو . جا وەرە ئالیسۆن خانم و نیکۆلاس بۆخۆتان پێبکەنن . ئابسۆلۆن کە گوێـی لە دەنگی نیکۆلاس بوو، تێگـەیشـت مەسـەلە چیە، ئیدی بە گریـانەوە ڕۆیشـت و، چـووە دووکانی "جێرڤێیز"ی ئاسنگەری ئاشنای، شیشێکی ئاسنی سووربووەی لێ وەرگرت و هاتەوە بەر پـەنجـەرەکەی ژووری نـوسـتنی ئالیسۆن خانم و، دیسـان داوای ماچـی لێ کـرد . نیکۆلاس گـوتی ئـەمجارەیان من قـوونی خۆمی بۆ رووت دەکەم ماچی بکات، چـوو قـوونی رووتی بۆ دەرکـرد و، یەک تڕیشی بۆ لێدا . ئابسۆلۆن شـیشە ئـاسـنەکەی دە قـوونی نیکۆلاس بڕی . نیکۆلاس هـاواری تێکەوت : " ئـاو، ئـاو، بۆ خاتری مەسیح ئـاو " . جۆن وەخەبەر هات، وای زانی تۆفانە، بە تەور پـەتکی کـووپەکەی بـڕی و، کـووپە لەو بـەرزییەوە کـەوتە خـوارەوە و، جۆن تخێڵ لێیکـەوت، لە

مردووی دەکرد . قۆڵێکی شـکا و، زۆری ئـەزیەت پێگەیشـت. ئالیسۆنخانم و نیکۆلاس، چـوونە دەرەوە و کەوتنە هاوار کردن لە هاوسێیان کە بێن ئەو شـێتە ببینن، پێی وایە تـۆفانی نووحە، ئەوە چەند رۆژە شێت بووە و ئەو کووپە دارانەی هـەڵواسیون و، ئێستاش ئـاوا خـۆی خسـتە خوارەوە . دەر و دراوسێ ئێجگار زۆر پێکـەنین، هـەرچەندە جۆن هـەوڵی دەدا مەسەلەیان بۆ روون بکاتەوە بـەڵام بێ فایدە بوو، تازە بە شێت دانرا و، مەگەر هەر پێی پێبکەنینایە.

هـەموو هاوسـەفەران جگە لە یـەکێکیان پێدەکەنن، ئەو یەکەی کە پێناکەنێت کەیخودای شـوێنێکە و دارتـاشـە . دەبینێت ئەو ئـاشـەوانە تـەوهینی پێ کردووە، ئـاشەوان دەزانێت کە ئەو دارتاشە و ئەو چیرۆکەی بۆ سـووکایەتیکردن بـەو بوو، کەواتە دەبێت ئەویـش وەڵام بـداتەوە، ئیدی ئەو چیرۆکی سـێیەم دەگێڕێتەوە : دەزانـن چییان بە ئـاشەوانەکە کرد و ژنـەکەشیان چیلێکـرد ؟ چیرۆکەکە وەها بوو : ... .

# پێترارکا



بە پێچەوانەی ئەو خزمەتە گەورمیەی کە هاتنی ئیسلام - لە نـەتیجەدا- بە زمان و ئەدەبیاتیعارەبی کردووە. مەسیحییەت بەڵایەکی گەورە بووە بۆ ئەدەبیاتی ئیتالی . خۆ ئـەگەر عـارەب لە سنفبەندیی قۆناغەکانی ئـەدەبیاتیاندا شـەش سـەدەیەکی نێوان ١٢٥٨( کۆتایی ئیمپراتۆریی عەباسی) و هـاتنی ناپلیۆن بۆ میسر و بە تایبەتی قۆناغی شـاعیرانی سەدەی نۆزدەیان بە " قۆناغی تاریک"ی زمان و ئـەدەبیاتی عارەب ناودەبەن؛ ئەوا مێژووناسـانی ئەوروپا هـەزار ساڵێک بە " سـەدەکانی نـاوەند"ی تـاریکی و دواکـەوتوویی دادەنێن، کە لە رووخـانی ئیمپراتۆریی رۆژئاوای رۆما (٤٧٦) وە تا بە " رێنێسانسی هـومانیسـتی" دەگات، کە لە ئـەدەبیاتدا بە " پێترارکا"ی ئیتـالیایی دەسـت پێدەکـات .

وشەی " رێنێسانس "ی فەرەنسی، بە حەرفی واتا " لەدایـکبـوونەوە"، بە وشـەیەکی تر: ژیـانەوە . پێترارکا پێیوابوو کە ئەدەبیاتی ئـەوروپایی زۆر لە ژێر پێی کلیسـادا پلیشـابۆوە، کلیسـا ئـاداری بە سـەر پـادارییەوە نـەهێشتبوو : کـەی دنیا دروست بووە ؟ سـەعات چەند ؟ مارەکە قسـەی کرد ؟ کـۆتـایی بە چی دەگـات ؟ دەمانسـووتێنن یان دەمانـخەنە " چـاڵـی گـوو"ەوە ( وەک لە کـۆمێدیای دانتێدا هەیە) ... ئێ شتێکی تری دەرەوەی ئەو جـەغزە بـەتاڵەی بەدەوری خۆیەوە دەسـووڕێتەوە نیە ؟ ئەدی بۆچی یونان و رۆمای پێش هاتنی کلیسا ئەوەندە بە ئەدەبیات دەوڵەمەند بوون ؟ ئەوان لەجیاتی باسی قیامەت وترسـی شڵپە شڵپ کردن لە دەریای گـووی عاقیبەتدا، باسی ئـارەزووەکانی سـەر زەویی مرۆڤیان دەکرد، هی مرۆڤ، لەگەڵ مرۆڤ و، بۆ مرۆڤ بوون؛ با بێنەوە، ئەو پـەتـە پچڕاوە گرێبدرێتەوە، ئەو کەلەبەرەی نێوان کە هـەزار سـاڵ کاتی بەخۆڕایی کوشـتین کۆتایی پێ بهێنین، با رێبازی ئەو ئەدەبیاتەی کە پێوەندیی بە ژیانی مرۆڤی سەر زەوی بوو ( هومانیست بوو) دیسان لەدایکـببێتەوە، درێژەی پێ بدرێت و پێشبخرێت .

بەوە کە پێترارکا زۆرتر دڵی لای زمانی" لاتین" بووە، دنیای ئەو بۆ مەسەلەی" زمانی زێد، خۆ" لە دنیای دانتێ و بۆکاچۆ جیاواز بووە، بـەڵام بە بەرهەمە ئیتالییەکەشـی زۆر دەوڵـەمـەند بـووە .

دیوانی"کانتسۆنییێرێ"یەکەی(گۆرانییەکان) بە زمانی ئیتالی، کە ٣٦٦ پارچە شیعر وەخۆ دەگرێت، شوێنێکی زۆر بەرزی لە ئەدەبیاتی ئیتالیدا و ناوبانگێکی جیهانیی هەیە .

شیعری بە ئیلهامی ئەڤینی بۆ" لاورا"خانمـێکە، کە رۆژی ٦ی ئاپریلی١٣٢٧ لە کلیسای سانتکلێر ( بە ئیتالییەکەی : سانتا کیارا) لە " ئاڤینیۆن" لە باشووری فەرەنسا دیتوویە .

ئەمە یەکەم پارچە شیعری ئەو دیوانەیەتی :

**Francesco Petrarca**

**Il Canzoniere, n. 1**

Voi ch’ascoltate in rime sparse il suono
di quei sospiri ond’io nudriva ‘l core
in sul mio primo giovenile errore
quand’era in parte altr’uom da quel ch’i’ sono,

del vario stile in ch’io piango et ragiono
fra le vane speranze e ‘l van dolore,
ove sia chi per prova intenda amore,
spero trovar pietà, nonché perdono.

Ma ben veggio or sí come al popol tutto
favola fui gran tempo, onde sovente
di me mesdesmo meco mi vergogno;

et del mio vaneggiar vergogna è ‘l frutto,
e ‘l pentersi, e ‘l conoscer chiaramente
che quanto piace al mondo è breve sogno.

فرانچێسکۆ پێترارکا                به کوردی دەبێت بە :

گۆرانییەکان، ژمارە ١

ئێوە کە بە قافیەی پرژاو دەبیسن دەنگی
ئەو هەناسەهەڵکێشانانەی کە دەرخواردی دڵم دان
لە تافی هەرزەیی جەوانیدا
کاتێک بەئەندازەیەک غەیری ئەوە بووم کە هەم،

بە شێوەی جۆراوجۆری کە دەگریم و قسەم دەڵێم
لە نێوان هیوای بێهوودە و خەمی بێهوودەدا
لەوانەدا کە بە ئەزموونیان لە ئەڤین دەگەن
هیوادارم بەزە و بەخشین ببینمەوە .

بەڵام بەڵێ، ئێستا بە روونی دەبینم کە لە ناو ئەم هەمووە خەڵکەدا
بووم بە ئەفسانەیەکی کۆن
بە جۆرێک کە زۆرتر هەر شەرم لە خۆم دەکەم؛

شەرمەکەشم بەری پووچییەکانم
و پەشیمانی و، زانینی روونی ئەوەیە
کە خۆشیی دنیا چ خەونێکی کورتە .

## " دەزگیرانەکان "ی مانزۆنی -٨٠-

Alessandro Manzoni, I Promessi Sposi

پێشتر، من لە پتر لە شوێنێکدا باسی گرنگیی" رۆمانی مێژوویی"یم کردووە، دە ئەم رۆمانەی "مانزۆنی"ی سەدەی نۆزدە لە بارەی رووداوانێکی مێژووی دوو سەدەیەک پێش‌خۆی، یەکێکە لە سەرکەوتووترین رۆمانە مێژووییەکانی ئەدەبیاتی ئەوروپا .

ئالێسساندرۆ مانزۆنی، ساڵی ١٧٨٥ لە میلانۆ ( پایتەختی لۆمباردیا) ی ئیتالیا لەدایکبووە . دایکی، کچی نووسەرێک بووە و مەیلی ئەدەبیاتی هەبووە . ئیتر" ئالێسساندرۆ"ش هەر لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە خولیای ئەدەبیات دەبێت . بەرهەمی شیعر و پەخشانی هەبوون، هێندێک زۆر بەناوبانگ بوون و، لە خەباتی نەتەوایەتیشدا لە بزووتنەوەی " ریزۆرجیمێنتو "(ژیانەوە)ی ئیتالیادا دەبێت .

ساڵی ١٨٢٧، دوای چاپی یەکەمی ئەم رۆمانەی "دەزگیرانەکان"ی، ماڵی لە " میلانۆ"ی زێدییەوە دەباتە فیرێنزێ ( فلۆرەنسا، پایتەختی تۆسکانیا) . لەوێ چاک فێری شێوازی ئیتالیی ئەوێ دەبێت و، پێی‌وادەبێت کە دەبێت ئەو شێوازە ببێت بە تەختەی ستانداری زمانی ئیتالی؛ ئەو بناغەیەی کە " سێ تاج"(دانتێ، بۆکاچۆ، پێترارکا) بۆ زمانی ئەدەبیاتی ئیتالییان دانابوو، دەبوو لەسەری بینا بکرایە . ئیدی حەوت ساڵ دوای ئەوە رۆمانەکەی سەرلەنوێ بەگوێرەی شێوازی‌فیرێنزێ دادەرێژ-ێتەوە و،ساڵی١٨٤٢بەم شێوە نوێیەی کە ئێستا هەیە چاپدەکاتەوە . هەر وەک شێوازی فیرێنزێ، لە دوای "سێ تاج" پێویستی بەم دوا قۆناغەی بڕیاری مانزۆنی بوایە، کە ئەوەبوو هات و بڕیارەکەی دا .

خەباتی سەربەخۆیی و یەکێتیی ئیتالیا ساڵی ١٨٦١ بە راگەیاندنی دەوڵەتی پادشایی یەکگرتووی ئیتالیا ( بەڵام بە بێ ڤینیس و رۆما) گەیشت و فیرێنزێ کرا بە پایتەختی کاتی . ڤینیس ١٨٦٦ و، رۆما ١٨٧٠ ئەوجا هاتنە ریزی ئەو دەوڵەتەوە و، رۆما ١٨٧٠ بوو بە پایتەخت . خەمێکی زۆر گەورەی رابەرانی نوێی نەتەوە بریتی بوو لە کێشەی زمانی ستاندار . چ شێوازێک یا چ زمانێک ببێت بە زمانی رەسمیی کیانی نەتەوە ؟ لە چیای ئالپەوە تا سقلیە ئەو هەمووە زمانانە هەبوون ( و

ئێستاش هەن) : پییەمۆنتی، لۆمباردی، لیگوری، کالابری، ڤینیسی و ... چەندی دی .

مانزۆنی ئێستا زۆر بەناوبانگ بوو، سیناتۆر بوو و، دوای ئەوە کرا بە سەرۆکی " کۆمیتەی یەکخستنی زمان " . ئەو وازی لە شێوازی زێدی خۆی هێنابوو، شێوازی شوێنێکی تری ئیتالیای پێ باشتر ببوو و، بۆ ئەوە تەنانەت رۆمانە شاکارەکەی خۆیشی گۆڕیبوو و سەرلەنوێ دایرشتبۆوە، مرۆڤێکی نەتەوەیی بوو، بیری لەسەرووی ناوچەگەرێتییەوە بوو . ساڵی١٨٧٠ هاوشاریی فەخریی رۆمای درایێ و ١٨٧٣ لە زێدی خۆی ( میلانۆ) کۆچیدوایی کرد .

ئەوەی من لە رۆمانی "دەزگیرانەکان"یدا دەبینم : هەستکردنە بە مێژوو و، دەربڕینی ئەو هەستە-یە بە زمانێکی دەوڵەمەند، لە چوارچێوەیەکی زۆر رۆمانتیکدا بەڵام بە بێ هیچ زیان گەیاندنێک بە گێڕانەوەی ئەوپەڕی واقیعییەتی رووداوەکانی مێژوو . مەحکوومکردنی داگیرکەرانی بێگانەیە بە بێ هیچ دروشمێکی نەتەوەیی و، بە لەعنەتکردنی دەرەبەگە چەوسێنەرە ئیتالییەکانە بە بێ هیچ دروشمێکی چینایەتی . میسالییەتی رەوشتی مرۆڤ تیدا، دە بەرگی مەسیحییەتدایە ( نووسەر لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا، دوای قەیرانێکی رووحی، لە مەزهەبی یانیستییەوە ببوو بە کاتۆلیک)، بەڵام لەوێشدا ترسنۆکی و بێهەڵوێستیی پیاوانی ئاینی بە هەمان شێوە مەحکووم دەکات . کارەساتی " تاعوون" باس دەکات کە سەربازی داگیرکەری بێگانە لەگەڵ خۆیان هێناوە؛ بەڵام دڵڕەقی و بێ-شەرافەتیی ئەو ئیتالییانەی کە ئەو هەلەیان بۆ تاڵان و بڕۆ قۆستووەتەوە و کەوتوونەتە گیانی خەڵکی هەژار و دەوڵەمەندی شار و دێهاتی خۆیان، ئێجگار زۆر زیندوو وێنە دەگرێت .

ئەوانە هەموو وەکو یەک تابلۆی پانۆراما لەسەر فەرشی رۆمانێکی ئەڤین دەچنێت. من دوو فیلمی ئیتالیم دیتوون کە لە ئەو رۆمانە دروستکراون، کۆنەکەیان کە رەش و سپییە، پتر بەحەرفی خۆی بە ئەسڵەکەوە بەستووەتەوە .

مانزۆنی لە پێشـەکییەکەیدا دەڵێت کە : رەنگە بتوانین بڵێین مێـژوو بـریتیە لە شـەڕێکی بەناوبانگ لە دژی کات(بەموتڵەق: زەمان). کات،ساڵانێکی خستوونەتە زیندانەوە و هێندێکی هەر کوشتوون. مێژوو دەیەوێت ئەو زیندانییانە بهێنێتە دەرەوە و، بیانخاتەوە ژیان وکارکردن، دیسان لە بەرچاو و لە سەر شانۆ بن و کار بکەن . من لام وایە، مانزۆنی بەو رۆمانەی بە هەق توانیویە ئەو پەیامەی مێژوو بە ئەو ناساندنەی خۆی بگەیەنێت . مێژووی دووسـەدەی پـێش خۆی لە زیندانی کتێبانێک هێناوەتە دەرەوە و، بۆ نەتەوەی نوێی ئیتالیای خستووەتە کارەوە .

فەسـڵی یـەکەم بە وەسفێکی زۆر جوانی ناوچەی دەریاچەی " کۆمۆ" ی باکووری ئیتالیا و شاخ و داخ و گردەکانی دەوروبەی، رێگا و بان و ئاو و بەژ و دێهاتی ناوچەکە دەست پێدەکات. من کە دەیخوێنمەوە، شیعری" فریشـتەی پـەڕیوە "ی " هێمن ئەو بولبولە سەر بێتووکە"م بە بیردا دێت : " گـەڕاوم چۆم و نـواڵە و مێرگ و بژوێن – بە ماهـ و زەردی ئەسـتەم هەڵگەڕاوم ... "، ئەمـیش وەسـفێکی زۆر جـوانی مەڵبەندی خـۆی ( لۆمباردیا) دەکات، کە - زۆر لە جێی خۆیدا- دەقی ئەو وەسفەی، لە سەرەتای فیلمەکەیدا لە پەنا پیشاندانی شوێنەکان دەخوێندرێتەوە .
ئەوجا تاریخ و شوێنی شانۆی دەستپێکردنی بەسەرهاتی ئەڤیندارانی رۆمانەکەمان پێ دەڵێت :
شـوێن : گـوندێک (ناوی نـاڵێت) لە گـوندەکانی دەوری شـارۆچکەی" لێکۆ" ( پەنجا کیلۆمیترێک باکووری زێدی نووسەر) :

" لێکۆ شـارێکی هێندێک گـرنگ، قەڵایەک تێدا کە ئەو دەمە سەربازخانەیەکی هەمیشـە-یی لەشـکری سپانیا بوو . سـەربازان لێرە زۆر جوان دەرسیان بە کچان و ژنان دەدا و، بە داریش پشـتی مێردە سـەیرەکانیان یا بابیان هێندێـک خـتووکە دەدان! و، لە کـۆتـایـی هـاوینانـیشـدا لەبیریان نـەدەچوو بچنە رەزەکان و ترێیان لێ تـەنک بکەنەوە تاکو رەنجی چنینی ترێ لەسەر رەزەوانان سووکتر بکەن! ".

تاریخ : ٧ی نوامبری ١٦٢٨ .

مانزۆنی بۆچی ئەو تاریخەی دوو سەدەی پێش خۆی هەڵبژاردووە ؟

دوای قەیرانی ئابووریی ئەوروپا لە ناوەندەکانی سەدەی شازدەوە، کە ئیتالیا یەکەم وڵات بوو تووشی بوو، سەدەی حەڤدەش بە بەڵا بەدووی بەڵادا رووی لە ئیتالیا کرد . هەر لە شەڕی نێوان عوسمانی و ئێرانەوە( ١٦٢٣-١٦٣٩) کە هەرتک‌لا کووتاڵی زۆریان لە شارەکانی ئیتالیا دەکڕی و ئێستا بەهۆی شەڕەوە بۆیان نەدەکڕدرا، تا بە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەوروپا ١٦١٨- ١٦٤٨دەگات کە ئیتالیا لە جەرگەیدا بوو . لەو شەڕە ماڵوێرانکەرەدا، کە لە کێشەی فردیناندی دووەمی پادشای بۆهێمیا (چیک)وە هەڵگیرسا و زۆربەی ئەوروپای گرتەوە، تەنیا هەر لە ئەڵمانەکان رەنگە پتر لە حەوت ملیۆن پیاوی تێدا کوژرابێت، ئەوەبوو ئەڵمان لە تەواوبوونی شەڕەکەدا خۆیان ناچار دیت بگەڕێنەوە سەر فەرمزنی ( هەر پیاوە، لە جیاتی ژنێک، دووان بهێنێت) چونکە ژن زۆر بوون و پیاو زۆرکەم مابوون . سنووورە سیاسییەکانی‌ئەوروپا وەکو بازیچەی بەدەست منداڵانێکی بێ‌فەڕەوە بوون، گاڵتەیان پێدەکرا، زووـ زوو دەگۆڕدران . دەوڵەتێک بە ناوی ئیتالیا نەبوو، دەوڵەتۆکەی زۆر، ئەمارەتانێک هەبوون کە ناو بە ناوە دەوڵەتێکی تر هێندێکی داگیردەکردن: تۆ ئیتر لەئێستاوە ئوتریشیت، تۆ ئەڵمانیت، تۆ فەرەنسایت ... زۆربەی سەدەی حەڤدە پادشای سپانیا پادشای زێدی نووسەر بووە، کە لە سەرەتای رۆمانەکەیدا ئیشارەتی پێدەکات... چۆن سەربازەکانی پادشا رەزەـ کانیان لە ترێ تەنک دەکردنەوە!

مانزۆنی دوو ساڵی پێش تاعوونی زۆر گەورەی ١٦٣٠-١٦٣١ی هەڵبژاردووە ( کە سەربازی ئەڵمان لەگەڵ خۆیان هێنا ئیتالیا) تا رێگای چوونە باسی ئەو تاعوونە ئامادە بکات. ١٦٢٨ و ساڵی پێش‌ئەوە، وەرزی هەرتک ساڵ زۆر خراپ بوون و، نان بە زەحمەت دەستدەکەوت. داگیرکەراـ نی کە پێویستیان بە وەرگرتنی باجی زۆر بوو بۆ شەڕەکانیان، نەیاندەزانی چۆن ئیدارەی ئابووری

بکەن، مانزۆنی لێرەدا زۆر جوان ئەوە رووندەکاتەوە : بەهۆی وەرزی خراپ، نان گران دەبێت، خەڵک نارەزایی دەردەبڕن، کاربەدەستێک بۆ پێشگرتن بە ئاژاوە فەرمان دەدا بە نانەواخانەکان نان بە هەرزان بفرۆشن، خەڵک شاد دەبن، بەلام نانەوا زەرەر دەکەن و چیتر نافرۆشن، ئەوجا نانەوا دەچنە لای فەرمانڕەوای سپانیی وڵاتەکەیان، شکایەتی لا دەکەن، ، فەرمانڕەوا بۆ خاتری ئەوان گرانی دەکاتەوە، خەڵک پەلاماری نانەواخانەکان دەدەن و هەموویان تاڵان دەکەن : " ئێستا هەرزان بوو، بۆچی لێمان گراندەکەن ؟"، دەچنە خۆپیشاندان، پۆلیس پەلاماریان دەدەن... ئیدی).

سەنعەت لە پاشەکشەدا بوو، مەرکەزی ئابووری چووبۆوە لای کشتوکاڵیدێهات و، ژیانی زۆر لە دێهاتییان، وەکو ئەوەی دەزگیرانەکانی ئەم رۆمانە، لە سەر رستنی ئاوریشم و خوری بوو و؛ رۆژ، رۆژی دەرەبەگی خاوەن زەوی بوو بە کەیفی خۆی زوڵم لە خەڵک بکات .

مانزۆنی، کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی کردووە بە کەرەستەی ئەو رۆمانەی . دیسان، بەڵام بە شێوەیەکی لە کتێبەکانی مێژوو زۆر زیندووتر، ئەو ساڵانە - بە زاراوەی خۆی- لە زیندانی کات دەردەهێنێت، ژیانیان تێدەخاتەوە و، بە زیندوویی، لە فیلمیش زیندووتر پیشانیان دەداتەوە، چونکە لەگەڵ ناوهێنانی زۆر لە مرۆڤەکاندا، زۆر بە قووڵی ناو دڵ و دەروونیان دەکۆڵێت تا بزانین ئەو جۆرە مرۆڤانە بۆچی بوون بە ئەوەی کە بوون. بەنموونە : شوێنێکی گرنگ لە رۆمانەکەدا دەدات بە"راهیبەی مۆنزا" کە دێرنشینێک بووە،١٥٧٥- ١٦٥٠ لە شاری" مۆنزا" ژیاوە و، چیرۆکی زۆر پڕ لە جەنجاڵ لەبارەیەوە هەبوون، تەنانەت گومانی کوشتنی پتر لە یەک مرۆڤی لەسەر هەبووە، چەندین فیلمی ئیتالی لەبارەیەوە دروستکراون . مانزۆنی ژینامەی ئەو دێرنشینەی دۆزیوەتەوە و لێرەدا زۆر بە قووڵایی دەروونیدا رۆچووە : کیژی کە لەلایەن باوکی نەجیبزادەیەوە دەچەوسێند-رێتەوە و بە زۆر دەکرێت بە دێرنشین، تاکو هەموو میرات هەر بۆ براکەی بێت، زۆر بە تەعەسوب و وشک زیپکوزاکوونیی دێرەکەی رادەگرێت، بەڵام ئەوە کاری بە "رووح"ی نەداوە، رووحی راهیبە - بەخۆی بزانێت یا نەزانێت - لە تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێت؛ " مرۆڤ" غەدری لێ

کردووە، بەڕاستی باوک زۆر غەدری لێکردووە، ئەویش دەچێت غەدر لە کیژێکی بێگوناهی کە پەنای پێبردووە دەکات، کیژێک کە هیچ پێوەندییەکی بەو غەدرەوە نیە کە لە راهیبە کراوە .
ئەوە چیرۆکەکەی " بێنەوایان "ی " ڤیکتور هوگۆ"مان وەبیردەهێنێتەوە، کە زیندانیی چەوساوە لە زیندان دەردەچێت، هەر وا لەخۆوە بە ڕێگاوە ئەزیەتی منداڵێک دەدات، بۆخۆیشی نازانێت بۆچی ئەزیەتی ئەو منداڵە بچکۆلەیە دەدات کە نە دەیناسێت و نە هیچ گوناهێکی کردووە .
مانزۆنی، لێرەدا پێوەندیی دەرەبەگ و پیاوکوژەکانی پیشان دەدات کە چۆن هەر کە دەرەبەگ لێی-قەوما، یەکەم کەسی کە تاڵانی دەکات و تەوهینی پێ دەکات ئەو چەکدارەی خۆی دەبێت کە پێشتر خەڵکی بۆ کوشتووە ... زۆر لەو وێنە ئینسانییانەی قووڵبوونەوە دە رووحی مرۆڤ و پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان لەم رۆمانە ٨١١ لاپەڕەییەدا بە داڕشتنێکی زۆر جوان دەخوێنینەوە .
ناوانێکیتریش، هەر هی ئەو تاریخەی هەڵبژاردووە لە رۆمانەکەدا دەبینین کە دەوریان دەدرێتێ، بە نموونە : کاردینال " فێدێریگۆ بۆررۆمێۆ" ١٥٦٤- ١٦٣١، کە دەورێکی زۆر ئینسانییانەی لەو رۆژە سەختانەدا دیتووە و، ئێستا پەیکەری گەورەی بۆ دروست کراوە .
کە من ئەوانە دەخوێنمەوە، دەڵێم چەند زیرەکانە ساڵێکی چەندە پڕ لە رووداوان و کەسانێکی مێژووی وڵاتەکەی هەڵبژاردووە، بەڵام دیسان دەڵێم چ مەعلووم هەر قۆناغێکی هەڵبژاردایە نەیدەتوانی بە هەمان شێوە ساڵە زیندانییەکانی لە زیندان دەربکات، بگرە ساڵانێکی کوژراویشی زیندوو بکاتەوە ... ئەوەیە رۆمانی مێژوویی .

کەواتە :

لە یەکێک لەو دێیانەی دەوروبەری" لێکۆ"، ئێوارەی ٧ی نوامبری ١٦٢٨، کەشەی دێ " دۆن - ئابۆندیۆ" لە پیاسەیەک گەڕایەوە ماڵ، دیتی دوو پیاو لە پێش ماڵەکەی چاوەڕێی دەکەن . لە سەرو-شکڵ و بەرگ و دەمانچە و خەنجەر و شمشیری پێیانەوە، روون بوو کە "براڤۆ"(چەکداری پیاوی

نەجیبزادە و زۆرداران ) بوون . حاڵەتی ترس و پەشۆکانی کەشەی

" کە دەیزانی خراپترین حاڵ لەو سەردەمەدا، حاڵی ئەو حەیوانە بوو کە

نە چنگی هەبوو و نە ددان و، ئا بە ئەو حاڵەش حەزی نەدەکرد بیخۆن "،

وەسفێکی زۆر بەهێزی ئەو دۆخەی ترسی کەشە لەو کاتە سامناکەدا دەکات . ئەوجا ئارشیفی مێژووی چەند دە ساڵی پێشتری ئەو براڤۆیانە دەکاتەوە و، ئاڵۆزیی گلۆڵەی سیاسەتی نەجیبزادان و کاربەدەستانی کە بە زۆر قانوونی زۆر زبر هیچیان تێدا بۆ سزادانی ئەو براڤۆیانە نەدەهێشتەوە، بەڵام ئەو لافانە هەر بەشێک لە گەندەڵی بوون و، براڤۆی دەرەبەگان هەر دەستیان کراوە بوو . گفتوگۆی نێوان کەشە و ئەو دوو براڤۆیە، وێنەیەکی زۆر چاکی دنیای ئەوانە پێشکەش دەکات . دوو براڤۆ بە کەشە دەڵێن : تۆ دەتەوێت بوونە ژن و مێردی" لوچیا مۆندێللا"(کیژی جەوانی دڵبەر) و" رینزۆ ترامالینۆ" ( کوڕی جەوانی دڵداری) بەجێبهێنێت ؟... دە ئەوە نابێت نە سبەی روودەدات و نە قەت؛ ئەوە فەرمانی " دۆن رۆدریگۆ "یە و ... ئیتر خۆت دەزانیت ئەگەر قسەی بشکێنێت چیت بەسەر دێت . ( تومەز دۆن رۆدریگۆی دەرەبەگی زۆردار، لوچیای بۆخۆی دەوێت) .

نووسەر دیسان دەچێتە قووڵایی سایکۆلۆجیەتی کەشەوە،عوقدەکانی کەشە لە شێست ساڵییەتەمەنیدا، لێنۆڕینی نێوانی ئەخلاق و واقیعی ژیان لە سەردەمێکدا کە ئەخلاق لە دنیای واقیعدا بە دەگمەن شوێنی دەبێتەوە، بەهانەی رووحیی کە کەشە لە دڵی خۆیدا بۆ ترسنۆکیی خۆی دەهێنێتەوە لە ئاست ئەوانەدا کە وەکو ئەو ترسنۆک نین .

ئێستا کەشە چی بە دەزگیرانەکان بڵێت ؟ بڵێت بۆچی بە ژن و مێردیان راناگەیەنێت ؟

" ئەو منداڵە گەورانەی، چونکە هیچی دیکەیان بۆ سەرگەرمی نیە، دەچن

حەز لە یەکتر دەکەن و دەیانەوێت ببن بە ژن و مێرد، ئاخر ئەوانە چ لە

حاڵی کەشە بەدەست زۆردارەوە دەگەن ها ؟ "

چەند لاپەڕەی رۆچوون لە دڵ و مێشکی کەشە .




« تۆ بەتەمایت سبەی هاوسەریی رێنزۆ ترامالینۆ و لوچیا مۆندێللا بەجێبهێنیت! »

دەزگیرانەکان

فەسڵ ١

کەشە دێتەوە ماڵ و، دەرگا لە پشت خۆی بە کلیل چاک دادەخات . کەشە " پێرپێتوا"ی لە ماڵ هەیە ( " پێرپێتوا" بە کارەکەرێک دەگوترێت کە کاری کەیبانووی ماڵ بۆ کەشە هەڵدەسووڕێنێت) .

پێرپێتوا، تەمەنی لە سییەکان بۆ چل هەڵکشابوو و، قەت مێردی نەکردبوو، چونکە بە قسەی خۆی رازی نەبووە مێرد بەو پیاوانەی داوایان کردووە بکات، یا بە قسەی دەستەخوشکەکانی چونکە کەسێک نەبووە دووجار سەیری بکات!

نووسەر نێوانی کەشە و پێرپێتواکەی زۆر ورد باس دەکات، کە پێرپێتوا چەندە شارەزای رووحی کەشە بوو و، هەر بە سەیرکردنێکی دەیخوێندەوە و، لێرەدا کە وا شپرزەی دەبینێت، لە دوایيدا ناچاری دەکات دڵی بۆ بکاتەوە . تاقە ئامۆژگارییەکی پێرپێتوا بە بیریدا دێت و پێی دەڵێت ئەوەیە کە کەشە بە نامەیەک باسی ئەو کێشەیە بۆ گەورەی مەترانەکان بنووسێت، کە ئەو مرۆڤێکی زۆر دادپەروەر و لە خوا ترس و لە خەڵک بێباکە . کەشە ئەو شەوە هیچی پێ ناخورێت و، دەبێت تا بەیانی بیری لێ بکاتەوە، بەڵام بیری چی ؟ چۆنی لێ دەرچێت ؟

شەوەکە هەر خەونی زۆر خراپ دەبینێت .

سبەی دیارکراوە دەزگیرانەکان بە ژن و مێرد بکات .

سەرلە بەیانیی ٨ی مانگ،"رێنزۆ" دێتە ماڵی کەشە تا بزانێت سەعات چەند مەراسیمی هاوسەریی خۆی و لوچیا خانمی دەزگیرانی بەجێ دێت ... کە کەشە دەڵێت ئێستا نابێت... رێنزۆ لە دەرچووندا لە دەمی پێرپێتوای زۆربڵێی دەبیسێت کە دەڵێت :

" بە هەژار لەدایکبوون چ شتێکی خراپە رێنزۆ گیان"

رێنزۆ دەگەڕێتەوە و، لە دواییدا کەشە ناچار پێی‌دەڵێت لەکوێوە هەڕەشە کراوە و، رێنزۆش ئیتر دەچێت حاڵەکە بۆ لوچیای دەزگیرانی باس‌بکات، لوچیای کە لە ناو ئاپۆرەی میوانانیدایە و، هەموو شاد و بەکەیف چاوەڕێی زەماوەند دەکەن .

رێنزۆ، بە ئامۆژگاریی دایکی‌دڵبەری، دەچێتە لای پارێزەرێکی‌بەناوبانگ، کە مانزۆنی نازناوێکی

سەیری بۆ دادەتاشێت : " گرێپووچکەکەرەوە"!، کە سەرەتا بە گەرمی پێشوازیی لێدەکات، وا دەزانێت براقۆیەکە و تووشی سەرێشەی دادگا بووەتەوە، بەڵام کە دەزانێت وا نیە و، دەبێت لە سەر چەوساوەیەک بکاتەوە و رووبەڕووی دەرەبەگی زاڵم ببێتەوە، هەر بە پاڵ وەدەریدەنێت... ئەوەش چینی ناوەندی لەوسەردەمەدا .

دڵبەر و دایکی هاواریان دەگەیەننە کەشەیەکی نموونەیی، کریستوفۆرۆ، کە لە رۆمانەکەدا دەوری قارەمان دەبینێت .

کریستوفۆرۆ کێ بوو ؟ چۆن لە نەجیبزادەیەکی بە غروور و قۆڕەدەماغەوە کە لە سەر شتێکی تورەهات کەسێکی کوشتووە و کەسێکی لێ کوژراوە، بووە بە پیاوێکی پیرۆزی کە پشتی لە دنیای ماددی کردووە و ژیانی خۆی بۆ یارمەتیی هەژاران و تەحەداکردنی زاڵمان تەرخان کردووە .

ئیدی وەکو شەقامەکانی پاریس و چیرۆکەکانی هەزارویەک شەو، لە هەر گۆشەیە کە وادەزانیت لەوێ کۆتایی دێت، شەقامی تر و چیرۆکی تری کەسانی ترت بۆ دەکرێتەوە ... چیرۆک لە چیرۆ-کدا، کە هەرکامەیان بەجیا هی رۆمانێکە، هی سیناریۆی فیلمێکە، هەر بە سەربەخۆیی کیانێکە .

دوای رووداوانێکی پڕ لە هەراوهوریا، کە هەم پیلانی دەزگیرانەکان بۆ فێڵکردن لە کەشە و، هەم ئەوەی" رۆدریگۆ"ی زاڵم بۆ رفاندنی لوچیا سەرناگرن؛ کریستوفۆرۆ، لوچیا و دایکی لە رێگای کەشەیەکی ترەوە دەگەیەنێتە دێری" راهیبەی مۆنزا" و، رێنزۆش بە تەنیا رێگای میلانۆ دەگرێتە بەر. میلانۆ بەهۆی تاڵانکردنی نانەواخانەکانەوە شێواوە و، رێنزۆش تێوەدەگلێت، پۆلیس دەیگرن، بەڵام لەدەستیان رادەکات و، دەچێتە لای ئامۆزایەکی لە شوێنێک و بە ناوێکیتر لەوێ دەمێنێتەوە .

ئەوجا رووداوانیسیاسی :" لویی١٣ "ی فەرەنسا و "کاردینال ریشێلیۆ" لەشکریان نارده " مانتوڤا" ( مانتوا )ی ئیتالیا بۆ پشتگیریی فەرمانڕەوایی لایەنێک لە بەرانبەر لایەنێکی تر، ئەوەکەی تریش لەبەرانبەردا لەشکری ئەڵمانی فریا کەوت، رێگای لەشکری ئەڵمان بۆ ئەو شوێنە بە گوندی

دەزگیرانەکان و، ئەوجا بە میلانۆدا تێدەپەڕی . ئا، لەو رێگایەدا تاعوونیان لێ بڵاوبۆوە . سەرەتا-کانی ١٦٣٠، تاعوون لە سەرتاسەری رێگای لەشکری کە ئەڵمانی پێدا رۆیشتبوو لەبەرچاو بوو : بە هاسانی دەتزانی لەشکر بەکوێدا رۆیشتووە، بە رێگادا بەدووی کەلاکی مردووانەوە برۆیشتیتایە، کە بە سەر رێگاوە ریز ببوون، ئەوە رێگاکەیان بوو .

سەرەتا، هەر هەژارەکان لە میحنەتدا بوون، بەڵام بەزوویی دەوڵەمەندەکانیشی گرتەوە، تەنانەت تاعوون بۆ ژیان و ئاسایشی‌دەوڵەمەندان خەتەرتریش بوو. مارتی١٦٣٠، ژمارەی چارەگە ملیۆنی خەڵکی میلانۆ هاتبووە سەر ٦٤ هەزار . شازدەهەزار مەرکەزی بە زۆر گلدانەوەی تووشبووانی تاعوون دامەزرابوون، کە هیچ شەرتنەبوو کەسێک تاعوونەکەی بگرتایە تا بەزۆر بیبەنە یەکێک لەو مەرکەزانە، نا . لەوکاتەدا شتێک بە ناوی " مۆناتتو " پەیدا بوو، بەوانە دەگوترا کە لاشەی مردووانیان کۆدەکردنەوە، یا بە زۆر خەڵکیان دەگەیاندە مەرکەزێکی گلدانەوە ." مۆناتتو" دەرگای ماڵیان دەشکاند و، ماڵیان بۆخۆیان تاڵان دەکرد و، ئەگەر خاوەنی ماڵ دەمی‌بکردایەتەوە و بیگوتایە خۆ من ساغوسەلیمم و هیچمنیە، جلوبەرگ یا لاشەی مردوویەکی تاعوونیان پێدا دەدا و دەیانگوت: دەی ئەوا ئێستا تۆش گرتتەوە ... دە برۆ دەی پێشمانکەوە . لێرەدا ئەو زاڵمەی کە ببووە چقڵی مەم و زینان پەتا دەیگرێتەوە، پیاوەکەی خۆی دەچێت " مۆناتتو"ی بۆ دەهێنێت و پێکەوە تاڵانی دەکەن و هەرچی هەیەتی دەیبەن و، خۆیشی دەبەنە مەرکەزێکی بەزۆر گلدانەوە .

" رێنزۆ" ش دوور لە دەستی مۆناتتوکان دەیگرێتەوە و چاک دەبێتەوە و، دەچێتە میلانۆ، یەکێک لەو دیمەنانەی دەیانبینێت :

> " مۆناتتو، کەلاکان کۆدەکەنەوە و فڕێیان دەدەنە عارەبانەیەکەوە،گەیشتوونەتە بەر دەرگایەک، ژنێکی جەوان تەرمی کیژۆڵەکەی کە تەمەنی بە زەحمەت بکرێت لە نۆ ساڵ پتربێت دە باوەشدایە . مۆناتتو دەیەوێت لێی وەرگرێت، ژنەکە دەڵێت : نا، لێمی مەستێنە، من خۆم بەدەستی خۆم دەیخەمە سەر عارەبانەکە . ئەوجا پارەیەک

دەدات بە مۆناتتۆکە و کیژۆڵەکەی دەخاتە سەر کەلاکەکانی تری سەر عارەبانەکە و بە تەرمی کیژۆڵەکەی خۆی دەڵێت : خودا حافیز چیچیلیا، بە ئارامی بحەسێوە، ئەم ئێوارەیە ئێمەش دێینە لات تاکو هەمیشە پێکەوە بین . بە مۆناتتۆکەش دەڵێت : ئـەم ئێوارەیە وەرەوە منیـش بەرە، نـەک هـەر من بـەتـەنیا. دەچێتەوە ژوورەوە و دەچێتە بەر پەنجەرە، منداڵێکی بچکۆلەی لە باوەشدا، هێشتا زیندووە بـەڵام پـەتای پێوە دیارە . "

لوچیا خانمیش، دوای رووداوانێکی زۆر لەوبەینەدا، رفاندنی و رزگاربوونی و تووشبوونی پـەتا و چاکبوونەوەی ...، رێنزۆ لە مەرکەزێکی بەزۆر گلدانەوەدا دەیدۆزێتەوە و، "کریستۆفۆرۆ" دیسان لەوێ پەیدا دەبێت و زۆر یارمەتییان دەدات ( گەردنی لوچیا لە نەزرێکی کە کردوویە ئازاد دەکات تاکو بە دڵبەری بگات).کەسانێکی باش دێنە سەر شانۆی رووداوان و،هەمان کەشەی ترسنۆکی کە پێشوو نەیوێرابوو بە ژن و مێردیان رابگەیەنێت، ئەمجارەیان دەیکات و، چیرۆک بە سـەرکەوتنی چاکەکان و ئەڤینداران کۆتایی دێت .

رەنگە هیچ زمانێک لە دنیادا ئەوەندەی زمانیعارەبی وشەی لە زمانانی تر وەرنەگرتبێت، بەڵام زۆر وشەش لە زمانی عارەبییەوە، سا هەر بە ئەسڵ عارەبی بووبن یا عارەب لە زمانانی تریان وەرگرتبووبن، کەوتوونەتە زمانانی ترەوە . زۆر وشەی عارەبی لە زمانی ئیتالیدا هەن . من دەوری چوارسەد و ئەوەندە وشەی ئیتالیم دیتوون کە - بە قسەی ئیتالییەکان- لە زمانی عارەبی وەرگیراون، بەڵام پێم وایە ژمارەکەیان دەبێت زۆر لەوە پتر بێت. هەرچەندە ئەو ئاڵوگۆڕکردنانەی وشە زۆر پێش عوسمانییەکان بوون؛ بەڵام دوای ئەوەش کە دەوڵەتی عوسمانی دامەزراوە، زۆر وشەیعوسمانی چوونەتە زمانیئیتالییەوە کە بەشێکیگرنگیانعارەبی بوون و، زۆر وشەی زمانی ئیتالیەش کەوتوونەتە ئیمپراتۆرییعوسمانییەوە و، لەو ڕێگایەوە بە زمانی عارەب و کوردیش گەیشتوون .

من هێشتا هیچ کارێکم لە سەر ئەو باسە نەکردووە، بەڵام هەر بە ڕێکەوت، لە خوێندنی زمانی ئیتالیدا تووشی هێندێک وشە بووم، کە لە رووی پێوەندییان بە زمانی" کوردی"یەوە سەرنجیان ڕاکێشام، کە لێرەدا چەندێکیان دەنووسم :

یەکەم وشەی تووشی بووم : "scena شێنا"ی ئیتالی بوو، واتا : شانۆ . شێنای ئیتالی، لە نووسینی عوسمانیدا بووە بە " شانو"، رەنگە بە " شانۆ" خوێندرابێتەوە چونکە ئێستا بە نووسینە لاتینەکەی تورکیا بە" شانۆşano"ی دەنووسن . ئیتر بەمجۆرە کەوتووەتە کوردییەوە. وشەی"سین scene"ی ئینگلیسیش لە هەمان وشەی ئیتالی وەرگیراوە . ئیتالییەکە لە" سکێناscaena "ی لاتین و، لاتینەکە لە "سکینی σκηνη " ی یونانییەوە هاتووە، بە هەمان مانای scene و stage ی ئینگلیسی .

ریشـەی وشـەی calcio کالچۆ و calciatore کالچاتۆرێ ( یاریی تۆپێپێ و یاریکەری تۆپێپێ) و calze و calzini ( گۆرەوی)، پێوەندیی بە calceus و calx ی لاتینەوە هەیە، واتا : چەکمە، یا : پێڵاوێکی چـەرمی تـەواو( کە هـەموو پێ داپۆشێت، نەک سەندال) . من نێوانی ئەوە و " کاڵە "ی کوردی سەرنجم رادەکێشێت .

خـوێندنەوەی لاتینی ئەو وشانە لە نێوان ئیتالیا و هۆڵەندادا وەکو یەک نین، هۆڵەندی لەسەر یا زۆر نیزیک لە رێبازی " ئیـرازمـوس" دەیخـوێننەوە، ئیتالی بە نیزیک لە خـوێندنەوەی ئیتالیی ئێسـتای خۆیانی دەخوێننەوە (دەڵێن" ئیرازموس"یش خۆی هەر وەکو هۆڵەندیی خوێندووەتەوە) . ئێمە هەر لە نووسینەکان دڵنیاین، نازانین چۆن خوێندراونەوە و بیرورای جیاواز بۆ ئەوە هەن. من ئاگاداری هەر دوو شێوەی خوێندنەوەیان هەم، بەڵام باسی ئەوانە لێرەدا بە پێویست نابینم .

sgabello زگابێللۆ ی ئیتالی( لە لاتین)، لە عوسمانیدا کراوە بە : اسکملە . لە کوردیدا بووە بە : ئەسکەمل، ئەسکەملی .

basta ی ئیتالی ( و ئینگلیسی و سپانی و پۆرتوگالی و ... ئیدی) لە کـوردیدا : بەسە . ئـەوانە لە لاتینیان وەرگرتووە، لاتینیش لە " باستازۆ βασταζω "ی یونانیی کۆن .

francobollo بە ئیتالی واتا : پـوولی بـەریـد( پـۆسـت) . لە لاتین : franco واتا هـەقـی پـارەی گـومرکی ( چیتر) لە سەر نیە (ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە پارەکە دراوە)، بۆللۆ bollo واتا " مۆر" (تەمغە) . لە عوسمانیدا نووسراوە : پولو . لە کوردیدا بووە بە : پوول .

cappotto بە ئیتالی واتا : پاڵتۆ . لە عوسمانیدا بە دوو شێوە نووسراوە : قاپوت، قپوط .

عارەبی عیراق دووەمەکەیان وەرگرتووە : قپوط (قەپووط)، لە کوردیدا : قاپووت .

avvocato ی ئیتالی، لە advocatus ی‌لاتین، لە عوسمانیدا نووسراوە : آووقات .

من لە سلێمانی بە هەرتک : " ئەوقات" و "ئاڤۆکاتۆ" م بیستووە .

(" کاکە سوور"ی کۆیێ دەیگوت من یەکەمجار وشەی " پارێزەر"م بەکارهێناوە) .

cucciolo کوچۆلۆ بە ئیتالی بە رادەی یـەکەم واتا : گوجیلە( بێچووی ساوای سەگ)، دوای ئەوە وابووە بە بێچووی ساوای رێوی یا هێندێک حەیوانی تریش گوتراوە .

passeggiata پاسێجاتا واتا : پیاسە .

guancia گوانچا بە ئیتالی واتا " گۆنا" (کولم) . ئەوەی لێرەدا سەرنجم رادەکێشیت ئەوەیە کە ئەم وشەیە لە wanga ی ئەڵمانییەوە هاتووە ( ئێستا : wange، بە هۆڵەندی : wang) . چۆن ڤانگا و گۆنا هەڵگەڕاوەی یەکترن .

liscio لیشۆ بە ئیتالی واتا : لووس . بە چـەند زمانی ئـەوروپایی تریش لەو ئیتالییە نیزیکە، ئەسڵە یونانییەکەی : λισσος لیسسۆس .

لە رستەیەکدا بۆ جاری یەکەم وشەی " ئەنگوریا"م دیت، نووسرابوو : ئەنگوریا anguria خۆشە، گوتم دەبێت باسی ترێ بێت ؟ کەچی دەرچوو ئەنگوریا بە ئیتالی " شووتی" بووا!

# Le Dinyay Dante u Dewruberî

u

Çend

Basêkî tirî

Kilîsa

u

Edebyatî Îtalî

Şêrko Hejar

2018